# هاوكاری نەكردنی ئابووریيانە

جامعة "أونور"، المكتب الإداري:
لبنان، بيروت، ص. ب ٥٧٧٢ ١٧ – الجميزة
هاتف/ فاكس: 445333 1 (0) 00961
الهاتف الخلوي: 111382 70 00961
الموقع ألكتروني: www.aunohr.org

إسم الكتاب: عدم التعاون الإقتصادي
تأليف: جين شارب
ترجمة: جورج مدبك (من الفرنسية الى العربية)
مراجعة: وليد صليبي
إصدار الطبعة العربية: حركة حقوق الناس ١٩٩٧، بيروت
ترجمة: عمر علي غفور (من العربية الى الكردية)
إصدار الطبعة الكردية: دار آراس للطباعة والنشر ٢٠١٣، أربيل، إقليم كردستان العراق

جین شارپ

لە ئەزموونی گەلانەوە لە ڕووبەڕووبوونی شارییانەدا

# هاوکاری نەکردنی ئابوورییانە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
عومەر عەلی غەفوور

AUNOHR

پڕۆژەی هاوبەش

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

جین شارپ
هاوکاری نەکردنی ئابووری
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٧٥
چاپی یەکەم ٢٠١٣
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٤٩ – ٢٠١٣
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد. شاخەوان کەرکووکی

## زانكۆی "ئۆنور"

دامەزراوەیەکی ئەکادیمیایی نوێیە، یەکەمین زانکۆی لەو جۆرەیە لە ناوچەکەدا و لە دنیادا بێ هاوتایە، خاوەنی بیرۆکەکەی و دامەزرێنی زانکۆکە برێتی لە دوو بیرمەند و خەباتکاری پێشڕەوی ناتوندوتیژی لە ناوچەکەدا: دکتۆر وەلید صەلیبی و دکتۆر ئۆغاریت یۆنان.

لە ساڵی ٢٠٠٩دا، خەونی دوو دامەزرێنەکە هاتە دی و یەکەمین ئەزموونی نموونەیی پرۆژەی زانکۆیەکەی دەستی پێ کرد، بۆ ئەوەی ببێتە سەرتۆپی بەرهەمی شارەزاییەکی بیرمەندانە و کۆمەڵایەتیی پێشڕەو لە لبنان و ناوچەکەدا بەدرێژاییی ٣٠ ساڵ.

پرۆگرامەکانی "ئۆنور" نۆ پسپۆڕێتی لەخۆ دەگرن، زۆربەیان داهێنەرانە و نوێن لە بواری فێرکردنی زانکۆیی لە ناوچەکە، کە قوتابی تیایدا بڕوانامەی دەرچوون لە گشت نۆ پسپۆڕییەکە وەردەگرێ کە برێتین لە: فەلسەفە و توانەکانی ناتوندوتیژی، فەلسەفە و توانەکانی پەروەردەی ناتوندوتیژ، شانۆی پەروەردەی ناتوندوتیژ، فێرکردنی ناتایەفەگەرانە و پەروەردەی مەدەنی، بەڕێوەبەردنی کێشە و ناوبژیوانیی ناتوندوتیژ، ناتوندوتیژی و ئاینەکان، کولتوور و فێرکردنی مافەکانی مرۆڤ، ڕێچکەکانی ڕاهێنان و فێربوونی چالاک، بەیەکگەیشتنی ناتوندوتیژ و توانەکانی ڕاگەیاندن.

لە دەوری "ئۆنور"دا بازنەیەکی ئەنجوومەنی ڕازگرانی بیرمەندانەی جیهانی دروست بووە، لە فەیلەسووفان و هەڵگرانی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی و بانگەوازکارانی ناتوندوتیژی، لەگەڵ ئەنجوومەنێکی دۆستانی ناوخۆیی کە ناوچەکە بەگشتی لەخۆ دەگرێ، لە کەسایەتیی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری و لە دنیای کار، ئەوانەی کە باوەڕیان هەیە بەم کولتوورە و بەخەونی زانکۆیەکە و کاریگەریی بنەڕەتیی لە بنیاتنانی مرۆڤ و پەروەردە و چارەنووسێکی

باشتر بۆ کۆمەڵگەکانی ناوچەکە.

ئەم زانکۆیە خاوەنی ئەنجوومەنێکی مامۆستایانی لە چەندان لای دنیاوە و بێگومان لە لبنان و ناوچەی عارەبانیشەوە، لەو مامۆستایانەی کە پێشەنگن لە کۆمەڵگەکانی خۆیان و لە دنیادا لە بواری بنیاتنانی ئەم ڕۆشنبیرییە و لە دانان و بڵاوکردنەوەدا و لە ڕاهێنانیش لەسەری و دارشتنی بابەتی ئەکادیمیایی لەبارەیەوە.

قوتابییانیشی خەڵکی وڵاتانی ناوچەکەن، لە لاوان و مامۆستایانی زانکۆ و بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە و ڕێکخراوگەلی مەدەنی و ڕاهێنەرانی کۆمەڵایەتی و لە پارێزەران و ڕاگەیاندنکاران و نوێکەرەوە و ڕۆشنبیرەکانی دامەزراوە ئایینییەکان و کارمەندانی کۆمپانیاکان و کادرانی وەزارەت و بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان... هتد.

وانەکان تێیدا دوو ساڵ دەخایەنن، بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠٠ سەعات خوێندن، وانەکانیش بریتین لە: وانەگەلی ڕێخۆشکەر، وانەگەلی تایبەتمەند لە بارەگەی زانکۆیەکەدا، وانەگەلی پشتگیریی لە ڕێی ئینتەرنێتەوە online، ئامادەکردنی وتار و دەقی توێژنەوەئامێز لە بواری بیری ناتوندوتیژدا، کارگەلی پیادەکارانە و، تێزێکی کۆتا.

بڕوانامەی ماستەر دەدا و، لەوێوە ئامادە دەبێ بۆ دانی بڕوانامەیەکی دکتۆرای پێشەنگ لە دنیادا.

هەروەها "ئۆنور" خاوەنی مەڵبەندێکی ڕاهێنانی بەردەوام و خوێندنی بەردەوامی پێدراوە Training Institute for Continuing Education، پشتیشی بە شارەزاییەکی پێشەنگانەی دامەزرێنەرانی زانکۆکە لە بواری ڕاهێناندا ئەستوورە، لەبەرئەوەی هەردووکان دامەزرێنەری ڕاهێنانی نوێن لە لبناندا لە نێزیکەی ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستاوە. لەڕێی ئەم مەڵبەندەیشەوە، ڕێگە بەو کەسانە دەدرێ کە گرینگی بە ڕاهێنانی پیشەوەرانە دەدەن، کە ژمارەیان زۆرە و لەزیادبوونیشە، کە بتوانن بێنە ناوەوە بۆ خوێندنی بابەتی دیاریکراو و لە ئاستێکی ئەکادیمیایی جیهانیدا و، دیپلۆمای زانکۆیی بەدەست بهێنن.

"ئۆنور" پابەندە بە یاسای لبنان- وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی باڵا، لەگەڵ

ڕێککەوتننامەگەلی هاوکاری لەگەڵ زانکۆگەلی دەرەکی بەتایبەتی زانکۆکانی ئەورووپایی بەمەبەستی هاوشانکردنی بڕوانامە ناوەخۆییەکانی.

"ئۆنور" کار دەکا بۆ دابینکردنی پێوەندیگەلی هاوکاری و ئاڵوگۆڕکارانە لەگەڵ زانکۆیەکانی ناوچەکەدا. هەروەها دەستی کردووە بە داخڵکردنی بابەتگەلی ئەکادیمیاییی نوێ لە زانکۆکانی تردا و ئەوانەی ئارەزووی ئەمە دەکەن، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەم کولتوورە و بەدامەزراوەکردنی و پاڵنانی بۆ ناو چەقی بوارگەلی زۆر و جیاجیای خوێندن.

ئامانجی زانکۆی ناتوندتیژی و مافەکانی مرۆڤ بریتییە لە پێشکێشکردنی فێرکردنێکی ئەکادیمیاییی خاوەن ئاستی ناودەوڵەتی و لەو تایبەتمەندیگەلی پێشەنگانەدا کە بوونەتە کرۆکی پێویستییەکانی کۆمەڵگەکان و بواری پیشەوەریی بەجۆرایەتییان هەیە، هەروەها ئامادەکردنی وزەی بەرزی پیشەوەر بۆ گۆڕینی کۆمەڵایەتی لە هەر وڵاتێک لە وڵاتانی ناوچەکە.

"بەهیوای ئەوەی لە کۆتاییدا کولتووری ناتوندوتیژی بتوانێ بەرگی ئەستوورەی ئەو هەورە ڕەشانە ببڕێ کە لە گرتیگەی دڵەڕاوکە و توندوتیژی و بێهوودەییدا ئێمەیان گەمارۆ داوە، تاوەکو بتوانین پێوەندی ببەستینەوە لەگەڵ هەتاوێکدا کە لە بانگکردنمان گشت بەیانییانەک کۆڵ نادا."

د. وەلید سلێبی

## ناتوندوتیژی بە زوانی کوردی

کارێکی کولتووریی، پەروەردەیی و ئەکادیمیاییە، دیارییەکی واتەییە بۆ گەلێک کە چاوی لە ئاشتی و دادوەری و کولتووری ناتوندوتیژییە، لە پاش توندوتیژییەکی تاڵ کە بۆ چەند نەوەیەک بووبووە مۆرکی مێژووەکەی.

لە هەر جێیەک بین لەم دنیایەدا، وا دەردەکەوێ کە ئێمە مێژووی شەڕەکان و توندوتیــژی دەزانین، بەڵام بەکەمی ئاگەداری ڕووەکەی تری مــێــژووین. ڕووە ناتوندوتیژەکەی. مێژووی هەموو گەلێک و هەموو کۆمەڵگەیەک، بەدرێژایی کات و شوێنەکان، چەندان هێما و ئەزموون و کاری تێدایە کە ناتوندوتیژییان بەرجەستە کردووە و باوەڕیان بە بنەواکانی هێناوە و، زۆربەیان بەداخەوە پەراوێز خراون یان نەزانراون و چاوەنواڕی ئەوانەن کــە بیــاندەنە بەر ڕووناکی، بیــانخــەنە پێش پەنجەرەی زانین و بڵاوکردنەوەی وشیاری بەدەوریاندا.

ئا ئەمەی ئەرکی توێژەر و بیرمەند و بڵاوکەرەوەی ڕۆشنبیر. بێگومان ئەرکێکی پێشەنگانەیشە.

لە مێژووی کوردستانی عێراقیشدا، بۆ ئەوانەی خوێندنەوە بەچاوێک دەکەن کە شارەزای بناخەکانی ناتوندوتیژین و ئاگەداری وردەکارییەکانی ڕووداوەکانن،

وێستگەگەل و وشەگەل و هەڵوێستەیل هەن کە لە کرۆکی ئەم کولتوورەدان و لێیەوە نێزیکن، ئەگەریش کە لەلایەن هۆکارگەلێکەوە ئابڵوقە درابن کە بەسەر ژیانی گەلاندا تێپەڕ دەبن و پێشرەویی ناتوندوتیژی دوادەخەن یان ئەنجامدانەکانی خاو دەکەنەوە.

زنجیرەی وەرگێڕانە کوردییەکانی ناتوندوتیژی بۆ کوردی، بریتین لە کۆمەڵێکی بژاردە لە زنجیرەی وەرگێڕانە عارەبییەکانە لەبارەی ناتوندوتیژییەوە، ئەو زنجیرە عارەبییە پرۆژەیەک بوو کە دکتۆر وەلید سەڵیبی دەستپێشخەریی بۆ کرد و سەرپەرشتیی وەرگێڕەکانی کرد و هەندێ لە کتێبەکانیشی وەرگێڕا، ئەویش لە ساڵی ١٩٩٣وە، کە بۆ ئەم زنجیرەیە یەکەم ٢٠ کتێبی لەبارەی ناتوندوتیژییەوە لەناو دیارترین ٧٥ سەرچاوەی جیهانی کۆ کردەوە.

ئەو وەرگێڕانانە، ئەمڕۆ لە زوانی عارەبییەوە دەخرێنە سەر زوان کوردی. ئەمانە دیارییەکن لە زانکۆی ناتوندوتیژی و مافەکانی مرۆڤ لە دنیای عارەبدا– ئۆنور AUNOHR بۆ گەلی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا و بۆ هەموو کوردزوانێک لە ناوچەکە و لە گشت دنیادا. دیارییەکە بۆ نەوەی لاو و قوتابییان، بۆ قوتابخانە و زانکۆکان، بۆ کۆمەڵە و هێزە مەدەنی و سیاسییەکان، بۆ ڕاگەیاندن و ڕای گشت، بۆ توێژەر و ئەکادیمیایی و نووسەر و ڕۆشنبیران، بۆ پێشڕەوانی کۆمەڵگە، بۆ کتێبخانەی کوردی کە شایانی فرەوانبوون و گەشەیە و شایانە کتێبی ناتوندوتیژی بەزمانی خۆی دەوڵەمەندی بکەن...

بە دەستپێشخەرییەکی پێشەنگانە لەلایەن دەزگەی ئاراس بۆ بڵاوکردنەوە، کە لە بەڕوەبەری گشتییدا ڕێزدار بەدران ئەحمەد حەبیب بەرجەستە دەبێ، پرۆتۆکۆلەک لە ساڵی ٢٠١٢دا لەگەڵ ئەم زانکۆیە ئیمزا کرا بەمەبەستی وەرگێڕانی یەکەم کۆمەڵە کتێبی ناتوندوتیژانە بۆ کوردی، ئەوە بوو ١٠ کتێب هاتنە دەستنیشان کردن بۆ ئەوەی لە ساڵانی ٢٠١٢–٢٠١٣دا بگەنە ئەنجام. ئەم پرۆتۆکۆلە بووە تاجی سەری یەکەم سەردانی شاندی زانکۆی ئۆنور بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئایار/ مایۆی ٢٠١٢دا، کە بەدوایدا سەردانگەلی تر و پرۆژەی هاوکاری و پشتگیری لەلایەن ئۆنورەوە بۆ زانکۆ و وەزارەت و قوتابخانە و دەستەگەلی مەدەنی و ئاینی و کولتووری و ڕاگەیاندن، هاتن...

ئەم وەرگێڕانانە، دانراو و خستنەسەری بیرمەندانەی دامەزرێنەرانی زانکۆی ئۆنورەوە لەئامێز دەگرن، لەگەڵ وتار و هەڵوێست و بڵاڤۆکی مامۆستایان و ئەندامانی ئەنجوومەنە باڵاکانی ئەو زانکۆیە، لەم پێشەکییەدا هەندێکیان دەخەینە بەرە چاو بۆ ئەوەی خوێنەر ئامادە بکەن بۆ چوونە ناو کتێبە وەرگێڕدراوەکانی گاندی و مارتن لۆتەر کینگ و ئیریک فرۆم و جان-ماری مۆلەر و جەین شارپ و وەلید سەڵیبی.

**بیرمەندی عێراقی دکتۆر عەبدلحوسێن شەعبان** ئەندامی دەستەی باڵای زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆیەکەدا، کە بەهۆی ڕۆڵی پێشەنگی نوێکەرەوەیەوە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا دەستپێشخەر بوو بۆ دەستپێکردنی ڕەوتی هاوکاری لەنێوان ئەم زانکۆیە و دەزگەگەلی بایەخدار لە عێراق بەگشتی و لە هەرێمی کوردستاندا کا شایانی ناتوندوتیژییە: "ناتوندوتیژی هەر بەخوازراوی دەمێنێتەوە، هەرچەندە ڕووبەڕووبوونەوەی زۆری لەبەرامبەردا هەبن، بەڵام ئاگەداربوون لە گرینگیی و هەوڵ بۆ ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگە ڕینیشاندەرە بەرەو ئەو... لەبەرئەوەی کۆمەڵگەکانمان بەدەستی توندوتیژییەوە دەناڵێ، بۆیە زۆر پێویستە نەک تەنیا کولتووری ناتوندوتیژی بەگشتی بکرێ وەک قەرەبوویەک بۆ بەردەوامیی کرداری توندوتیژ، بەتایبەتیش کە هەمووان بەدەستیەوە دەناڵن، بگرە بۆ ئەوەی ئەم بژارەیە بکرێتە دیفاکتۆیەکی پەسندکراو کە بشێ پەنای بۆ ببرێ و، بە ئامانجێکی ڕێ تێچوو و شیاوی بەدی هاتن و دەست پێ گەیشتن... کاتێکیش هەرێمی کوردستان لە عێراقدا ڕوو دەکاتە بژارەی ناتوندوتیژی، ئەمە شتێکی نامۆ نییە بۆی، پێویستە ئەو کەشە هەستیارانەی پێوەست بەتوندوتیژی بەبیری خۆماندا بهێنینەوە، بەهۆی ناڵاندنی کوردستان بەدەستی توندوتیژیی درێژخایان و درێژمەودای دەیان ساڵەوە، دیارترینیان بۆمبارانی شارۆکەی هەڵەبجە بوو بەچەکی کیمیایی و هەڵمەتی ئەنفال کە دەیان هەزار هاووڵاتیی کردە قوربانی لە ساڵی ١٩٨٨دا و وێرانکردنی نێزیکەی چوار هەزار گوند و شارەدێی کورد و کۆچپێکردنی دانیشتووانی کورد، بەتایبەتی فەیلییەکانی لە ١٩٨٠کاندا، ئەو توندوتیژییەشمان لەبیر نەچێ کە لە نێوان کورد خۆیاندا ڕووی دا لە ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٨ و زیاتر لە سێ هەزار مرۆڤ بوونە قوربانی، ئەمە شتێکە دەبێ سنووری بۆ دابنرێ، ئەگەر بوێسترێ کوردستان

سەقامگیر ببێ و ئەزموونە کۆرپەکەی سەربکەوێ و لە کەموکورتی و کەلێنەکانی لە ماوەی بیست و ئەوەندە ساڵەی ڕابردوودا پێیەوە نووسان، ئەمەش خووی هەموو پێشکەوتنێک و ویستێکی نوێبوونەوەیە... کولتوورێکی ناتوندوتیژ هەیە، لە پاڵ توندوتیژەکەدا، ئەمە لای گشت گەلێک و لە مێژووی گشت نەتەوەیەکدا هەیە، ئەم کولتوورە ناتوندوتیژە دەکرێ بەئامرازی پەروەردەیی نوێ زیندوو بکرێتەوە و برەوی پێ بدرێ و بنیاتی لەسەر دابمەزرێ، بەتایبەتی رووبەڕووبوونەوەی ناتوندوتیژ و، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەهێزی ناتوندوتیژ..."

"بەڵام مەگەر مەبەستمان بێ بەشێوەیەکی گشتی باسی توندوتیژی بکەین و لە کۆمەڵگەکانی تریشدا، ئەوە نەک هەر شۆڕش و خەباتەکانی لەوتاندووە، بگرە دەروون و ویژدانەکانیشی لەوتاندووە و شتە نامرۆڤانەکانی باڵادەست کردووە... توندوتیژی نە دەوڵەت و نە نیشتمان دروست دەکا، بگرە ڕێ خۆش دەکا بەرەو پاشاگەردانی و کۆمەڵگە لێک دەترازێنێ، جا ئامانجەکانی هەرچییەک بن. گۆڕین توندوتیژیش دەبێتە هۆی کاردانەوەی توندوتیژ و بەم جۆرە، چونکە ناکرێ توندوتیژی بەتوندوتیژی چارەسەر بکرێ، ئامانج بنیاتنانی کۆمەڵگە و دەوڵەت و بەدیهێنانی پرەنسیپە، ئەم بنیاتنانە پێویستی بە کەڵەکەبوون و پێشکەوتنی پلە بەپلە هەیە... گۆڕینی ڕاستەقینەی مەبەست، گۆڕینی کۆمەڵگەیە بەشێوازێکی ئاشتییانەی پێشکەوتنئامێزی بەپێوەندیی کارلێکییە، لەبەرئەوەی توندوتیژی تۆقێنەرە و سنوورەکانی نادیارن هەروەها ئاکامەکانی نەخوازراون و ناکرێ رووبەڕووبوونەوەی شێتێتی بەهیچ شتێک ببێ جگە لە ئاوەز و ئاوەزداری و بنیاتنان و چاوخشاندنەوە بە ڕابردوودا نەک دووبارەکردنەوەی لە ئێستایەکی نوێی جیاواز لە ئاراستەدا، لەبەرئەوەی هەندێ جار هەمان ئاکامی لێ دەکەوێتەوە، رووبەڕووبوونەوەی شێتی بەشێتی نابێ، وەک چۆن رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی ناکرێ بە توندوتیژی بێ..."

**بیرمەندی ناتوندوتیژی لە جیهانی عارەبدا دکتۆر وەلید سڵێبی**، دامەزرێنەری زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفەی ڕامیاریی توندوتیژی و ناتوندوتیژی و ستراتیجی خەباتی مەدەنییانە لەو زانکۆیەدا، دەڵێ: "ناتوندوتیژی برێتییە لە دوو "نا": نا بۆ توندوتیژیی خۆ و نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر، واتە بۆ ستەم"، لە

کاتێکدا کە ڕەنگە ناتوندوتیژی و توندوتیژی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زێدەڕۆییی ئەوانی تردا بەکار بێن، مەرۆڤ تەنیا بە ناتوندوتیژی دەتوانێ ڕووبەڕووی زێدەڕۆییی خۆی ببێتەوە. کاتێک دەڵێین نا بۆ توندوتیژیی خۆ، ئەو کاتە دەڵێین بەڵێ بۆ ژیان بەڵێ بۆ خۆشەویستی. نا-ی دووەم، واتە نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر نا-ی کۆمەڵگەییییە. مەبەست لێی نا-یە بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر بەواتە فرەوانەکەی، واتە بەگشت شێوەکانی لە کوشتن و ستەمی کۆمەڵایەتی و هەژارکردن و داگیرکاری و سەرکوتین و سەرکۆنەکردنی منداڵ و توندوتیژیی خێزانەکی و گومڕاکردنی ئاوەزەکان و گەندەڵی و ڕەگەزپەرستی و تایەفەگەری و زۆرلێکردنی ئاینی... بەواتەیەکی تر، نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر، نا-یە بۆ ستەم، بەکردەنی بەڵێیە بۆ دادوەری و ئاشتی. بەوشەگەلێکی کورت، نا بۆ توندوتیژیی خۆ پەیمانێکی ئەخلاقیی وجودییە و، نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی-سیاسییە لە بەرامبەر گشت شێوەکانی ستەمی مایەکی و واتەیی و بنیاتی بەهۆکارەکانی ناتوندوتیژی. لێرەوە ناتوندوتیژی دەبێتە چوار بەڵێ: بەڵێ بۆ خۆشەویستی، بەڵێ بۆ دادوەری، بەڵێ بۆ ئاکارداری، بەڵێ بۆ کاریگەرێتی.

بەدرێژیی مێژوو، توندوتیژی هاوشانی کۆمەڵێ جوانی بووە وەک بوێری و شەرەف و جوامێری و ئازایەتی و ئازادی و پاڵەوانێتی... جەخت لەسەر وشەی نا لە ناوجەرگەی وشەی ناتوندوتیژیدا، هەرچەندە دەبێتە مایەی قسەکردن لەسەر ئەوەی کە ناتوندوتیژی زاراوەیەکی نەرێیە (!)، ئەوەیش بۆ ئەوەی کە دەری ببڕین بەبێ هیچ نارِوونی و تێکەڵییەک کە پێویستە بەیەکجاری و بنبڕانە لە توندوتیژی داببڕێین..."

"توندوتیژی بەردەوام کاریگەرە... بەڵام لە خزمەتی ستەمدا. چەکێکی نایابی دەستی ستەمکارانە. کاریگەرترینی چەکەکانیانە. بەڵی توندوتیژی بەکارە. بەداخەوە توندوتیژی هەموو پرسێکی بەرز دەلەوتێنێ. بەڵام خزمەتی دەکا! بێگومان نا. دەیشێوێنێ و لە ئامانجی بەرزی خۆی دووری دەخاتەوە. مەترسیدارترین شتێک کە لە کاری سیاسیدا ڕوو بدا پاساوهێنانە بە ئامانجێکی بەرز بۆ ئامرازگەلێک کە وەک خۆی نەبن" پاساو هێنان بۆی تەنانەت ئەگەر نائەخلاقیش بێ. تەنیا لەبەرئەوەی پرسەکەمان ڕەوایە ڕێ بەخۆمان دەدەین پاساو

بۆ گشت ئامرازەکان بهێنینەوە هەرچییەک بن! زۆر لە ئایدیۆلۆجیاکان لە پاساو هێنانەوە بۆ مەبەستەوە هەڵدێران بەرەو پاساو هێنانەوە بۆ ئامراز... توندوتیژیی ستەملێکراو بەهۆی تووڕەیی و نائومێدییەوە کاردانەوەیەکی عەفەویی تاکە لە بەرامبەر ستەم و سەر پێ شۆڕکردن، ئەمە شتێکی مرۆڤانەیە دەشێ لە هۆکارەکانی تێ بگەین، بەڵام نابێ پاساوی بۆ بهێنینەوە. بەڵام کە توندوتیژی بەئایدیۆلۆجیا بکرێ و ببێ بەتیۆری و ستراتیجی کار تا دەگاتە ئاستی بەپیرۆز زانینی! ئەمە پرسێکی پڕ مەترسییە..."

شیکەرەوەی دەروونی دەڵێن کە لەناخی هەر تاکێکدا دوو کەسێتی هەن لە زۆرانگرتنی بەردەوامدان: کەسێتییەکی ڕەسەنی سەرەتایی لەگەڵ درووستبوونی مرۆڤدا درووست دەبێ کە پێناسی ئەندامبوونی ئەرێنییە لە دنیا و یەکگرتنە لەگەڵ بوونەوەرانی تر و کرانەوە و خۆشەویستی و خۆشویستنی ژیان و ئارەزووکردنی دادوەری و ئازادی و ئاشتی و هاوکارییە، کەسێتییەکی تری هاوشانی ساختە بەهۆی ڕێگر و نائومێدی و پێشێلکارییە کۆمەڵایەتییەکان و بێتوانیی کەسێتیی ڕەسەن لە بواری خۆسەلماندندا دروست دەبێ. ئەمەیان کەسێتیی توندوتیژیی قەرەبووکەرەوە و ڕق و نێرگزێتی و خۆپەرستی و ڕەگەزپەرستی و لووتبەرزی و تاکڕایی و خۆشویستنی مەرگ و شەیداییی نەخۆشیئامێز بۆ دەسەڵات و پەرۆشی بۆ شەڕی نوێ و بۆ تۆڵەسەندنەوەیە. لەم زۆرانگرتنە بەردەوامەی نێوان "چاکە" و "خراپە" لە ناوەوەی هەر یەکێکماندا، هەڵبژاردنمان بۆ ناتوندوتیژی بەفریامان دەگا بۆ ئەوەی بەردەوام لە چاکە نێزیک بکەوینەوە و پاڵپشتیی کەسێتییە ڕەسەنەکەمان بکەین و ڕەگەکانی تێر بکەین... لە زۆرانگریی مێژوویی و بەردەوامی نێوان هێزگەلی ژیان و هێزگەلی مەرگدا، نابێ دوودڵ بین لە دەستنیشانکردنی پێگەی خۆماندا: ئێمە لە هێزەکانی ژیانین و لەگەڵیاندین و، هیچ ڕۆژێک نابینە هێزی مەرگ و لەگەڵی نابین..."

فەیلەسووفی هاوسەردەمی ناتوندوتیژی فرەنسایی جان-ماری موللەر ئەندامی ئەنجوومەنی ڕازگران لە زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفە و ستراتیجی ناتوندوتیژی تیایدا، لە میانی قسەکردنی لە وانەیەکدا کە دەزگەی ئاراس لە ٣٠ی ئەیلوول/ سێپتەمبەری ٢٠١٢دا بۆی ڕێکخست لە سەردانی دووەمی شاندی

زانکۆیەکە بۆ هەرێم کە موللەری لەگەڵدا بوو، ئەوەیش سێیەمین سەردانی خۆی بوو بۆ هەولێر و حەزی خەڵک و بەرپرسانی لە ناتوندوتیژی سەرسامی کرد، دەڵێ:

"لە ڕۆژهەڵاتەوە فێری ناتوندوتیژی بووم، لە بیرمەند و خەباتکەرێکی ئاسیاییەوە کە ناوی گاندییە و لەڕێی بەرگرییە ناتوندوتیژەکەیەوە توانیی بەسەر گەورەترین وڵاتی داگیرکەری ئەو سەردەمە "بەریتانیای مەزن"دا سەربکەوێ. گاندی لەڕێی فەلسەفەکەی و خەباتەکەیەوە توانیی ببێتە پردێک لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، بەهۆی ئەو بەرهەمە بیرمەندانە و کردەنییانەی بەئەنجامی گەیاندن، کاتێک کە باشترینی ناو هەردوو شارستانێتیی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کۆ کردەوە بۆ بەدیهێنانی ناتوندوتیژی... ناتوندوتیژی نا-یەکی قەدەخەکەری توندوتیژییە لە گشت هەڵوێستێک و گشت بیرۆکە و گشت ئامرازێک و گشت ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا... ئەو ئامانجیشە و ئامرازیشە بەیەکەوە، وەک ئەوەی گاندی کە هاوبەندیی ئامانج و ئامراز بە هاوبەندیی دار و تۆو دەچوێنێ، ئامانجەکە لە ئامرازەکەدا بوونی هەیە وەک چۆن دارەکە لە تۆوەکەدا بوونی هەیە... ئەگەر نەتوانین بەسەر ئامانجەکاندا زاڵ ببین، ئەوە دەتوانین بەسەر ئامرازەکاندا زاڵ ببین، ئەمەش بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی ئامانج لەڕێی ئامرازەوە، چونکە ئامانج شتێکی ئەبستراکتە بەڵام ئامراز بەرجەستەیە" و، لەو کاتەیشدا کە ئامانج داهاتووی مەبەستە، ئامراز پێوەندیی بەئێستاوە هەیە. بۆیە با ئامرازەکانمان بەردەوام ناتوندوتیژ بن، تاوەکو لە ئامانجە ئەرێنییەکانمان نێزیک ببینەوە و لەو بنەوایانەی باوەڕمان پێیان هێناوە کە بێگومان لە ماددەی ناتوندوتیژی نین..."

**بیرمەندی پەروەردەیی، دکتۆر ئۆگاریت یۆنان**، دامەزرێنەری زانکۆی ئۆنور و سەرۆکی زانکۆیەکە و سەرپەرشتیاری پرۆتۆکۆلی هاوکاریی زنجیرە بڵاوکراوە و وەرگێڕاوەکانی ناتوندوتیژی بەزوانی کوردی، لە کۆتای ئەم پێشەکییەدا دەڵێ: "مرۆڤ توانی توندوتیژی و توانی ناتوندوتیژیشی هەیە" زانیاران بەم ڕاستییە چەسپیوە گەیشتوون، بۆ ئەوە واز لەوە بهێنین کە بڵێین مرۆڤ لە سرووشتی خۆیدا توندوتیژە، یان تەنیا ناتوندوتیژ و نەرمە. کەواتە ئەوە پەروەردە و ژینگە و ئەزموونی ژیانن مرۆڤ بەم یا بەو ئاراستەیەدا دەبەن، بۆ ئەوەی توانەکانی ناتوندوتیژی یاخۆ توندوتیژیی تێدا زاڵ ببێ. بەدەستنیشانکراوی، ئەوانە شکستەکانی ژیان و

پەروەردە و دەمکوتی کۆمەڵگە و ستەمی ڕۆژگار و کەشی توندوتیژی دەوروبەری بەتاک و بەکۆمەڵی پەروەردەیی و کۆمەڵگەیی و سیاسین کە وردەوردە لەلای مرۆڤدا ئەم دەستەپاچەییە دروست دەکەن لەبەرامبەر زیندوو ڕاگرتنی ناتوندوتیژی ولێدانی دڵی بۆ چاکە، بۆ ئەوەی لەبەرامبەردا بوارەکانی توندوتیژی لە ناوەوەیدا فرەوانتر بن لە قسەکانی و هەڵسوکەوتی و هەڵوێست و بڕیار و پێوەندی و خەبات و حوکمدان و کولتوور و باوەڕیدا... بەجۆرێک کە ئەو و توندوتیژی وەک یەک دەبن، تەنانەت بەرامبەر بە نێزیکترینی نێزیکەکانیشی و، بەرامبەر دەوروبەرەکەی و گەلەکەیشی نەک تەنیا بەرامبەر بە نەیار و دوژمنانی... بەڵام ژیان چەقبەستوویی نییە بگرە بەردەوام ئەگەری گۆڕینی هەیە، وەک هیرۆکلیتس دەڵێ "تەنیا شتێکی جێگیر لە ژیاندا گۆڕانی بەردەوامیەتی". کەواتە هیوا هەیە. لەناو توندوتیژیدا دەخنکێین بەڵام هیوا هەیە بەوەی توانێکی قەتیسمان تێدایە بۆ پاشگەزبوونەوە لە توندوتیژی و دابڕان لێی و ڕوو وەرگێڕان بەلای ناتوندوتیژیدا کە خۆی بناخەییە تیاماندا...

مرۆڤ حەز دەکا و بەردەوام بەدوای ئەوەوەیە کە بەهێز بێ. هێز جیاکەرەوە و پێویستیشە. هێز، نەک توندوتیژی. هەرچەندە تێکەڵکردنی ئەم دووە بووەتە بنەوا، لەبەرئەوەی وەک دەردەکەوێ مرۆڤ هەست دەکا کە توندوتیژی مایەی شەرمەزارییە بۆی، بۆی کە بەکاری دێنێ تایبەتمەندییەکانی هێزی دەداتێ و بەوشەی هێز دەیگۆڕێ. دەیەوێ توندوتیژی بەکار بهێنێ و ویژدانیشی ئاسوودە بێ، بۆیە بەسیفەتەکانی هێز نەک ئەوانەی توندوتیژی وەسپی دەکا. مرۆڤ دەیەوێ و پێویستی بەوەیە کە بەهێز بێ نەک توندوتیژ بێ. جیاوازیی نێوان هێز و توندوتیژی قووڵ و بنەڕەتییە. بەهۆی لاوازی و داپڵۆسینمان لەلایەن ژیانەوە ڕوو لە توندوتیژی و ئامرازەکانی دەکەین، لەبەر بەهێزی و بەدەستهێنانەوەی ژیانیشە کە ڕوو لە ناتوندوتیژی و دنیایەکەی دەکەین. ئەوە ناتوندوتیژیی بەهێزەکانە، بەگوتەی عەبدولغەفار خانی هێمای دەگمەنی ناتوندوتیژی لە ئەفغانستان (و دواتر لە پاکستانیش) هاوڕێی گاندی و دامەزرێنەری "سوپای ناتوندوتیژی موسڵمان" کە دیاردەیەکی دەگمەنە لە مێژوودا تا بە ئەمڕۆ دەگا.

پیرۆزمان بێ، لە منداڵیمانەوە تا گشت ساڵانی تەمەنمان لە ڕێی پەروەردەوە

دۆستێکی بەئەمەکمانە، بۆ ئەوەی وامان پێ بگەیەنێ کە لە ناو دڵی ناتوندوتیژی بین و ئەو خۆی لەڕێی خوێندن و ڕۆشنبیربوون و وشیارکردنەوە و ڕاهێنانەوە هەرچەندە تەمەنیشمان زۆر بێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ناتوندوتیژییەی ناومان ڕزگار بکا. پێویستیش هەر ئەوەندەیە کە جەختی بۆ بکەین کە بژارەی ئێمە: نا بۆ توندوتیژییە..."

ناتوندوتیژی لە ناوەوەماندا لەدایک دەبێ و، لەگەڵ تەمەندا فێری دەبین و، ڕاهێنانی لەسەر دەکەین و کارامەییی تێدا پەیدا دەکەین و، دەوڵەمەند دەبین بە کولتوورەکەی و هێماکانی کە لە ناخی کۆمەڵگەمانن... هاوکاری بەردەوامیشمان لەمەدا کتێب و سەرچاوە و پێشڕەوانی ئەم بوارەن لە هەموو دنیا، ئینجا دەستێکی خێرخواز دێ و ئەم کولتوورەمان بەزوانی خۆمان بۆ دەگوازێتەوە، بۆ ئەوەی ناتوندوتیژی ببیتە قسەمان و زوانمان، زوانی کوردی، بەوەش دەبێتە زوانێکی ناتوندوتیژ.

بەیرووت، شوبات/ فێبرایەر ٢٠١٣
گوتەیەک لە زانکۆی ناتوندوتیژی و مافەکانی
مرۆڤ لە جیهانی عارەب "ئۆنور"ەوە

تێبینی:
وەرگێڕانی لێرە بە پێشەوە لە عەرەبییەوە بۆ کوردی: شاخەوان کەرکووکی

## دەسپێک

ئیدی بەسە ڕەواجپێدان و خۆپەروەردەکردن لەسەر هەستگەلێکی توندوتیژ، کە وا بە گوێماندا دەچرپێنرێ ئەو هەستانە لە جەرگەی سروشتمانن و هەموو تەمەنمان لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەزۆکدا بەسەر دەبەین، کە جگە لە شکستی بەردەوام بە هیچ ئەنجامێکی ترمان ناگەیەنێ با ئەو شتەیش بەدەست بێنین کە بۆی دەکۆشین... ئەمە ئەگەر بەدەستیشی بێنین.

هیچ شتێک نییە هێندەی تووڕەبوون و ڕق لای مرۆڤ ئاسان بن کاتێ هێزی جەستەیی وەک باشترین خەسڵەتە مرۆییەکان وێنا دەکرێ و تۆڵەکردنەوە و خوائۆخەی لە لای شیرین دەکرێ و یەکبین دەیڵێتەوە کە ماف لە ڕێی سڕینەوەی بەرامبەرەوە نەبێ بەدەست نایەت، لەڕێی کوشتن یاخۆ تێکشکاندنی یان گەیاندنی بە دۆخێک ئێمە بەدەستیەوە دەمانناڵاند. لێرەشەوە چارەسەرکردنی ستەم بە ئامرازە توندتیژانە لەناوبەرەکان سەردەکێشێ بۆ گێژاوی توندوتیژی.

ئاخۆ بەدیلی ئەمە چاوپۆشینە لە ستەم؟

دیارە ئامرازی تر هەن جگە لە توندوتیژی بۆ گەیشتن بۆ دۆخێکی دادپەروەرانەتر و نەهێشتنی ئەو نادادییەی بەرامبەر کەسانێک کراوە بەبێ ئەوەی دەستدرێژی بکرێتە سەر کەسانی تر و بەبێ ئەوەی ستەمبارەکە ببێتە "ستەمکار" و ڕۆڵەکان جێگۆڕکێ بکەن و "مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە".

ئەزموونی گەلان لە بواری بەدەستهێنانەوەی مافی خۆیان لە ژیان و

ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەبێ بەرەنگاریکردنی توندوتیژی بە توندوتیژییەکی تر کە ئەنجامەکەی سەرهەڵدانی حاڵەتی نوێی ستەمە، زۆر و زەوەند و پڕ لە نموونەیە. خۆ ئەگەر ئەو توندوتیژییە نەبووە مایەی هەڵگرتنی ستەمەکە، ئەوا دۆخەکە خراپتر دەکا و ناسۆریی پتر بە دوای خۆیدا دێنێ، هەروەها بەهۆی ئەو ترس و کاردانەوەیەی لای دەسەڵاتداران دروستی دەکا، سەرکوتکردنەکە سەختتر دەکا.

کاتێ باس لە بێمانایی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم بە توندوتیژی دەکەین، مەبەستمان ئەوە نییە کە بەدیلەکەی پێکەوەژیانە لەگەڵ ئەم ستەمە لە ڕوانگەی "ئامادەکردنی گرووپەکەی ترەوە" بۆ لێدانی، بگرە مەبەست ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەقینە و دیراسەکراوە لەڕێی کۆبوونەوەی چەوساوان و ڕاگەیاندنی ڕەتکردنەوەیان بۆ ئەو حاڵەتە و بەرنامەڕێژییان بۆ نەهێشتنی و هێنانەکایەی ئازادی و دادپەروەری بۆ هەمووان دێتە دی. ئەمەش ڕوونادا تا خەڵک هەست بەوە نەکەن کە دەبێ بایەخ بە دۆخی ژیانی خۆیان بدەن و بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان چاکی مەردانەی لێ بکەن بە لادا.

"بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک" لەگەڵ هەزاران کەس لە لبنان دیدار و چاوپێکەوتنی هەبووە، لە سەرجەم ئەو دیدارانەدا کۆمەڵێک پرسیار و تێبینیی بنەڕەتی دووبارە دەبوونەوە:

ڕەنگە کاری ناتوندوتیژانە لە ململانە ناوخۆییەکاندا بەکەڵک بێ، بەڵام ئاخۆ لە ململانە نەتەوەییەکان لە دژی دەستدرێژیکارانی دەرەکی هیچ ئەنجامێکی دەبێ؟

ئەگەر دوژمن توندوتیژی بەکار هێنا، چۆن دەکرێ بە ناتوندوتیژی وەڵام بدرێتەوە؟

ڕەنگە ناتوندوتیژی لە وڵاتانی دیموکراسیدا کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ

دەگیرێ، بەکەڵک بێ بەڵام لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا بێکەڵکە.

چۆن دەکرێ ناتوندوتیژی لەگەڵ کەسانی وەک هیتلەر بەکار بێ؟

هەموو ئەوانەی پێرەوییان لە خەباتی ناتوندوتیژانە کرد کوژراون لەوانە گاندی و مارتن لۆسەر کینگ و مەسیح و هتد. ئەم پرسیارانە دەخوازن رێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە روون بکرێنەوە، وەرگێرانی کتێبەکانی رێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە بۆ ئەو مەبەستەیە.

لەو کتێبەدا جین شارپ ١٩٨ رێگەی بۆ کاری ناتوندوتیژانە خستووەتە روو کە هەموویان لە ئەزموونی زیندووی مێژوو تا ساڵی ١٩٧٣ کە کتێبەکەی تێدا دەرچووە، وەرگیراون.

ئەو ئەزموونانەی لەم کتێبەدا باس کراون دەری دەخا رێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە فرەجۆرن، هەروەک باس لە کاریگەریی کاری ناتوندوتیژانە لە هەلومەرجە جیاوازەکاندا پیشان دەدا.

هەروەها روونی دەکاتەوە کاری ناتوندوتیژانە کاریگەرانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و هی تر بەکار هاتووە.

هەروەها تەنیا پێوەست نییە بە پرسە ناوەخۆییەکانی وەک داواکارییە کۆمەڵایەتییە ئابوورییەکان و مافە مەدەنییەکان لە بەرامبەر جیاکاریی رەگەزی، بگرە پرسە نەتەوەییەکانیش دەگرێتەوە وەک ئیمپریالیزم و داگیرکردنی دەرەکی.

هەروەها دەردەکەوێ کاری ناتوندوتیژانە لە رووبەرووبوونەوەی رێژیمگەلی دیموکراسی و هەروەها نادیموکراسیشدا بەکار هاتووە، بە تایبەتی رێژیمی نازی کە هیتلەر دایمەزراند.

پەیامی بنچینەیی ئەم کتێبە بریتییە لەمەی خوارەوە:

کاتێ ستەم ڕوودەدا ئێمە لە بەردەم دوو بژارەدا نین کە سێیەمین نەبێ: توندوتیژی یان ملکەچکردن. ڕێگەیەکی سێیەمیش هەیە کە بریتییە لە بژارەی بەرگریکردنی مەدەنیی ناتوندوتیژانە.

کتێبی ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە بەشی دووەمن لە سیانەی "سیاسەتی کاری ناتوندوتیژانە" کە لە سێ بەش پێک دێ:

بەشی یەکەم Power and struggle

بەشی دووەم Methods of non violent action

بەشی سێیەم Dynamics of non violent action

بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک بەشی یەکەمی لە کتێبێکدا وەرگێڕدرا بە ناونیشانی یاخیبوونی مەدەنی.

بەشی دووەم بزووتنەوە بەپێی ئەو پۆلبەندییە دانەر دایناوە وەری دەگێڕێ کە، ئەویش لە ڕێگەی چوار کتێبەوە کە هەموویان لە ژێر ناونیشانی "لە ئەزموونەکانی گەلان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەدەنیدا"ن.

کتێبی یەکەم: کارەکانی نارەزایی و قایلکردن.

کتێبی دووەم: هاوکارینەکردنی ئابووری.

کتێبی سێیەم: هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

کتێبی چوارەم: شێوەکانی دەستوەردانی ڕاستەوخۆ

"بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک" پێی باش بوو ئەم بیرۆکانە بۆ سەر زمانی عەرەبی بگوازێتەوە، ئەمە خوایە بەهۆیەوە بەرچاومان ڕووناک ببێتەوە و بتوانین لە گێژاوی توندوتیژیی بکوژ بچینە دەرەوە، کە وای لێ کردووین لە دەریای نەهامەتی و بێئومێدی و ترس و داڕووخاندا نغرۆ ببین.

بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک

# بەشی یەکەم

# بایکۆتکردنی ئابووری

## پێشەکی

کاری ناتوندوتیژانە دەخوازێ هاوکاریی دژبەرەکە (الخصم) نەکرێ. لەم بارەدا چالاکەکان شێوە و ئاستەکانی مامەڵەکردنی ئاساییان لەگەڵ ئەو کەس یان دەزگە یاخۆ ڕێژیمەی لەگەڵی لە مشتومڕدان، ڕادەگرن.

خەڵک دەتوانن، بۆ وێنە، بەرامبەرەکەیان بەتەواوی فەرامۆش بکەن وەک ئەوەی هەر نەبێ. دەتوانن هەندێ شمەک نەکڕن یان دەست لە کارکردن هەڵبگرن. هەروەک دەتوانن ملکەچی هەندێ یاسا نەبن کە بە ناڕەوایان دادەنێن، یان لە شەقامەکاندا پەناگیر بىن یاخۆ باج نەدەن.

چالاکەکان بە بەرتەسککردنەوە یان ڕاگرتنی مامەڵەکردنی ئاساییان یان هەر شێوەیەک لە شێوەکانی هاوکاریکردن، یاخۆ بە هەردووکیان پێکەوە درێژە بە ڕووبەڕووبوونەوەکەیان دەدەن. بە دەربڕینێکی تر هاوکارینەکردن دەبێتە مایەی لێکترازانی پێوەندییە کۆمەڵایەتی یان ئابووری یان سیاسییەکان، یاخۆ ڕاگرتنیان و هەژاندنی متمانە پێیان. لەوانەیە جموجوولەکە خۆبەخۆ (عەفەوی) یان بە بەرنامە بێ، هەروەک لەوانەیە یاسایی یاخۆ نایاسایی بێ.

شێوازەکانی هاوکارینەکردن لە سێ خانەدا پۆلبەند کراون:

– هاوکارینەکردنی ئابووری (بایکۆتکردنی ئابووری و مانگرتن دەگرێتەوە).

– هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی (بایکۆتکردنی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە).

– هاوکارینەکردنی سیاسی (یان بایکۆتکردنی سیاسی).

هاوکارینەکردنی ئابووری ڕاگرتنی پێوەندیگەلێکی ئابووریی دیاریکراوە. یەکەم جۆری فەرعی لە چوارچێوەی جۆرە فرەوانەکەی ئەم هاوکارینەکردنەدا بریتییە لە ڕەتکردنەوەی دەستبەکاربوون، یاخۆ بەردەوامیی هەندێ پێوەندیی ئابووریی دیاریکراو، بەتایبەت کڕین و فرۆشتنی شمەک و پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییەکان. دووەم جۆری فەرعیش لە شێوە جیاوازەکانی مانگرتن پێک دێ کە سنووردارکردن یاخۆ ڕاگرتنی کار دەگرێتەوە. فەسڵی دووەممان بۆ بابەتی مانگرتن تەرخان کردووە، بەڵام لێرەدا لەسەر ڕێگەکانی بایکۆتکردنی ئابووری دەوەستین.

لەوانەیە بایکۆتکردنی ئابووری خۆبەخۆ یان بەپێی پلانێکی پێشوەخت لەلایەن گرووپێکی تایبەتەوە ئەنجام بدرێ. لە هەردوو بارەکەدا بایکۆتکردن دەبێتە کۆششگەلێکی ڕێکوپێک بۆ ڕاگرتنی هاوکاریی ئابووری، یان قایلکردنی ئەوانی تر بە ڕاگرتنی، بەوەیش بازاڕی کڕین یاخۆ فرۆشی کەسێک یان گرووپێک سنووردار دەکا.

ڕێگەی بایکۆتکردن لەسەر ئاستەکانی ناوەخۆیی و هەرێمی و نیشتمانی و نێودەوڵەتی جێبەجێ کراوە، ئەویش لەلایەن کەسانێکەوە کە ڕاستەوخۆ ستەمیان لێ کراوە یان لەلایەن کەسانێکەوە کە لایەنگری ئەمانەن، پاڵنەر و ئامانجەکانیش ئابووری – سیاسی یان کۆمەڵایەتی – کولتوورین.

بایکۆتکردنی ئابووری بەشێوەیەکی سەرەکی لە ململانە کرێکارییەکان و لە بزاوەکانی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیدا بەکار هاتووە. نازانرێ ئاخۆ ئەم ڕێگەیە لە حاڵەتی تردا بەکار هاتووە یان نا.

ڕەگوڕیشەی بایکۆتکردنی ئابووری لە کێشە پیشەسازییەکاندا بۆ بزووتنەوەی سەندیکایی ئەمەریکایی دەگەڕێتەوە، کە لە ساڵی ١٨٨٠ لە پڕ سەری هەڵ دا و لە ماوەی دە یاخۆ پازدە ساڵدا بوو بە کاریگەرترین چەک بەدەست سیستمی سەندیکاییەوە. کەس ناتوانێ لە دەسەڵاتی سیستمی

سەندیکایی قوتار بێ، جا پێگە و بەدکارییەکەی هەرچۆن بێ.

پێدەچێ بایکۆتکردنی ئابووری دژ بە هێزە بیانییەکان زیاتر لە چین بەکار هاتبێ، هەروەها پێدەچێ لەوەدا – وەک پرۆفیسۆر جۆن فیربانک باسی دەکا – پشتی بە نەریتی دێرینی چینییەکان لە بواری بایکۆتکردنی ئابووریدا بەستبێ:

بایکۆتکردنی ئابووری لە ژیانی چینییەکان شێوەیەک بوو لە شێوەکانی بەرگریی نێگەتیڤ و بەشێوەیەکی بەرفرەوان پێڕەو دەکرا. قایلکردنی ناتوندوتیژانە لەلایەن چەندان گرووپی ڕێکخراوەوە پێڕەو کراوە، وەک سەندیکاکانی بازرگانان، تا بەهۆیەوە کار لە فەرمانگە حکومییەکان بکەن. ئەم ڕێگەیانە لە سەدەی بیستەمدا وەک ئامرازی دەربڕینی نارەزایی دژ بە خوو و نەریتە بیانییەکان بەکار هاتووە.

فیربانک وەک نموونە ئاماژەی بە بایکۆتکردنی بەرهەمە ئەمەریکاییەکان کردووە لە ساڵی ١٩٠٥، کە سەندیکاکانی بازرگانان لە کانتۆن سەرپەرشتییان کرد وەک نارەزایی لە دژی ڕێنەدان بە چینییەکان بۆ چوونە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەروەها بایکۆتکردنی شمەکە ژاپۆنییەکان لە ساڵی ١٩٠٨ و ١٩١٥ وەک نارەزایی لە دژی ئەو سیاسەتانەی ژاپۆن بەرامبەر چین گرتنیە بەر. هەروەها ئەو بایکۆتکردن و مانگرتنە درێژخایەنەی بەرامبەر بەریتانیا کران کە لە ساڵی ١٩٢٥ لە هۆنگ کۆنگ دەستیان پێ کرا.

ڕێگەکانی بایکۆتکردنی ئابووری دابەش دەکرێن بۆ بایکۆتکردنی یەکەمی و بایکۆتکردنی دووەمی. بایکۆتکردنی یەکەمی یاخۆ بنەڕەتی بریتییە لە ڕاگرتنی ڕاستەوخۆی مامەڵەکردن لەگەڵ دژبەرەکە، یان نەکڕین و بەکارنەهێنانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی، هەندێ جار هاوکات هەوڵ دەدرێ خەڵکی تریش قایل بکرێن هەمان کار بکەن.

بایکۆتکردنی دووەمیش بایکۆتکردنی ئابووریی گرووپی ترە بەمەبەستی هاندانیان بۆ ئەوەی بێنە ڕیزی بایکۆتکردنی یەکەم دژ بە دژبەرەکە. بایکۆتکردنی دووەم کاتێ ڕوو دەدا بایکۆتی ئەوانە دەکرێ کە ڕازی نەبوون پشتگیریی بایکۆتکردنە بنەڕەتییەکە بکەن. لیو ولمان بایکۆتکردنی دووەم پێناسە دەکا بەوەی کارێکە ئامانجی کێشانەوەی پاڵپشتییە لە کەسێک، بۆ ناچارکردنی تا لای خۆیەوە پاڵپشتیکردنی بۆ ئەو کەس یان دامەزراوەیە بکێشێتەوە کە سەندیکاکە لەگەڵیدا ناکۆکە.

ساڵی ١٩٢١ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بایکۆتکردنێکی دووەمی ڕووی دا، کاتێ یەکەتیی نێودەوڵەتیی بەکارخەرانی ئامێرەکان بایکۆتی کۆمپانیای چاپکردنی دوبلیکسی کرد کە لەگەڵی کەوتبووە کێشە، ئەمە جگە لە بایکۆتکردنی هەموو ئەو کۆمپانیایانەی کە بەرهەمەکانی ئەو کۆمپانیایە بەکار دێنن.

هەروەها هەر لە ئەمەریکا لەو ماوەیەی دەکەوتە پێش شەڕی سەربەخۆیی، حاڵەتێکی تر ڕووی دا کاتێ بڕیار درا بایکۆتی ئابووریی بازرگانەکان و هەر کەسێکی تر بکرێ ئەگەر پابەند نەبوون بە بایکۆتکردنی شمەکە بەریتانیاییەکان، ئەمەیش لە چوارچێوەی بزووتنەوەی بەرگریکردنی یاسای پوولەکان و یاساکانی تاونسند. ئەم جۆرە کارانە هەندێ جار کاریگەرییان هەبووە لەسەر پێوەندییە ئابوورییەکانی نێوان داگیرگە (مستعمرە)کان.

بۆ نموونە ساڵی ١٧٦٦ کۆمەڵێ بازرگان لە شارلستۆن و کارۆلینای باشوور ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی هیچ ئازووقەیەک بۆ ویلایەتی جۆرجیا بە تایبەتی و هەر داگیرگەیەکی تر کە پوول بەکار بێنێ بار نەکەن. کاتێ کۆنگرەی شاری بۆستن زانی لە مانگی ئایاری ١٧٧٠ هەندێ بازرگانی نیوپۆرت لە ویلایەتی ڕود ئایلاند هەندێ بەروبووم لە بەریتانیا و داگیرگەی هندی ڕۆهەڵات هەناردە دەکەن، بەشدارانی کۆنگرە بڕیاریان دا هەموو

پێوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ ئەو شارەدا بپچڕن.

ئەم فەسڵە بایکۆتکردنی یەکەمی و دووەمی جیا ناکاتەوە، ئەویش لەبەر بوونی پێوەرگەلی جیاواز بۆ جیاوازیکردن لەنێوان ڕێگەکانی بایکۆتکردنی ئابووری، هەروەها لەبەرئەوەی شیمانە هەیە ئەم بایکۆتکردنە بە هەردوو شێوازەکە ئەنجام بدرێ.

لەو ڕووەوە دەستەواژەی بایکۆتکردنی ئابووری وەک چەمک کۆمەڵێکی فرەوان لە کردەوە دەگرێتەوە، بۆیە وا باشترە دابەشکردنێکی لاوەکی بۆ پۆلبەندییەکە بکرێ، ئەوەش دەتوانرێ بەپێی سروشتی گرووپە بەرپرسەکە، یان لانی کەم یەکەم بەرپرس لە جێبەجێکردنی بایکۆتکردنەکە، بەشێوەیەک جێبەجێ بکرێ کەڵکی زیاتری هەبێ. نابێ ئەم پۆلبەنیدکردنە وەک شتێکی یەکلاکەرەوە دابنێین، چونکە زۆر جار ڕێگەیەک لەگەڵ یەکێکی تردا ئامێتە دەکرێ، یان ڕوو دەدا کۆمەڵێ ڕێگە و کار یەک بگرن کە چەند گرووپێک ئەنجامیان دەدەن، هەروەها ڕێگەکانی بایکۆتکردنی ئابووری لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر و فرەجۆر لە ڕێگەکانی تری کاری ناتوندوتیژانەدا یەک بگرێ.

## کارەکانی بەکاربەران

١- بایکۆتکردن لەلایەن بەکاربەرانەوە

بایکۆتکردن لەلایەن بەکاربەرانەوە نەکڕینی هەندێ شمەک و خزمەتگوزاری دەگرێتەوە لەلایەن بەکاربەرانەوە، ئەم کارەیش هۆی جۆراوجۆری هەیە:

- لەوانەیە نرخ زۆر گران بێ.

- لەوانەیە شمەک یان خزمەتگوزارییەکە بەپێی مەرجی یەکسان دەست هەمووان نەکەوێ.

- لەوانەیە ئەو شمەکەی بایکۆت دەکرێ خاڵێکی ڕەمزیی گونجاو بێ بۆ گوزارشتکردن لە ستەمێکی بەرفرەوانتر یان تووڕەیی لە دۆخی ئارا.

- ڕەنگە ئەو شمەکەی بایکۆت دەکرێ بە هەڵگری خەسڵەتگەلێکی نائەخلاقییانەی دیاریکراو دابنرێ.

- ڕەنگە نارەزایی لەسەر هەلومەرجی بەرهەمهێنانی شمەکەکە هەبێ، نەخاسمە ئەوەی پێوەندی بە کرێکارەوە هەیە.

- لەوانەیە نارەزایی لەسەر شێوەی بەکارهێنانی قازانجەکانی فرۆشتنی شمەکەکە هەبێ.

- لەوانەیە پاڵنەری تریش هەبن، لەوانە لایەنداری یان ناکۆکیی سیاسی، هەر بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر ئەگەری ئەوە هەیە لەڕووی سەرچاوەوە پاڵنەرەکانی بایکۆتکردنی ئابووری بگۆڕێ، لەوانەیە ئابووری یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان کولتووری بێ

یان لەوانەیە کۆمەڵێ پاڵنەر لەئارادا بن..

لەســـەر بایکۆتکردن لەلایەن بەکـــاربەرانەوە دەتوانین ئامـــاژە بە چەند نموونەیەک بکەین، لەوانە: بایکۆتکردنی گـۆشت لەلایەن ژنانی مـاڵەوە لە ساڵی ١٩٣٦ لە نیویۆرک وەک ناڕەزایی دەربڕین لەسەر گرانیی نرخەکەی، بایکۆتکردنی بەرهەمەکانی کۆمپانیای باکس ستوف ئان ڕانج لەلایەن ئەندامانی سەندیکا ئەمەریکاییەکانەوە، بایکۆتکردنی Knights of Labor دژ بە بەرهەمەکانی کۆمپانیای تووتنی لیڤت و مایرز لە ساڵی ١٨٩٣ کە شەش ساڵی خایاند، بایکۆتکردنی ئەندامانی حزبی دیموکراتیی کۆمەڵایەتی دژ بەو بارانەی ڕازی نەدەبوون ژوور بە کرێ بدەن بۆ کۆبوونەوەکانی ئەو حزبە لە کۆتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، بایکۆتکردنی کرێکارانی بەرلین بۆ ئەو بیرەیەی ئەندامانی کۆمەڵەی خاوەن کارگەکانی دروستکردنی بیرە بەرهەمیان دەهێنا لە ساڵی ١٨٩٤، بە گوتەی لیو ولمان ئەم بایکۆتکردنە بە ڕادەیەک کاریگەر بوو کە وای لە سکرتێری گشتیی ئەو کۆمەڵەیە کرد دان بەوەدا بنێ کە سەرهەڵدانی ئەو بایکۆتکردنە چەکێکی نوێ و کاریگەری بۆ ڕێگەکانی خەباتی کۆمەڵایەتی و پیشەسازی زیاد کرد.

هەروەها دەکرێ ئامـــاژە بۆ چەند نموونەیەکی تر بکەین، لەوانە: ئەو بایکۆتەی پرۆتستـــانت و کـاســۆلیکەکـان لە ســاڵی ١٩٣٤ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دژ بە فیلمە نائەخلاقییەکان جێبەجێیان کرد، بایکۆتکردنەکەی بەرشەلۆنە-ئیسپانیا لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٥٧ بۆ دەربڕینی بێزاری لە ڕێژیمی دەسەڵاتدار کە ١٥ ڕۆژی خایاند، بایکۆتکردنە بەناوبانگەکەی پاسەکانی گواستنەوە لە مۆنتگمری - ئەلاباما لەلایەن ڕەشپێستەکانی ئەمەریکاوە کە ٣٨١ ڕۆژی خایاند لە ساڵی ١٩٥٥ تا ساڵی ١٩٥٧، بایکۆتکردنی دانیشتووانە ئەفریقیاییەکان لە پۆگەندا بۆ هەموو شوێنە بازرگانییە ئاسیاییەکان و ژمارەیەک بەرهەمی نائەفریقیایی لە

ساڵی ١٩٥٩، هەروەها بایکۆتکردنی پیاوانی کاری بەریتانیایی بۆ چێشتخانەیەکی برژاندن لە سەنگافووره، ئەویش پاش ئەوەی ناوی چێشتخانەکەی لە Grile Elizabethanەوە گۆڕی بۆ Epicurean و وێنەی شاژنی بەریتانیای لە هۆڵەکەیدا لابرد.

دەکرێ ئاماژە بە چەندان نموونەیش لە ئەوروپای ژێر داگیرکردنی نازی بدەین لەوانە: نەکڕینی ئەو ڕۆژنامانەی لە شاری پراگ لەژێر دەستی ئەڵمانەکاندا بوون لە هەفتەی نێوان ١٤ تا ٢١ی ئەیلوولی ١٩٤١ لەلایەن خەڵکە نیشتمانپەروەرەکەوە. حکوومەتی چیکی لە تاراوگە لە لەندەن بانگەوازی بۆ ئەم بایکۆتکردنە کرد و ڕێکخراوێکی نیشتمانی لەناو شارەکەیشدا پلانی دانا کە بایکۆتکردنەکە چەند هەفتەیەک بخایەنێ. جۆزێف کوربڵ کە ئەوکاتە لەگەڵ حکوومەتی چیکی لە تاراوگە کاری دەکرد، جەختی کرد کە بایکۆتکردنەکە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە.

هەندێ جار لە ماوەی داگیرکردنی ئەڵمانیادا خەڵک لە پراگ بایکۆتی پاسە گشتییەکانیان دەکرد، بە ڕادەیەک پاسەکان بە بەتاڵی و بەبێ نەفەر دەسووڕانەوە.

بۆ تاقیکردنەوەی ڕادەی دامەزراویی پۆڵۆنییەکان لەکاتی داگیرکردنی نازیدا، سەرکردایەتیی بەرگریی نهێنی، لە هەندێ ماوەی دیاریکراودا، خەڵکی قەدەخە دەکرد لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامە ئەڵمانیاییانەی بە زمانی پۆڵۆنی چاپ دەکران و ڕۆژی هەینی دەردەچوون. فەرمانی قەدەخەکردنەکە لە سەرتاسەری پۆڵۆنیادا زۆر کاریگەر بوو، هەندێ جار لافیتەی سووک و ڕیسوایی دەدرا لەپشتی ئەو کەسەی ئەو ڕۆژنامانەی دەکڕی، یان لە دەرگای ماڵەکەی دەدرا، یاخۆ پیچکە بەرد و خشت (کەرپووچ)ی تێ دەگیرا تا کوشکی فرۆشتنی ڕۆژنامەکانی بەجێ دەهێشت.

ڕێگە جۆراوجۆرەکانی بایکۆتکردن لەلایەن بەرکاربەرانی زنجیی

باشووری ئەفریقیاوە جێبەجێ کراون.

لە ناڕەزایی لەدژی زیادکرنێکی کەمی کرێی پاسە گشتییەکان، دانیشتووانە ئەفریقیاییەکانی شاری ئەلیکسەندرا لە ٧ی کانوونی دووەمی ١٩٥٧ بەتەواوی بایکۆتی هێڵەکانی پاسیان کرد و لەبری ئەوانە لە هاتوچۆکانیاندا پایسکلیان بەکار دەهێنا، یان لەگەڵ شۆفێرانی دۆست و هاوڕێیان سوار دەبوون، زۆربەی جارانیش ڕۆژانە زیاتر لە ١٨ میلیان بە پێ دەبڕی. وێڕای تەنگاوکردنی توندی پیاوانی پۆلیس و گرتنی زیاتر لە ١٤ هەزار کەس، بایکۆتکردنەکە بۆ هەندێ شاری تریش پەلی هاویشت، لەوانە بریتۆریا و سەرجەم نێزیکەی ٦٠ هەزار ئەفریقیایی گرتەوە. بایکۆتکردنەکە ١٢ هەفتەی خایاند، پاش دانوستاندنی ژووری بازرگانی لەگەڵ لێژنەی هاوبەشی بایکۆتکردنەکە، بەمەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێکی کردەیی تا ئەو کاتەی لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێ، کۆتای پێهات.

بایکۆتکاران پاش ئەوە سەرکەوتنی تەواویان بەدەست هێنا، ئەویش کاتێ پەرلەمان ڕەزامەندی پیشان دا لەسەر دووهێندەکردنی ئەو باجەی خراوەتە سەر خاوەنەکانی هۆیەکانی گواستنەوە بۆ ئەوەی حکوومەت بتوانێ یارمەتیی دابینکردنی خەرجی گواستنەوەی ئەفریقیاییەکان بدا، تا کرێی گواستنەوە لە ئاستی پێشوویدا بمێنێتەوە.

کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقیایی کە لە بایکۆتکردنی پاسە گشتییەکاندا ڕۆڵی نەبوو، هانی ئەوەی دا کە بەدەست هاتووە، هەربۆیە بایکۆتکردنێکی بەرفرەوانی ئابووریی ئەو کۆمپانیایانە و بەرهەمەکانیانی کرد کە لەژێر دەسەڵاتی حزبی نیشتمانیدان. هەروەها ئەفریقیاییەکان بۆ ماوەی سێ مانگ بایکۆتی پەتاتەیان کرد کە خواردنی سەرەکییان بوو، لەبەرئەوەی بەزۆری لە ترانسفالی ڕۆهەڵات و هەندێ شوێنی تر لەلایەن ئەو بەندکراوە ئەفریقیاییانەوە دەچێنرا کە زۆربەیان بەهۆی پێشێلکردنی یاساکانی

پەرینەوەوە گیرابوون.

وێڕای هەموو کۆششەکان بۆ شکاندنی، بایکۆتکردنەکە بەردەوام بوو، تا ئەلبێرت لوتولی داوای کرد ڕابگیرێ.

نموونەی تر زۆرن کە ئاماژەن بۆ بەکارهێنانی بەرفرەوانی ئەم ڕێگەیە. جووتیارە کۆیلەکان لە ساڵی ١٨٥٩ لە ڕووسیای قەیسەری هەوڵیان دا بە ڕێگەی ئابووری ڕقی خۆیان بەرامبەر کۆیلایەتی دەرببڕن، ئەویش بە دەستپێکردنی هەڵمەتێک بۆ نەخواردنەوەی فۆدکا، بەمەبەستی بێبەشکردنی دەوڵەت لەو داهاتانەی بەهۆی قۆرخکردنی فرۆشتنی ئەم خواردنەوەیەوە دەستی دەکەوت.

دانیشتووانە ئەڵمانیاییەکانی ناوچەی ڕوهەر لەکاتی خەباتەکەیاندا لە ساڵی ١٩٢٣، ڕەتیان کردەوە سواری ئەو ژمارە کەمە لە شەمەندەفەر بِبن کە دەسەڵاتدارانی داگیرکەر وێڕای بەرگرییەکانی کرێکاران توانییان دابینیان بکەن. ساڵی ١٩٣٨ لە چوارچێوەی بزاڤی دابینکردنی هەلی کاردا بۆ زنجییەکان کە قەشە ئادەم کلایتۆن پاوڵ و ا.فیلیپ ڕاندولف و قەشە ویلیام لوید ئیمس ڕابەرایەتییان کرد، زنجییەکان لە هارلم-نیویۆرک بایکۆتی تاریککردنی ئێوارەی هەموو سێشەمانێکیان جێبەجێ کردن، لەڕێی بەکارنەهێنانی وزەی کارەبا بۆ ڕووناککردنەوە و لەبری ئەوە مۆمیان دادەگیرساند، ئەویش لەپێناو ئەوەی کۆمپانیای ئەدیسۆن زنجییەکان لە هەندێ کاردا بەکار بێنێ کە لەسەروو ئاستی سەرەتایی کارەکەوەیە.

لە شاری ناشفیل-تینیسی ماوەیەکی کەم پێش لە جەژنی فوسح لە ساڵی ١٩٦٠ ئەو زنجییانەی پشتگیرییان لە مانگرتنی قوتابییان لەپێناو ئامێتەکردنی مێزەکانی پێشکێشکردنی خواردن دەکرد، بڕیاریان دا بۆ کارکردنە سەر بازرگانەکانی شار جلوبەرگی نوێ نەکڕن. لە ١٠ی ئایار لە شەش فرۆشگەی ناوەڕاستی شاردا مێزەکانی نانخواردن ئامێتە (دمج)

کـران. لە هـاوینـی سـاڵی ١٩٦٠ نێـزیکەی ٢٥٠ هـەزار کـەس لە نـاوچەی فـیـلادلفـیـا بەرنامـەیەکی چاودێریکردنی نـاوبگیـری (انتـقـائي)یان دژی کـۆمـپـانیـای تایتـسی بـایکنگ لـە فـیـلادلـفـیـا ئـەنجـام دا بـەمـەبەسـتی بەدەستهێنانی دەرفەتی یەکسانی کارکردن بۆ زنجییەکان لە کۆمپانیاکەدا.

لە ترسی ڕوودانی بایکۆتی نوێ لەدژیان، هەردوو کۆمپانیای پیپسی کۆلا و گـۆڵف ئۆیل لە فـیـلادلفـیـا لە سـیـاسـەتی ڕابردوویان پاشگەز بوونەوە و زنجییەکانیان لە هەندێ کاردا دامەزراند کە پێشتر لێیان قەدەغە بوو.

هەندێ جـار لـەوانەیە بایکۆتکردنی بەکـاربەرەکـان بڵاوکـردنـەوەی هەندێ لیـست لەخـۆ بگرێ کـە شـوێنە بـازرگـانیـیـەکـان لـەژێر ناونیـشـانەکـانی "نـادادپەروەر" و "ڕەش" و "داخـــراو" و "چاودێری ناکـــەین" و "دادپەوەر"دا پۆلبـەند دەکا، یان کـارتی سـەندیکایی بەکار دێن بۆ ئاراسـتـەکردنی هێزی کڕین.

هەندێ جـار لـەبری دیاریکردنـی ئەو کـۆمـپـانیـایانەی پێـویسـتـە بـایکۆت بکرێن، ڕێگەی هـەڵمـــەتی کـــڕینی ناوبگیـــری گـــیـــراوەتـەبەر کـــە هـانی چاودێریکردنـی ئەو کۆمپانیایانە دەدا کە سیاسـەتێکی نـاڕەگەزپەرستـانە پێڕەو دەکەن، ئەویش لەپێناو تێپەڕاندنی ئەو یاسـایانەی لە هەندێ ویلایەتی ئەمەریکا دژ بە بایکۆتکردن دانراون.

٢- بەکارنەبردنی ئەو بەرهەمانەی بڕیاری بایکۆتکردنیان دراوە

ڕەنگە هـەندێ جـار ڕەتکردنەوەی ئەو بـەرهـەمـانـەی بڕیاری بـایـکۆتکردنیـان دراوە بگاتە ڕادەی بەکارنەهێنانیـان لەو کـاتەیش کە لای ئەو کەسەن مـادام بەکـارهێنانیـان وا دەکـا جـارێکی تر بێنەوە کـڕین. ڕێگەی بـەکـارنـەبردن پاڵەپەسـتـۆی کۆمـەڵایەتی دژ بە کـڕینی بەرهـەمـەکان زیاد دەکا، چونکە هیچ کەس ناتوانێ بەوە پاسـاو بۆ بەکاربردنی ئەو بەرهـەمانە بێنێتەوە کە پێشـتر

لای بوون. ئەم ڕێگەیە بە شـێـوازێکی تـایبـەت دانراوە نەخـاسـمـە لـەکـاتی خەباتکارییەکانی بایکۆتکردن دژ بە دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لە ئەمەریکا.

ڕێگەی بەکـــارنەبردن لەکـــاتی خـــۆیدا خـــرایە ڕیزی هاوردەنـەکـــردنی بەرهەمەکانی بەریتانیا، ئەمە جگە لە (نا)کانی تر کە لە بەرنامەکەدا دیاری کراون، بۆ نموونە دەقی یەکێک لە بڕگەکانی ئەو پلانی بەرگرییەی کۆنگرەی یەکـەمی کـۆلۆنی (داگـیـرگـە = مـسـتـعـمـرة) لە مـانگی ئەیلـوولی ١٧٧٤ لە فیلادلفیا پەسندی کرد دەڵێ:

لەو ڕووەوە کـە ڕێکەوتنامـەی بەکارنـەبردن کە بەتوندی پێوەی پابەندین، دەبێتە گەرەنتییەکی کاریگەر بۆ پابەندبوون بە هاوردەنەکردن، ئێمە کە لە سـەرەوە ناو براوین، بـە ڕژدی پابەندین و بـەڵێن دەدەین لەمـڕۆوە هیـچ بڕێک لەو چایەی لەلایەن کـۆمـپـانیـای هندی ڕۆهـەڵاتەوە هـاوردە کراوە، یـان هیچ بڕێکی کە ڕەسـمـی هاوردەکردنی دراوە یان لە داهـاتوودا دەدرێ، نەکڕین و بەکـار نەهێنین. هـەروەها ئێـمـە بەتایبـەت و هەمـوو ئەوانەی لای ئێـمـە کـار دەکـەن و لـەژێر فـەرمـانمـاندان بەڵێن دەدەیـن هیچ یەکـێک لەو شـمـەک یان بەرهەم یان کـاڵایانە نەکڕین کـە لەسـەر هـاوردەنەکردنیـان ڕێک کـەوتووین لەوانەی زانیـاریمان هەبـێ یان گـومـانمان لا دروست بووبێ کـە پاش یەکی کـانوونی یەکەم هاوردە کراون جگە لەو بەرهـەمانەی لەنێوان یەکی کـانوونی یەکـــەم و یـەکی شـــوبـاتدا هـاوردە کـــراون و لـەژێر چاودێریـی لێــژنـە ناوخـۆییـیـەکـەدا فـرۆشـراون و قـازانجـەکانیـان بۆ ئەو هـەژارانەی بەهۆی داخستنی بەندەری بۆستنەوە زیانیان پێ گەیشتووە، تەرخان دەکرێ.

٣- سیاسەتی دەستگرتنەوە (التقشف)

وەک بایکۆتـکردنی ئابووری، نەکـڕینی خـۆویسـتـانەی جـوانکارییـەکـان وەک بەشـێک لە خەباتی نـاتوندوتیژانە، هەندێ ڕەگەزی نارەزایی ناتوندوتیـژانەی ڕەمزی تێدایە.

لەوانەیە ئەم دەستگرتنەوەیە ئەنجامێک یان زیاتری هەبێ، هەروەها قووڵیی هەستی چالاکەکان بۆ دژبەرەکەو بەرگریکارە شیمانەییە ڕاڕاکان دەربخا. ڕەنگە حاڵەتەکانی دەستگرتنەوە هەندێ کاریگەری دیاریکراوی لەسەر ئەو گەلەی پێی هەڵدەستێ هەبێ، وەک بەهێزکردنی وابەستەبوونی بەخەبات، هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە بەکارنەهێنان و کڕینی جوانکارییەکان کاریگەرییەکی ئابووریی ئازاربەخشی بۆ دژبەرەکە هەبێ، هەربۆیە ئەم ڕێگەیەمان لە چوارچێوەی ڕێگەکانی بایکۆتکردنی ئابووریدا پۆلبەند کردووە.

نیشتەجێ ئەمەریکاییەکان یەکێک لە گرینگترین شێوەکانی ئەم ڕێگەیەیان جێبەجێ کرد. ڕێگەی دەستگرتنەوە پێوەندییەکی پتەوی بە ئامرازە جیاوازەکانی بایکۆتکردنی ئابوورییەوە هەیە، نەخاسمە ڕێگەی هاوردەنەکردنی بەرهەمە بەریتانیاییەکان. شێوەی دیاری سیاسەتی دەستگرتنەوە لەکاتی خەبات لەدژی یاسای پوولەکان لە هەردوو ساڵی ١٧٦٥ و ١٧٦٦ بریتی بوو لە سادەکردنەوەی زۆری نەریتی پرسەگێڕان کە زۆر ئاڵۆز بوو و پێویستی بە کڕینی بەرهەمی بەریتانیایی گرانبەها بوو. پاش ئەوەیش دەستبەرداربوون لە جلی گرانبەهای تازیەباری بۆ بێوەژنان، هەروەها خووی پێدانی دەسکێش و ملپێچی نایاب بە تازیەگێڕانی تریش هەڵوەشێنرایەوە.

ساڵی ١٧٦٤ پەنجا بازرگان وەک پێشدەستییەک بۆ دەرچوونی یاسای پوولەکان، ڕێکەوتنێکیان ئیمزا کرد بۆ جێبەجێکردنی ئەم دەستگرتنەوەیە، ئەمە جگە لە چەند هەنگاوێکی تر.

پاش ئەوەی ڕێکەوتنەکە چووە واری جێبەجێکردن، لە ویلایەتەکانی نیوهامبشایر و ڕود ئایلاند و نیوجێرسی و نیویۆرک و فیلادلفیا نەریتە فرەخەرجەکانی پرسە تەرک کران. ئەو کاتە مەزەندە کرا بەهۆی ئەو تەرککردنەوە ساڵانە زیاتر لە دە هەزار پاوەندی ئیستەرلینی پاشەکەوت

کرابێ. هەروەها واز لە بەکارهێنانی ترشەمەنی و کشکاش و خواردنی گۆشتی مەڕ هێنرا تا ئەو گۆشتە لە بازاڕدا زیاتر بەردەست بێ. هانی بەکارهێنانی خواردنەوەی جێگرەوەی ناوەخۆیی لەبری چا و بەکارهێنانی قوماشی خۆماڵی، لەناویاندا ئەو جلوبەرگەی لە کەتانی ئەمەریکایی دروست کراوە، درا.

دوای چەند ساڵێک، هەڵمەتێکی ناتوندوتیژانەی تر داوای بەکارهێنانی بەرهەمە ئەمەریکاییەکان و پابەندبوون بە دەستگرتنەوەی کرد. بەڵگەنامەی یەکەتیی کۆڵۆنییەکان بڕگەیەکی درێژی لەبارەی سیاسەتی دەستگرتنەوە تێدایە کە دەڵێ:

لە سەنتەرەکانماندا هانی پاشکەوتکردن و کەمخەرجی و پیشەسازی دەدەین و پاڵپشتی لە کشتوکاڵ و هونەر و خاوەن کارگەکانی ئەم وڵاتە دەکەین بەتایبەت کارگەکانی خوری. سەرکۆنەی هەموو شێوەیەکی بەفیڕۆدان و زیادەمەسرەفی دەکەین و لێیان دوور دەکەوینەوە، بەتایبەت پێشبڕکێی ئەسپسواری و شێوە جیاوازەکانی قومار و شەڕەکەڵەشێر و پێشانگەکانی ئەسپ و شانۆگەرییەکان و باقیی ئامرازە بەخەرجەکانی تری کات بەسەربردن و ڕابواردن. لەکاتی مردنی خزم یان هاوڕێیەکدا کەسمان یان ئەندامانی خێزانەکانمان بەرگی تازیە ناپۆشین جگە لە پارچەیەک قوماشی کریبی ڕەش یان شریتی ڕەش کە لە باڵ یاخۆ لە شەبقەی پیاوان و شریتێکی ڕەش و ملبەند بۆ ئافرەتان دەبەستریٚ و واز لە نەریتی دابەشکردنی ملپێچ لە پرسەکاندا دێنین.

ئەم ڕاسپاردانە بەشێوەیەکی بەرفرەوان لە ڕێی کۆڵۆنییەکانەوە جێبەجێ کران و شێوەی جۆراوجۆریان وەرگرت، وەک ئاهەنگ نەگێڕان بەبۆنەی دەرچوون لە کۆلێجە ڕەسمییەکان، داخستنی لانی کەم شانۆیەکی بووکەڵە و هانندانی سەما و ئاهەنگی گشتی، نەخواردنەوەی خواردنەوە کهولییە بیانییەکان و بیرەی هاوردە، هەڵوەشاندنەوەی ئاهەنگە گشتییەکانی

سـەمـاكـردن و پێشـەنگەكـان، سـەركـۆنەكـردنی قـومـار و پێشـبـڕكـێی ئەسپسواری و هـاندانی كۆشـشە بێوچانەكان بۆ چالاككردنی پیشەسـازیی ئەمەریكایی.

٤- كرێنەدان

كـرێنەدان یەكـێكە لە ڕێگەكـانی بـایكۆتی ئابـووری، ئەو كـەسـانە ئەنجـامی دەدەن كـە زەوییـەكی كشـتـوكاڵی یان خـانووبەرەیەكـیان بە كـرێ دەگرن و هـەست دەكـەن لەلایەن خاوەن مـوڵكەوەوە سـتەمـیان لێ دەكرێ. لەوانەیە تاك تاك یان بـەكۆمـەڵ كـرێ نەدەن تا لەگـەڵ مـوڵكدارەكـە دەگـەنە ڕێكەوتنـێكی هـەردوولا پێی ڕازی بن. ئەم ڕێگەیە هەندێ جار بە "كرێنەدان" یان "مانگرتن لە كرێدان" ناو دەبرێ. لەوانەیە كرێنەدانەكە بۆ ماوەیەكی كورت بێ و پاشتر هـەموو قـەرزەكە بدرێتەوە، لەم بارەدا نەدانەكە واتایەكی ڕەمـزی دەبێ. ئەگەر ئەوانەی ئامادە نین كـرێ بدەن سوور بن لەسـەر درێژەدان بە كرێنەدان، ئەوە دەبێ ئـامــادە بن بۆ ڕووبـەڕووبوونەوەی ئـەگـەری دەركـردن لە مـوڵكەكـە و بەدادگـەدانیـان. لە هـەندێ لە ویلایەتەكـانی ئەمـەریكا لەپێناو جێبەجێكردنی یاسـاكـانی نیشتەجێكردن و هـی تردا بە هـەندێ مەرج ڕێگە بە كرێنەدان درا.

لە نیـویۆرك كـاتـێ داگیـرگە بوو ڕێگەی كرێنەدان بـەفرەوانی بەكـار هـات، هـەروەهـا لە ڕووسـیـا و ئـێـرلەندا و وێڵـز و نیـویۆركی نوێ. لە مـانـگی حـوزەیرانـی ١٧٧٦ چوارسـەد تا پێنجسـەد وەرزێر لـە هـەرێمی دوچیس- ویلایەتی نـیویۆرك و هـی تریش لە هـەردوو هـەرێمی ئەلبـانی و ویسـچسـتـەر بڕیاریان دا كرێ نەدەن. زیاتر لەوەیش چوون و بڕیاریان دا ئەو كەسـانەیش ئازاد بكەن كـە بـەهۆی نەدانەوەی مـوڵكانـەكـانی سـەریانـەوە گـیـرابوون و هـەڕەشـەی ئەنجامدانی ڕێپێوانێكیان كرد بۆ شاری نیویۆرك.

سـاڵی ١٨٦١ كـاتێ قـەیسـەری ڕووسی مـەرسـومـێكی دەركرد و بەو پێیە كـۆیلـەكـانی زەوی ئـازاد كـرد، ژمـارەیەكی زۆریان لەوە بێـزار بوون چونكە

مەرسوومەکە دانی بەوەدا نەنا کە زەوییەکە بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە وەک ئەوان پێیان وا بوو. زۆریان پێشبینییان دەکرد قەیسەر مەرسوومێکی ئازادیخوازانەتر لەبارەی ئەم خاڵەوە دەربکا، هەر بۆیە ئامادە نەبوون ملکەچی هەندێ سیستمی نوێ بن کە بەسەریاندا سەپێنرابوون، لەوانە نەدانی مۆڵکانەی ئەو ماوەیەی زەوییەکانیان بەکار هێنابوو بە گەورەکانی ڕابردوویان، ئەمە جگە لە ڕەتکردنەوەی پێشکێشکردنی خزمەتگوزاریی نوێ بەوانە، یان ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی نوێ لەگەڵیان لەبارەی بەکارهێنانی زەوییەکان.

ڕازینەبوونی جووتیارە ئێرلەندایییەکان بە دانی کرێی ستەمکارانە یەکێک بوو لەو ڕێگە سەرەکییانەی بەرگری کە "رابیتەی نیشتمانیی زەوییەکان" گرتیە بەر، کە بە سەرۆکایەتیی نوێنەر شارلز بارنیل لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٨٧٩ لە شاری دبلن دامەزرا، بە مەبەستی کەمکردنەوەی کرێ بەرز و تاقەتپڕووکێنەکان و ئاسانکاریکردن بۆ ئەوەی بەرکارهێنەرانی زەوییەکان ببنە خاوەنی زەوییەکان. ئەمەی خوارەوە بەشێکە لەو بڵاوکراوەیەی ڕابیتەی زەوییەکان دابەشی کرد و ئاراستەی گەلی ئێرلەندا کراوە:

حکوومەتی ئینگلتەرا شەڕی لەدژی گەلی ئێرلەندا ڕاگەیاندووە، ئەو ڕێکخراوەی کە گەلی لە ستەمی خاوەن زەوییەکان پاراستووە پێی وایە حکوومەت تاوانبار و ناشەرعییە. سەردەمی تۆقاندن دەستی پێکردووە. بە بەرگریکردنێکی نێگەتیڤی سەرسەختانە ڕووبەڕووی حکوومەتی بەریتانیا ببنەوە. دروشمی "کرێ نییە" بەرز کراوەتەوە و دەبێ ڕۆڵەکانی گەل بیسەلمێنن ترسنۆکن یاخۆ بەڕاستی پیاون، هیچ کرێیەک مەدەن.

٥- خۆلادان لە دادگەی زەوییەکان

بارنیل لە وتارەکانیدا لە سەرانسەری ئێرلەندا پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد پێویستە ئێرلەندایییەکان پشت بە خۆیان ببەستن و تا بەدەستهێنانی

سەرکەوتن لە خەباتیان کۆڵ نەدەن:

دڵنیــا بــن لەوەی یاســای زەوی لە خــولی داهـاتوودا دەبێـتــە پێـوەر بۆ چالاکیتان لەم زستانە و سووربوونتان لەسەر نەدانی کرێ ستەمکارانەکان. ئەگەر ڕازی نەبن کار لەو کێڵگانەدا بکەن کە خەڵکی تریان لێ دەرکراوە، دەتوانن بگەنە چارەسەرێک بۆ کێشەی زەوییەکان کە بەدڵی خۆتان بێ. هەر بۆیە ئەم پرســە لەســەر ئێـوە وەســتــاوە نەک لەســەر هیچ لێـژنە یاخـۆ حکوومەتێک.

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی ناش-هەرێمی ویڵز، خاوەنی ٢٣٤ شـوێنی تایبەت بە بەکرێدان بە خـاوەن ترێلەکـان کـە لەشـێـوەی خـانووی گەڕۆکدا بوون، جەختیان کرد کە بەهۆی نارەزاییيان لـە زیادکردنی تێکڕای کــرێ و هەروەها لە بارودۆخ و بێکەڵکیی شــوێنەکــان، ئەو کــرێیــانەی لەسەریانە نایدەن.

دواین نموونـە لەبارەی کـرێنەدان کـە لێـرەدا بـاسی دەکـەین ئـەوە بوو کـە سـاڵی ١٩٦٣ لە گـەڕەکی هارلم لە شـاری نیـویۆرک ڕووی دا و نارەزایی بوو دژی خـراپیی بێـئەندازەی هەلومـەرجی نیشـتـەجێبوون و چاکنەکردنەوەی خانووەکانیان لەلایەن خاوەن خانووەکانەوە.

جیـسی گرای لە یەکی تشـرینی دووەمـەوە سـەرکردایەتیی جـموجـوڵی مانگرتن لە کرێدانەکەی کرد و کرێچییـانی ناو ١٦ خانوو بەشدارییـان تێدا کرد. لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ١٩٦٤ ژمارەی ئەوانەی کرێیان نەدەدا گـەیشـتـە پێنج هـەزار مـاڵبـات کـە لە سێـســەد شـوقـەدا نیشـتـەجێ بوون. ڕاپۆرتەکــان ئامـاژەیان بـەوە دا کـە مـانگرتنەکـە گـەیشـتـووەتە بـرۆکلین و برۆنکسـیش. لە سـەرەتاکـانی ئەو مـانگەدا دادگـەیەکی مـەدەنی لە شـاری نیـویۆرک فـەرمـانی بە دانیـشـتـووانی ئەو شـوقـانە کـرد کە درێژە بدەن بە نەدانی کرێ بە خاوەن شوقەکان و کرێکانیان ڕاستەوخۆ بدەنە ئەو دادگەیە،

دادگـەیش پـارەکـە دەداتە خـاوەن مـوڵکەکـان تەنیـا بەمـەبەسـتی ئەوەی شوقەکانیان پێ چاک بکرێنەوە.

رۆبەرت واگنەر سـەرۆکی شـارەوانیـی نیـویۆرک پێشنیـازی کرد یاسـایەک دەربکرێ کە مانگرتن لە کرێدان لە هەلومەرجی دژواری نیشتەجێبووندا بە کـارێکی ڕەوا دابنرێ، بـەو مـەرجـەی کرێکان بدرێنە سندووقـێکی تایبـەت بۆ بەکـارهێنانی پارەکـە لە چاککردنەوە و بـاشکردنی ئەو خـزمـەتگوزارییـانەی ئەرکی سەرشانی موڵکدارەکانە خەرجەکەی بگرنە ئەستۆ.

٦- بەکرێ نەگرتن

بەپێـچەوانەی ڕێـگەی نەدانی کرێی مـوڵکێکی کـرێگرتە، ڕێگەی بەکرێ نەدان برێتـیـیـە لەوەی وەک بەشـێک لـە بایکۆتکردن، بەکـرێگرێک ڕەتی دەکـاتەوە شوقـە یان پارچە زەوییەک بەکرێ بگرێ. بۆ نموونە لە کۆتاکانی حەفتـاکانی سـەدەی نـۆزدەیەم، بە مـەبەسـتی گوشـار دروسـتکردن بۆ باشـکردنی دۆخی ژیانیـان، جـووتیـارانی ڕووس بـەمـەبەسـتی دروسـتکردنی پاڵـەپەسـتـۆ بۆ چاککردنی باری گوزەرانیان، بەکۆمەڵ بڕیاریان دا ئەو کێڵگە کشتوکاڵییانە بەکرێ نەگرن، کە تەنانەت لەو کـاتەیش کە بە نرخێکی بەرز بە کرێ دەدرێن، ناکرێ نەچێنرێن.

هەڵمـەتی کرێنەدانەکە کـە لە ئێرلەندا جـێبـەجێ کرا و لە ڕێگەی پێشـوودا باس کـرا، بەکـرێنەگـرتنی ئەو زەوییـانەیـشی لەخـۆ دەگـرت کـە کـرێگرتە پێشووەکانیان دەرکرابوون.

٧- بایکۆتکردنی نیشتمانی لەلایەن بەکاربەرانەوە

بایکۆتکردنـی نیـشـتـمـانی لەلایەن بەکاربەرانەوە بـرێتیـیـە لەوەی ژمـارەیەکی زۆر لە بەکـاربەرانی دەوڵەتێک ڕەتی بکەنەوە بەرهەم یان خـزمـەتگوزارییـە هـاوردەکـانی دەوڵەتێکی تر بکڕن کە لەگـەڵی لەکێشـەدان. دەکرێ ئەم ڕێگەیە

لەلایەن دانیشتووانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان کۆلۆنییەک یاخۆ دەوڵەتێکی شوێنکەوتەوە کە لە هەوڵی بەدەستهێنانەوەی سەربەخۆییدایە، ئەنجام بدرێ.

لەوانەیە پاڵنەرەکانی ئەم کارە برێتی بێ لە:

- لاوازکردنی دژبەر لەڕووی ئابوورییەوە، یاخۆ خۆلادان لە بەهێزکردنی.

- پاڵپشتیکردنی ئابووریی نیشتمانی لەڕێی زیادبەکارهێنانی بەرهەمی نیشتمانی.

- هەوڵدان بۆ خۆپاککردنەوە لە حەزی هەڵبژاردنی بەرهەمە بیانییەکان کە لەوانەیە ڕۆڵی بینیبێ لە لەدەستدانی سەربەخۆیی ئابووری و بەدوایشیدا سەربەخۆیی سیاسی، ئەویش بۆ ئاماژەدانی ڕەمزی بە شۆڕش دژی سەرکوتکردن یان ستەمی سیاسی.

- بەهێزکردنی بزووتنەوەیەکی فرەوانتری بەرگری دژی دەوڵەتە بیانییەکە لەپێناو گێڕانەوەی سەربەخۆیی سیاسی.

- ناچارکردنی دژبەر بۆ ڕاستکردنەوەی هەندێ هەڵەی دیاریکراو و بەرگرتن لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە هەڵانە لە ئایندەدا..

یان لەوانەیە ژمارەیەک لەو پاڵنەرانە بن.

بەم شێوەیە، لەڕووی نیشتمانییەوە پاڵنەری گشتیی لاوازکردنی دەوڵەتە دوژمنەکە و بەهێزکردنی دەوڵەتی نیشتمانی دەبێ، لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی نیشتمانیی دیاریکراودا. ئەگەری ئەوە هەیە بایکۆتکردنەکە هەندێ بەرهەم و خزمەتگوزاریی دیاریکراو بگرێتەوە، یان دژ بە سەرجەم بەرهەم و خزمەتگوزارییە هاتووەکان لەو دەوڵەتەوە بێ، یان دژ بە هەموو بەرهەمە بیانییەکان بێ بەگشتی. دەکرێ لە یەک کاتدا چەند ڕێگەیەکی بایکۆتکردنی ئابووری کە لەم فەسڵەدا باس کراون بەکار بێن.

وەک پێـشــتــر وتمان، چـین بەزۆری بە مــەملـەکـەتـی کــلاســیکیی ڕێگەی بایکۆتکردنی نیشـتـمـانی لەلایەن بەکاربەران دادەنرێ، لەوانە هەڵمـەتەکانی بایکۆتکردنی چینی بۆ ژاپۆن لە ساڵانی ١٩٠٨ و ١٩١٥ و ١٩١٩.

ئەمـەریکاییـیـەکانیش لە کۆتاکانی سـەدەی هەژدەیەمـدا بە شـێـوەیەکی فـرەوانـتـر ئەم ڕێگەیەیـان تاقی کـردەوە. بـە کــارایـیــیــەکی زۆرەوە ڕێگەی بایکۆتکردنی ئابووریی نیشـتـمـانییـان بـەکار هێنا، ئەویش هـاوکـات لەگەڵ ڕێگەکـــانـی ڕەتکردنـەوەی هـاوردە و هـەنـاردەکـــردن و بەکـــاربـردنی ئـەو بەرهـەمــانـەی بـایـکۆتـکـردن دەیگرتنـەوە لە مــەودایـەکی فــرەوان و لە چـەند هەڵمەتێکدا، سەرەنجام توانییان یاسـای پوولەکان و ئەو یاسـایانەی باج کە تاونسند پێشنیازی کردبوون، جگە لە یاسای باجی چا، هەڵبوەشێننەوە.

بەڵگەنامـەی یەکەتیی کۆڵۆنییـەکان پلانێکی هەمـەگیـرتری بۆ بایکۆتکردنی ئابووریی نیشتمانی لەخۆ گرت، کە کۆنگرەی یەکەمی کۆڵۆنییەکان لە مانگی تشـرینی یەکـەمـی ١٧٧٤دا پەسندی کـرد. بـەپێی ئەم پـلانە دانیـشــتـووانی کـۆڵۆنیـیـە ئەمـەریکاییـیـەکـان هـاوردە و هـەنـاردەکـردن لەگـەڵ بەریتـانیـا و بەکارهـێنانی بەرهەمـەکـانی بەریتـانیـا و هەندێ شـمـەکی تری هـاوردە ڕەت دەکـەنـەوە. کـۆنگرەی کـۆڵۆنیـیــەکـان ڕایگەیـاند ئەم بەرنامــەیە خـێــراترین ڕێوشوێن و کاریگەرترینیان و بێوەیە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو ستەمکارییانەی دانیشتووانی کۆڵۆنییەکان دووچاری دەبن.

بڕیار درا ڕێوشـوێنە جیـاوازەکـان بە چەند قـۆنـاخـێک جێبـەجـێ بکرێن و پێش لە ١٠ی ئەیلوولی ١٧٧٥ ڕێوشـوێنەکانی هەناردەنەکردن نەخرێتە واری جێبەجێکردن. لەو سەروەختـەدا ڕێڕەوێکی سـەرەکی بەئاراسـتـەی دەسـتدانە یاخـیـبـوونی چەکـداری سـەری هەڵدا، هـەربـۆیە پلانەکـە بەتەواوی جێـبـەجـێ نەکرا.

لەوانەیـە پاڵنەری جـێـبـەجێـکردنی ڕێگەکـانی بـایـکۆتکردنی نـیـشــتـمـانی

لەلایەن بەکاربەرەکانەوە تا ڕادەیەکی زۆر جیاواز بێ و بە گەڕانەوە بۆ ئەو حاڵەتانەی باس کران ئەو جیاوازییە ڕوون دەبێتەوە، هەروەک لە بیروڕاکانی گاندی لەبارەی ئەم ڕێگەیانەی بایکۆت لەکاتی خەباتی گەلی هندیدا، دەردەکەوێ. بزاڤی بایکۆتکردنی هندی لە ساڵی ١٩٢٠ داوای لە بازرگان و خاوەن فرۆشگەکان کرد پێوەندیی بازرگانییان لەگەڵ دەرەوە بپچڕێنن، ئەویش لەڕێی بایکۆتکردنی بەرهەمە بیانییەکان و هاندانی بەهێزی پیشەسازییە نیشتمانییەکان.

لە هەڵمەتی هەردوو ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا گاندی پشتگیری لە بایکۆتکردنی دەستبەجێ و تەواوەتیی هەموو قوماشە بەرهەمهێنراوەکانی دەرەوە کرد، لەگەڵ ئەوەیشدا گاندی لەو کاتەدا پێی وا بوو بایکۆتکردنی بەرفرەوانی ئابووریی دژبەر کارێکی زۆرەملێیانەیە و لێرەیشەوە بەپێی بنەماکانی ناتوندوتیژی ڕێ پێنەدراوە. کاتێ گاندی ساڵی ١٩٣٠ خرایە زیندان بزووتنەوەی نیشتمانی دەستی کرد بە بایکۆتکردنی بەرهەم و خزمەتگوزارییە بەریتانیاییەکان، بەشێوەیەکی فرەوانتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا گاندی لەو کاتەدا ڕەزایی لەسەر بدا. بایکۆتکردنەکە زۆربەی بەرهەمە بەریتانیاییەکانی گرتەوە، نووسینگەکانی پۆستە کە حکوومەتی داگیرکەر بەڕێوەی دەبردن، سیستمەکانی برووسکەی بەریتانیاییەکان یان ئەوانەی ئەوان سەرپەرشتییان دەکردن، هێڵەکانی گواستنەوەی دەریایی و دامەزراوە بانکییەکان و کۆمپانیاکانی دڵنیایی.

پاش گەڕانەوەی گاندی لە کۆنگرەی دووەمی گردەمێز (الطاولة المستديرة) لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٣٢، هەموو هند کە لە کۆنگرەی نیشتمانیی هندی کەوتەوە جارێکی تر ڕەزامەندی پیشان دا لەسەر درێژکردنەوە و نوێکردنەوەی بایکۆتەکە. لە بڕیاری لێژنەکەدا هاتووە:

تەنانەت لە ململانەیەکی ناتوندوتیژانەیشدا، بایکۆتکردنی ئەو شمەکانەی

لە دەوڵەتە ستەمکارەکان بەرهەم دێن کارێکی تەواو شەرعییە، چونکە ئەرکی قوربانی نییە درێژە بە پێوەندیی بازرگانی لەگەڵ ستەمکارەکە بدا، بۆیە پێویستە دەست بە بایکۆتکردنی شمەک و دامەزراوە بەریتانیاییەکان بکرێ و بە وردی چاودێریی جێبەجێکردنی بکرێ.

گاندی وردە وردە بەرەو پشتگیری لە بایکۆتکردنی فرەوانی ئابووریی دژبەر گۆڕانی بەسەردا هات و ڕەزامەندی پیشان دا لەسەر بایکۆتکردنی ئابووریی دەوڵەتی دەستدرێژکار.

٨- بایکۆتکردنی نێودەوڵەتی لەلایەن بەکاربەرانەوە

دەتوانین ئەو بایکۆتەی بەکاربەران، بەهۆی سکاڵایەکی دیاریکراوەوە، لە چەند دەوڵەتێک دژ بە هەندێ بەرهەمی دیاریکراوی نێودەوڵەتی ئەنجامی دەدەن، بە بایکۆتکردنێکی نێودەوڵەتیی بەکاربەران ناو ببەین. بە گوێرەی ئەو ڕێگەیەی پێشتر باس کرا، لەو جۆرە بایکۆتەدا تەنیا ئەوە نییە کە بەکاربەرانی چەند دەوڵەتێک بەشداری ناکەن، بگرە پرسەکە لەڕووی مرۆیی و جیهانییەوە خۆی لە خۆیدا دەبێتە خاڵێکی جێبایەخی فرەوانتر.

ئەم ڕێگەیە جیاوازە لەو فەرمانی قەدەخەکردنەی حکوومەتەکان دەری دەکەن، کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا باسی دەکەین.

بایکۆتکردنی شمەکە ئیسپانییەکان لە ساڵی ١٩٠٩ وەک ناڕەزایی لەدژی لەداردانی فرانسیسکۆ فیرەری خەباتکار، نموونەیەکە لەسەر بایکۆتکردنی نێودەوڵەتی لەلایەن بەکاربەرانەوە، ئەمە جگە لە بایکۆتکردنی شمەکە مەجەرییەکان ساڵی ١٩٢٠ وەک ناڕەزایی لەسەر سەرکوتکردنی کرێکاران لەلایەن حکوومەتی مەجەرییەوە، هەروەها بایکۆتکردنی ئەو شمەکانەی لە باشووری ئەفریقیا بەرهەم هاتوون لە ساڵی ١٩٦٠وە.

## ئەو کارانەی کرێکار و بەرهەمهێنەران دەیکەن

١- بایکۆتکردنی کار لەلایەن کرێکارانەوە

ئەم ڕێگەیە برێتییە لەوەی کرێکاران ڕەتی دەکەنەوە کار بە هەندێ کەرەستە و ئامــراز بکەن کــە لـە بارودۆخــێکی نادروســتــدا لـەلایەن ڕێکخــراوە کـرێکاریـیــەکـانـەوە دروست کــراون، لەو ڕووەوە کـە هـەڕەشــەن بـۆ ســەر خۆشگوزەرانیی کرێکاران.

ئەم ڕێگەیە دژ بە بەرهەمە بیانییەکان، دژ بەو شمەک و مادانەی لەلایەن زیندانیـیەکانەوە دروست کراون، دژ بەو شمـەکانەی بە ئامـێرە نوێیـەکان دروست کـراون کـە مـەترسین بۆ سـەر دەسـتـی کـار، دژ بـەو شـمـەکـانـەی کەسانێک بەرهەمیان هێناوە کە سەر بە یەکەتییە کرێکارەکان نین، هەروەها دژ بەو شمـەکە کـواڵیتی نزمانەی کـە لە بارودۆخێکی کارکردنی خـراپدا بەرهەم دێن، بەکار هاتووە.

ساڵی ١٨٣٠ کرێکارە میاومونەکانی چاککردنی بەرد لە ویلایەتی نیویۆرک بایکۆتی چاککردنی ئەو بەردانەیان کـرد کـە زیندانیـیـەکـان دەیانبـڕین، هەروەها چالاکانە هەوڵیان دەدا خەڵکانی تریش قایل بکەن تا ئیش لەسەر ئەو بەردانە نەکەن کە لە گرتووخانەکانی ویلایەتەکەوە دێن. ساڵی ١٩٨٥ ئەندامانی سەندیکای Knights of Labor کە لای کۆمپانیای هێڵی ئاسنی Union Pacific و لقـەکـانی و لای کـۆمـپـانیـایJay Goulds Southwestern ڕەتیان کردەوە ئۆتۆمبیلەکانی کۆمپانیای Wabesh چاک بکەنەوە بەهۆی دوژمنایەتیکردنی بۆ کرێکارانی سەر بە سەندیکاکەیان).

ساڵی ١٩٠٠ کۆمـەڵەی کـرێکارانی چاککردنـی بەرد داوای لە ئەندامـانی

کــرد ئەو بەردانە چاک نەکــەن کــە بە ئامــێــر براون، لەو ڕوانگەیەی مەکینەسازی هەلی کارکردن بۆ بەردبڕەکان کەم دەکاتەوە.

لە ســاڵی ١٨٩٦ تا ســاڵی ١٩١٠ ئەندامــانی ســەندیکای یەکگرتووی دارتاشــان ڕەتیان دەکردەوە ئەو زەخرەفە تەختەییانەی لە کارگەکانی دەرەوەی ســەندیکا دروست کــراون و ژن و منداڵ کــار پێدەکــەن دەکــەن، ببەستن.

٢- ڕازینەبوونی بەرهەمهێنەران بە فرۆشتن یان ڕادەستکردنی شمەکەکان

ئەم ڕێگەیە بایکۆتکردنی بەرهەمــهــێنەران یان مــانگرتن لە فــرۆشتن دەگرێتەوە. برێتییە لەوەی بەرهەمهێنەران ڕازی نابن بەرهەمەکانیان بفرۆشن یان ڕادەستی کەسانی تری بکەن. لەوانەیە لەم ڕێگەیەدا تەنانەت دەست لە بەرهەمــهــێنانی شــمــەکیش هەڵبگیرێ، بەشــێــوەیەک ئیــتــر ڕادەستکردن لە ئارادا نامێنێ. دەکرێ ئەم جۆرە بایکۆتکردنە لەلایەن هەر تاقــمــێک لە بەرهەمــهــێنەرانەوە ئەنجــام بدرێ، لە وەرزێرەکــانەوە تا پیشەسازان.

لەوانەیە هۆکانی جێبەجێکردنی ئەم ڕێگەیەش جــیاواز بن: لەوانەیە پاڵنەرەکە ئەوەبێ کە لە ڕێی کەمکردنەوەی بڕی شمەکەکە لە بازاڕەکاندا نرخــەکــەی بەرز بکرێتــەوە، یان پاڵنەرەکــە پاڵپــشــتــیکردنی هاوڕێ بەرهەمهێنەرەکانیان بێ کە گەمارۆیان بە سەردا سەپێنراوە. لە هەندێ کاتی تردا دەکرێ ئەم ڕێگەیە ببێتە بەشێک لە بزووتنەوەیەکی بایکۆتکردنی فرەوانتر دژ بە ڕیژیمێکی حوکمڕانی دوژمن یاخۆ دەوڵەتێکی داگیرکەر.

ئەو نموونانەی لێرەدا هاتوون لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانییەوە تا ماوەی داگیرکردنی نازی بۆ هۆڵەندا و داگیرکردنی چین لەلایەن ژاپۆنەوە دەگرێتەوە، لە کۆتایی سەدەی دووەمی زاینی خاوەنی نانەواخانەکان و

بەڕێوەبەرانی فـرۆشگەکـانی نان لە ئەفـیـسـو لە ئـاسـیـای بچـووک چەند کۆبوونەوەیەکیـان بەست و بەکۆمـەڵ بەرهـەمهـێنانی نانیان ڕاگرت. بەهۆی ئەم هەڵوێسـتـەوە کونسولّی ڕۆمانی لە ئـاسیا مـەرسـوومێکی دەرکرد تێیدا ڕێگەی گرت لە نانەواچی و بەڕێوەبەرانی فرۆشگەکانی نان کۆبوونەوەی تر ببـەسـتن و داوای لێ کردن ملکەچی سـیسـتـمە کـارپێکراوەکـان بن، هەروەها فەرمـانی پێ کردن بەبێ سرتەسرت کرێکاری پێـویست بۆ ئامادەکردنی نان بۆ شـارەکە دەستەبەر بکەن.

جـووتیـارە نەرویجـیـیـەکان لە سـەدەی یـازدەیەمدا ڕەتیـان کـردەوە پیـاو و ئـازووقــە بۆ هەڵمـەتـە سـەربازییـەکـانی شـا لـە دژی دانیـمـارک و سـوید و ئینگلتـەرا دابین بکەن. (لە ئـەنجـامـی ئەم جـمـوجـووڵەدا شـەڕ بـە تەواوی وەسـتـا). لە کۆڵەنییە ئەمـەریکاییـەکان هەندێ ڕۆژنـامە پاش یەکی تشـرینی دووەمی ١٧٦٥ لەگەڵ سەرەتای جێبەجێکردنی یاسای پوولەکان لە دەرچوون وەسـتـان، ئەویش بۆ ئەوەی خۆیان لابدەن لە دانانی پوولی باج لەسـەر هەموو دانەیەکی ڕۆژنامەکە وەک کە یاساکە سەپاندبووی.

سـاڵی ١٩٨٦ کۆمـەڵەی بەرهەمـهـێنـەرانی بیرە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان هـەوڵـی دا ڕووبەڕووی ئەو بـایکۆتە ببـێـتــەوە کــە بەکـاربەران بە دنـەدانی سـەندیکاکـانی کـرێکاران دژی ژمـارەیەک لە کـارگـەکـان ڕایان گەیاندبوو. کۆمـەڵەکە لـە بڕیارێکیدا ئەندامـانی قەدەخە کرد لە فرۆشـتنی بیرە بە هەر فرۆشـیارێکی دەسگێڕ (...) کە مـامـەڵە لەگەڵ ئەو کارگانە دەکا بایکۆتەکە گرتبـوونیەوە. ئامـانج لەوە ناچارکردنی فرۆشیـارانی دەسگێڕ بوو بۆ کڕینی بیــــرە لەو کــــارگــــانەی بـایکۆت کــــراون، ئـەویش بـەوەی نەتـوانـن لـە بەرهەمـهـێنـەرانی ترەوە بیرەیان دەست بکەوێ. سـاڵی ١٩٣٢ جـووتیـارانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە مـەبەسـتـی باشکردنی نرخ بەشـێـوەیەکی فـرەوان فرۆشتنی شیر و گۆشتی مەڕ و ماڵاتیان ڕاگرت.

ئەم جۆرە بایکۆتە ئابوورییە لە ئەورووپای ژێر داگیرکردنی نازیدا جێبەجێ کرا. لە کۆتاکانی مانگی نیسانی ١٩٤٣ جووتیارانی هۆڵەندا وەک هاوهەڵوێستی لەگەڵ کرێکارە مانگرتووەکانی شارەکان دژی حوکمڕانیی نازی، ئامادە نەبوون شیر بدەنە کارگەکانی کەرە و پەنیر.

لە پۆڵۆنیا لە ساڵە یەکەمەکانی داگیرکرانی لەلایەن نازییەکانەوە، وێڕای پاڵەپەستۆی جۆراوجۆر، جووتیارەکان چەندان ڕێگەیان بۆ چەواشەکردنی ئەڵمانەکان پەرە پێدا و بە فرتوفێڵ خۆراکیان بۆ خۆیان ئەمبار دەکرد و تەنیا بەرهەمە جۆر خراپەکەیان دەدایە ئەڵمانەکان و ئەوەی پێیان نەکرایە بیپارێزن لەناویان دەبرد.

لە باکوری چینی ژێر داگیرکردنی ژاپۆنییەکان، حکوومەتی سنوور، کە جۆرە ڕێکخراوێکی بەرگری بوو و هاوکات حکوومەتێکی هاوتەریبیش بوو، بۆی ڕوون بوویەوە کە نابێ بەرهەمی لۆکەی ساڵی ١٩٣٧ بفرۆشرێتە ژاپۆنییەکان، هەر بۆیە داوای لە جووتیارەکان کرد بەرهەمی لۆکە بە ڕێژەی نێزیکەی ٧٠٪ کەم بکەنەوە و ئەو زەوییانەی لۆکەیان تێدا نەچێنراوە بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و سەوزە سوود لێ ببینن، بەم شێوەیە ژاپۆنییەکان بڕێکی کەمتر لۆکەیان دەست کەوت.

## ئەو کارانەی میانەکان ئەنجامیان دەدەن

بایکۆتکردن لەلایەن دابینکەر و میانەکان

بایکۆتکردن لەلایەن دابینکەر و میانەکان (وسائط) ئەوەیە کرێکاران یان میانەکان لە جوملەفرۆش و دەلاڵ و دابەشکەرەکان هیچ بەروبوومێک دابین ناکەن، لەوانەیە هۆی ئەمەیش برێتی بێ لە:

– نارەزایی دەربرین دژی شێوەی بەکارهێنانی کالاکان لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەی مانگرتنیان لەدژ کراوە، یان لە حالەتی شەڕ، یاخۆ لەلایەن رێژیمی دەسەلاتداری ناحەزەوە.

– نارەزایی دەربرین دژی سروشتی راستەقینەی کالاکان.

– نارەزایی دەربرین دژی ئەو هەلومەرجەی کالاکانی تێدا بەرهەم هاتووە، وەک کۆیلایەتی و جیاکاریی رەگەزی، یان سەرکوتکردن، یان هەلومەرجی کەمتر دژوار کە بە ستەمکارانە دەرهەق بە رێکخراوە کرێکارییەکان دادەنرێ، وەک کەمیی کرێ یان کارپێکردنی ئەوانەی مانگرتنەکان تێک دەدەن.

نموونەی زۆر لەسەر ئەم جۆرە بایکۆتە هەیە کە بۆ پالپشتیکردنی مانگرتنەکان ئەنجام دراون.

لە سالی ١٩٢١ داوا کرا بۆ پشتیوانیکردن لە کرێکارانی کانێکی مەرمەر، ناردنی لم بۆ ئەو کانە بایکۆتکراوە رابگیرێ و بەو هۆیەشەوە برینی مەرمەر دەوەستێ تەنانەت ئەگەر کۆمپانیاکە بشتوانێ کەسانی تێکدەری مانگرتنەکە دابمەزرێنێ. هەروەها زۆر جار سەندیکاکانی کرێکاران هەولیان

داوە بەرهەمـهێنەر و دابینکەرەکان قـایل بکەن بەرهەمـەکانیـان نەدەنە ئەو کۆمپانیایانەی بەکاربەران بایکۆتیان کردوون.

ئەم پێنەدانی کاڵایە شێوەیەکە لە شـێوەکانی مانگرتنی هاوسۆزی. هەندێ حـاڵەتیش دەبینین کـە تێـیـاندا ڕێگەی بایکۆتکردن لەلایەن دابینکەر و میانەکان لەگەڵ مانگرتنی هاوسـۆزی ئامێتـە دەبن، ئەویش لەوکاتەی ڕێگەی یەکەم بەشێوەیەکی بەرفرەوان جێبەجێ بکرێ.

بۆ نموونـە لە هاوینـی ١٨٩٤ یەکـەتیی ئـەمـەریکایی بـۆ کـرێکارانی هـێـڵی ئاسن کە یۆجین دبس سەرۆکایەتی دەکرد، فەرمـانی بە ئەندامـانی کرد کـار لە هـەر شـەمـەندەفـەرێکدا نەکەن کـە عـەرەبانـەی پۆڵمـانی پـێوە بەسـتـرابێ، ئەوەیش بۆ دەربڕینـی پاڵپشـتی بۆ فـەرمـانبـەرە مـانگرتووەکـانی کۆمـپـانیـای Pullman Palace Car Co. ئەم کارە بەخێرایی گۆڕا بۆ مانگرتنی هاوسۆزی، لەبەرئەوەی زۆربەی ئـەو شـەمـەندەفـەرانـەی بۆ شـیکاگۆ دەچـوون عـەرەبانەی پۆڵمانیان پێوە بوو.

ساڵی ١٩٢٥ لە بەریتانیا لەلایەن میانەکانەوە گەمارۆ خرایە سەر خەڵووز. خاوەن کـانەکـانی خەڵووز لە ئاگەدارکردنەوەیەکدا ماوەی مـانگێک مۆڵەتیان دانا بۆ هەڵوەشـاندنەوەی ڕێکەوتنامەی نیشـتمـانی بـۆ کرێ کە سـاڵی ١٩٢٤ ئیـمـزا کـرابوو. کـۆتاهێنان بە کـارکـردن بەو ڕێکەوتنـامـەیە دەبووە مـایەی کەمکردنەوەی کرێ بە ڕێژەی ١٠٪ تا ٢٥٪. سـەندیکاییـەکان لە وەڵامی ئەو ئـاگـــەدارکـــردنـەوەیـەدا بـڕیاریـان دا لـە ٣١ی تـەممـووزەوە، کــــە وادەی دەسـتـپـێکردنی ئەو ئاگەدارکردنەوەیە بوو کە دەسـتـەی گشـتـیی کۆنگرەی یەکەتیی سەندیکاکانی کرێکاران فـەرمانی پێکردبوو، گـواستنەوەی خـەڵووز قەدەخە بکرێ.

ســاڵی ١٩٤٢ لە دوورگــەی لویس، دیســان لە بەریتــانیــا، کــرێکـارانی بەندەرەکە، کـە سـەر بە هـەمـان ئەو یەکەتییە بوون کە کرێکارانی کارگەکانی

ڕستنی دوورگەکەیشی تێدا بوو، ڕێگەیان نەدا بە گواستنەوەی ئەو قوماشە هاوردەکراوەی کە بە نرخێکی وا دەفرۆشرا هەڕەشەی لە بەرژەوەندیی کرێکارانی ڕستن دەکرد، هەروەها ئەو جلوبەرگانەیش کە لەو قوماشە هەرزانە دروست دەکران.

ساڵی ١٩٢٠ کرێکارانی بەندەرەکە ڕەتیان کردەوە ئەو چەکانە بار بکەن کە دژی شۆڕشگێڕانی ڕووس بەکار دەهاتن.

ساڵانی ١٩٣٧ و ١٩٣٨ کرێکارانی بەندەر لە لیڤەرپوول و گلاسکۆ و ساوزهامپتۆن ئامادە نەبوون ئەو چەکانە بار بکەن کە ژاپۆن دژی چین بەکاری دەهێنان. ساڵی ١٩٤٦ سەندیکاییەکانی نیوزیلاندا و ئوسترالیا ئەو چەکانەیان بار نەکرد کە بۆ بەکارهێنانیان دژی ئەندەنووسییەکان ئامادە کرابوون.

ساڵی ١٩٤٣ خاوەن هۆڵەکانی سینەما لە پورتوگال ڕازی نەبوون فیلمی ئەڵمانی پەخش بکەن، لە کۆتاییدا گۆبلز بڕیاری دا کە پێویستە ئەڵمانیا هۆڵی سینەمای تایبەت بەخۆی بکڕێ.

لە دوو حاڵەتدا بەشێوەیەکی نائاسایی گوزارشت لەم ڕێگەیە کراوە، کاتێ کۆمپانیاکانی دەلاڵیی دارایی ڕازی نەبوون ئەو سەنەدانەی قەرز (سندات الدين) بفرۆشن کە ویلایەتە باشوورییەکان دەریان دەکرد کە لە هەڵمەتی وەحشییانە دژ بە چالاکانی بواری مافە مەدەنییەکان تێوەگلابوون.

حاڵەتی یەکەم پاش مانگی حوزەیرانی ١٩٦٤ ڕووی دا، ئەو ماوەیەی کە ژمارەیەک لە بەرگریکاران لە مافە مەدەنییەکانی لە شاری فیلادلفیا – میسیسیپی تێدا کوژران، کاتێ کۆمپانیای باکستەر و هاوبەشەکانی لە نیویۆرک و کلیفلاند ڕەتیان کردەوە مامەڵە بە سەنەدەکانی قەرزی هەردوو ویلایەتی میسیسیپی و ئەلاباما بکەن. حاڵەتی دووەمیش ساڵی ١٩٦٥ ڕووی دا پاش ئەوەی جۆرج والیس حاکمی ویلایەتی ئەلاباما ڕایگەیاند گەنجینەی

ویلایەتەکـە پارەی پێـویسـتی تێـدا نیـیـە بۆ پاراسـتنی ڕێـپـێـوانەکـەی بەرگریکاران لە مـافـە مـەدەنییـەکان لە سـەلماوە بۆ مـۆنتگمـری، کۆمـپـانیـای دەلاڵیی دارایی دەسـەلاتدار ڕایگەیاند مـامـەڵە لەگـەڵ ئەو سـەنەدی قـەرزانە ناکا کە لە ویلایەتەکەی دەرچوون، ئەویش لەو ڕووەوە کە لێدوانی حـاکمـەکە بە ڕوونی دەری خست کڕینی ئەو سەنەدانە سەرکێشییەکی داراییە.

حـاڵەتێکی زۆر جیـاواز لە بـایکۆتکردنـی میـانەکـان، لەلایـەن کـرێکارانی کارگەکانی کاغەز ئەنجام درا کە هاوکات بوو لەگەڵ مانگرتنێکی کرێکارانی پیتچنین، بایکۆتەکەیش یەکەتییە کرێکارییەکانی ژێر دەسـەلاتی شیوعییەکان پێش لە کودەتا شـیوعییەکە جێبەجێیان کرد. کرێکـارانی کارگەی کـاغەز لە ئەنجـامـی وتارێکی ڕەخنـەیی دژ بە یەکـەتیی سـۆڤـیـەت و سـیـاسـەتی حـزبە شـیـوعـیـیـەکـان، چەند جـارێک ڕەتیـان کـردەوە کـاغـەز بدرێتـە ڕۆژنامـە دیموکراسـیـیـەکان لە پراگ و براتسـلانا و هەروەها ڕێگەیـان بە بارکردن و بەتـاڵکردنی کـاغـەز نەدا. هەروەک کـرێکـارانی پیـتـچنین ڕەتیـان کـردەوە لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژنامانە سـەفت بکەن. لە مانگی شوباتی ١٩٤٨ و بەردەوام پێش لە کودەتاکە، ڕێوشوێنێکی هاوشێوە گیرایە بەر.

لە بارتسـلاڤیـای پایەتەختی سلۆڤاکیا، کرێکارانی چاپخـانەکان ڕەتیان کردەوە چاپخانـەکانی حزبی دیموکراتی بخەنـە کار. لە بۆهینیا کرێکارانی ژمـارەیەک لە کارگـەکان ڕەتیان کردەوە ئەو کاغـەزەی ڕۆژنامـە کاسـۆلیکی و ڕۆژنامەکانی حزبی سۆشیالیستی نیشتمانی بەکاریان دەهێنا بەرهەم بێنن، هـەروەها کـرێکارەکـانی هێـڵـە ئاسـنینەکـانیـش بارکـردن و بەتاڵکـردنی ئەو کاغەزەیان ڕەت کردەوە.

لـە کـــاتی ئەو کـێـــشــــەیەی لە هەردوو ســـاڵی ١٩٥١ و ١٩٥٣ لە پاش خـۆمـاڵیکردنی کۆمـپـانیـای نەوتی بەریتـانی ئێرانی لەلایەن ئێرانەوە سـەری هەڵدا، یەکـــەتیـی نێــودەوڵەتیی کـــۆمـــپـــانیـــاکـــانی نـەوت ڕایگـەیاند ئەو

کۆمپانیایانەی ڕێگە بە بارهەڵگرەکانیان دەدەن نەوت لە ئەمبارەکانی کۆمپانیای نەوتی تازە خۆماڵیکراوی ئێران بار بکەن، مافی ئەوەیان نییە داوای باربردن لە کۆمپانیاکانی سەر بە یەکەتییەکە بکەن، بەو هۆیەشەوە لە ماوەی دەسەڵاتی موسەدەق لە نێوان مانگی نیسانی ١٩٥١ تا مانگی ئابی ١٩٥٣، کەمتر لە ٤٠ بارهەڵگر لە ڕێی دەریاوە نەوتی ئێرانیان دەگواستەوە.

## ئەو کارانەی خاوەن و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکان ئەنجامیان دەدەن

١- بایکۆتکردن لەلایەن بازرگانەکانەوە

ڕێگەی بایکۆتکردن لەلایەن بازرگانانەوە برێتییە لەوەی تاک - فرۆشـان خۆ دەبوێرن لە کڕین و فرۆشتنی هەندێ شمەکی دیاریکراو، هەروەک لەوانەیە بەرهەمهێن و دابینکەرەکان بەرهەمەکانیان نەفرۆشنە هەندێ کۆمپانیای تایبەت بۆ پتەوکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان، هەروەها لەوانەیە تاکفرۆشان لەبەر هۆی هاوشێوە شت لە بەرهەمهێن و کۆ-فرۆشان بکڕن. لەوانەیە پاڵنەری سیاسی یان ستەمکارییە نیشتمانییەکان بزوێنەری ئەم هەنگاوانەوە بن.

لەوانەیە بایکۆتکردنی بازرگانەکان برێتی بێ لە نەفرۆشتنی هەندێ بەرهەمی دیاریکراو لەگەڵ ئەوەی بڕێکی زۆریشیان لەو شمەکە هەیە. ئەم نەفرۆشتنە دەکرێ -بۆ نموونە- بۆ پاڵپشتیکردنی بایکۆتکردنێکی فرەوان بێ لەلایەن بەکاربەرانی بەرهەمە بیانییەکانەوە لە کاتی خەباتی بزووتنەوە نیشتمانییەکاندا.

ساڵی ١٩٣٠، جگە لە هەڵوەشاندنەوەی داوانامەکانی کڕین لە دەرەوە، قوماشفرۆشانی هندی هەندێ جار ئەو قوماشە بیانییانەیان نەدەفرۆشت کە لە سەر ڕەفەی دووکانەکانیان بوون، ئەویش لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی بایکۆتکرنی بەرفرەوانی ئەو جۆرە قوماشانە لە کاتی هەڵمەتەکانی سەربەخۆییدا. هەروەها بازرگانانی چینی لەکاتی هەڵمەتی بایکۆتکردنی کاڵا ژاپۆنییەکاندا لە ساڵی ١٩١٩ کڕین و فرۆشتنی کاڵای ژاپۆنییان ڕەت

کردەوە، تەنانەت ئەوانەیش کە لەلایان مابوونەوە.

یەکەتیی کۆڵۆنییە ئەمەریکاییەکان لە ساڵی ١٧٧٤ بەڵێنی دا لە یەکی کانوونی یەکەمی ئەو ساڵەوە بازرگانەکان بەتەواوی دەست لە بەشداریکردن لە بازرگانیکردن بە کۆیلەوە هەڵدەگرن، "چی تر بایەخ بەو بازرگانییە نادەین، هەروەها کەشتییەکانمان بەکرێ نادەین و کاڵا و بەرهەمەکانمان نافرۆشینە ئەوانەی بەشداری لەو بازرگانییەدا دەکەن".

٢- بەکرێنەدان و نەفرۆشتنی موڵک

لەوانەیە خاوەن خانوو و باڵەخانە و موڵکەکانی تر لەبەر هۆی جۆراوجۆر ڕازی نەبن موڵکەکانیان بە هەندێ کەس یان دەستە و تاقمی دیاریکراو بەکرێ بدەن، یان بفرۆشن.

ئەم ڕێگەیە، کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی بەرفرەوان دژ بە زنجییەکان بەکار هاتووە، لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە چینیش دژ بە نێردە مەسیحییەکان بەکار هاتووە، لەبەرئەوەی چینییەکان ڕۆژئاواییەکانیان بە بەربەری و شەیتان و بێگانە دادەنا. یەکێک لە ئەندامانی نێردەیەکی مەسیحی دەگێڕێتەوە لە مانگی ئابی ١٨٦٨ هەوڵەکانی بۆ بەکرێگرتنی نێزیکەی سی خانووی جۆرەوجۆر لە شاری یانگ شو شکستی هێناوە و لە کۆتاییدا توانیویەتی یەک خاوەن ماڵ بدۆزێتەوە کە ڕازی بووە خانووەکەیان بەکرێ بداتێ، بەڵام دواتر حەشاماتێک پەلاماری ماڵەکەیان داوە.

٣- داخستن

لە ڕێگەی داخستندا، خاوەن کارەکە، نەک کرێکاران، دەست لە کار هەڵدەگرێ کاتێ بەشێوەیەکی کاتی کۆمپانیایەکی دیاریکراو یان هەر یەکەکی تری ئابووری دادەخا، وەک ئامرازێک بۆ ناچارکردنی کرێکارەکان

تا هاوکاری لەگەڵ بکەن. ئەم ڕێگەیە دەچێتە خانەی کاری ناتوندوتیژانە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری ئەوە هەیە بەکارهێنانی پۆلیس یان سوپا لە بری ئیدارە ببێتە مایەی بەکارهێنانی توندوتیژی، وەک ئەو توندوتیژییەی لەکاتی مانگرتنی کرێکاران یان خاوەن کارەکاندا بەکاردێ. لە مانگرتنەکاندا کرێکارەکان بە کشانەوەیان لە کارەکانیان دەبنە هۆی وەستاندنی کارەکە، وەک لە فەسڵی دووەمدا بە درێژی باسی دەکرێ.

بەڵام هەندێ جار لە کێشەیەکی پیشەسازی دیاریکراودا ئەستەمە ئەوە دیاری بکرێ ئاخۆ کارنەکردنەکە وەک حاڵەتێکی مانگرتن دەستی پێکردووە، یان وەک داخستن.

دەکرێ ڕێگەی داخستن لەلایەن یەک کۆمپانیاوە جێبەجێ بکرێ. هەروەک چۆن لە هەوڵێکدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کرێکاران، ڕێگەی داخستنی هاوسۆزانە لە یەک کاتدا لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن کارەکان لە ناوچەیەک یان پیشەسازییەکی دیاریکراودا جێبەجێ کراوە. بۆ نموونە لە ئینگلتەرا لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا کۆمەڵەکانی خاوەنکارەکان داخستنێکی گشتییان دژ بە هەموو کرێکارانی پیشەسازییەکی دیاریکراو ئەنجام دا، لە پێناو ملکەچکردنی کرێکارە هەڵەشەکان لە دامەزراوەیەک یان دوو دامەزراوەدا.

ئەم ڕێگەیە لە ساڵی ١٩٦٥ بە فرەوانی بەکار هات، کاتێ کرێکارانی کارگەکانی ئاسن لە ستافۆردشایر و کرێکار و فەرمانبەرانی حەوزەکانی دروستکردنی کەشتی لە ڕووباری کلاید لە سکوتلەندا لە کار ڕاگیران.

ڕێگەی داخستن بە زۆری لە کەرتی پیشەسازیدا بەکار دێ، بەڵام لەوانەیە لە کەرتی تریشدا بکرێ. بۆ نموونە لە ئینگلتەرا کاتێک کرێکارانی کێڵگەکان لە ساڵانی ١٨٣٣ و ١٨٣٤ هەوڵیان دا یەکەتی سەندیکایی پێک بێنن، خاوەن کێڵگەکان بە داخستنی کێڵگەکان بەرپەرچیان دانەوە، وەک کە

له کێڵگەیەک له نێزیک گوندی چیبنگ لۆرتن له ناوچەی ئۆکسفۆرد شایر ڕووی دا. هەروەها ساڵی ١٨٧٤ کاتێ سەندیکا کشتوکاڵییەکان هەوڵیان دا له بەرامبەر ٥٤ سەعات کار له هەفتەیەکدا بڕی ١٣ تا ١٤ شلنگ بۆ کرێکارانی کشتوکاڵی به دەست بێنن، خاوەن کێڵگەکان له هەردوو هەرێمی ڕۆهەڵات و ناوەڕاست له کاردانەوی ئەوەدا کێڵگەکانیان داخست، بەوەیش زیاتر له ده هەزار کرێکاری سەندیکایی بەبێ کار مانەوە.

ئەم نموونانه ڕوونی دەکەنەوە که ڕێگەی داخستن کاتێک دەبێ که خاوەن کارەکه چالاکییەکانی وەک خاوەن کارێک ڕادەگرێ، نەک تەنیا داخستنی هەندێ دەرگای دیاریکراو به ڕووی کرێکاراندا.

ڕێگەی داخستن له ویلایەته یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دژ به سەندیکای... بەکار هێنرا به تایبەت ساڵی ١٨٨٦، لەو ساڵەدا له ویلایەتی نیویۆرک زیاتر له ١٥ هەزار کرێکاری بۆیەچی له شاری ترۆی کارەکانیان له دەست دا، هەروەها ٢٠ هەزار کرێکاری چنین له هەردوو شاری کوهوس و ئەمستەردام و زیاتر له ٢٠ هەزار کرێکاری له قوتوونانی گۆشت به هۆی پەنابردنی خاوەن کارەکان بۆ ڕێگەی داخستن، کارەکانیان لەدەست دا.

له ڕووسیا لەگەڵ لاوازبوونی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ پیشەسازەکان کۆمەڵێ ڕێکخراویان دامەزراند بۆ بەرەنگاریکردنی داواکارییەکانی سەندیکاکانی کرێکاران له ڕێی ئەنجامدانی چەند کارێکی هاوبەش، یەکێک لەوانه ڕێگەی داخستن بوو.

٤- یارمەتینەدانی پیشەسازییانه

هەندێ جار بۆ دەربڕینی بەرهەڵستیی ئابووری یان سیاسی له هەلومەرجێکی تایبەتدا، پەنا بۆ پێشکێشنەکردنی یارمەتی و ڕاوێژی پێویست له هەردوو کایەی ئابووری و سیاسی دەبرێ. ساڵی ١٩٣٦ له

هەوڵێکیدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داواکاریی خاوەن کارگەکانی پۆڵا بۆ بەرزکردنەوەیەکی زۆری نرخی پۆڵا، گورنگ هەوڵی دا کارگەیەکی حکوومیی نوێی پۆڵا دروست بکا کە کارگەی هرمان-گورنگ بوو. زۆربەی خاوەن کارگەکانی پۆڵا لە ئەڵمانیا هەوڵیان دا پڕۆژە نوێکەی گورنگ شکست پێ بێنن، ئەویش بەوەی لەناو خۆیاندا ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی هیچ یارمەتییەکی کارگە نوێیە حکوومییەکە نەدەن. بەڵام کروب و ڕوشلنگ بەتەواویی هاوکاریی کارگەی ناوبراویان کرد.

٥- مانگرتنی گشتیی بازرگانان

لەکاتێکدا مانگرتنی گشتی کشانەوەی کرێکاران لە کارەکانیان دەگرێتەوە، لەوانەیە داخستنی هاوکاتی شوێنە بازرگانییەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان لەلایەن بازرگانەکانەوە، ئابووریی شار یان ناوچەیەک لە پەلوپۆ بخا: ئەو کارە تەنیا کار لەو فرۆشگە بچووک و کۆگانە ناکا کە کەسێک یان خێزانێک بەڕێوەیان دەبەن، بگرە لەوانەیە بەبێ دەستپێشخەریی فەرمانبەران چەندان کۆمپانیای گەورە دابخا.

ساڵی ١٧٤٢ بازرگانەکان لە چەند بازنەیەکی سەر بە هەرێمی کیانگ سو مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاند بۆ دەربڕینی نارەزایی لەسەر شێوەی سەروکاریکردنی فەرمانبەرانی حکوومی بۆ کاروبارەکانی فریاکەوتن لەکاتی ڕوودانی لافاودا.

کاتێ مانگرتنێکی گشتیی بازرگانان لەگەڵ مانگرتنێکی گشتیی کرێکاراندا یەک دەگرێ، ئەنجامەکەی بلۆکبوونی ئابووری دەبێ، کە لەکاتی باسکردنی مانگرتنەکاندا پێناسەی دەکەین.

## ئەو کارانەی خاوەن سەرچاوە داراییيەکان پێیان هەڵدەستن

١- کێشانەوەی ڕاسپاردە بانکییەکان

دەکرێ کێشانەوەی ئەو پارانەی لە بانکە تایبەت و حکوومییەکان یان لە سیستەمەکانی پاشەکەوتکردنی حکوومیدا دانراون، وەک دەربڕینی نارەزایی دژ بە حکوومەت، یاخۆ جۆرە بایکۆتکردنێک بە ئامانجی یارمەتیدان لە ڕووخاندنی ڕێژیمێکی دەسەڵاتداری ناسەقامگیردا بەکار بهێنرێ. بۆ نموونە لەکاتی شۆڕشی ڕووسیایی لە ساڵی ١٩٠٥، دوو جار داوای کێشانەوەی ڕاسپاردە بانکییەکان کراوە. جاری یەکەم یەکەتیی جووتیارانی سەرانسەری ڕووسیا لە کۆنگرەی دامەزراندنیدا لە ناوەڕاستی هاوینی ١٩٠٥ داوای کرد، ئەگەر حکوومەت هەوڵی دا یەکەتییەکە سەرکوت بکا، ئەوا ڕاسپاردە بانکییەکانیان بکێشنەوە. لە جاری دووەمدا، ئەنجوومەن (سۆڤیەت)ەکانی شاری سان پترسبۆرگ لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٥ داوای کرد ڕاسپاردە بانکییەکان بکێشرێنەوە. ئامانج لەم کارە لاوازکردنی متمانەی پارەبەخشەکانی بیانی بوو بە ئابووریی ڕووسیا و بە حکوومەتی ڕووسیا و لێرەشەوە بەرگرتن لە حکوومەت لەوەی قەرزی بیانی دەست بکەوێ و بۆ بەگژاچوونەوەی شۆڕش بەکاری بێنێ. کێشانەوەی بەرفرەوانی پارە لە بانکەکان لە چەند هەفتەی داهاتوودا، کە لە ئەنجامی ئەو بانگەشەیەوە بوون، شپرزەی بۆ حکوومەت دروست کرد.

لە جێبەند (سیاق)ێکی تەواو جیاوازدا، لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦٦، بانگەوازێک بڵاو کرایەوە، کە سەرکەوتنێکی مامناوەندی بەدەست هێنا، بانگەوازەکە داوای لەوانە کرد کە پارەیان لە هەردوو بانکی فیرست

ناشیونال بانک و شیز مانهاتن بانک داناوه ڕاسپاردەکانیان لەو دوو بانکە بکێشنەوە و لە بانکی تردا دایانبنێن، ئەویش بەهۆی تێوەگلانی ئەو دوو بانکە لە ئابووریی دەوڵەتی باشووری ئەفریقیا.

٢- نەدانی ڕەسم و بەرکەوتە و باجەکان

ئەگەری ئەوە هەیە تاکەکان یان گرووپەکان یاخۆ تەنانەت حکوومەتەکان، بەئەنقەست ڕەسم یان بەرکەوتە یاخۆ باج نادەنە دەزگەیەکی تایبەت یان گشتی یان حکوومەت یان دەستەیەکی نێودەوڵەتی. ساڵی ١٩٤٢ مامۆستایانی نەرویجی بەشدارییان نەکرد لە بەخشینی خۆویستانەی هەندێ پارە بە ڕێکخراوێکی مامۆستایان کە فاشییەکان تێیدا باڵادەست بوون.

ساڵی ١٩٤٧ قوتابییانی ژاپۆنی وەک جۆرێک لە دەربڕینی ناڕەزایی، ڕەسمی خوێندنی زانکۆکانیان نەدا. ڕەنگە بەناوبانگترین نموونە لەم جێبەندەدا ئەوە بێ کە دەوڵەتانی بلۆکی سۆڤیەت و فەرەنسا و بەلجیکا و پورتوگال پشکی خۆیان لە خەرجەکانی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنگۆ نەدا، ئەویش لەو ڕوانگەی لەڕووی یاساییەوە ناکرێ خەرجەکانی تایبەت بەو پرۆسەیە بە بەشێک لەو خەرجانە دابنرێ کە لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باس کراوە و دەبێ وڵاتانی ئەندام بیدەن.

٣- نەدانەوەی قەرز یان سوودە بەرکەوتەکان

ڕێگەی نەدانەوەی قەرز یان ئەو سوودانەی دەکەونە سەر ئەو قەرزە وەک ئامرازێکی بایکۆتکردنی ئابووری بەکار هاتووە. ئەم نەدانەوەیە بەپلەی یەکەم لەو کاتەدا ڕوو دەدا کە ئەو قەرزە هی دژبەرێک، یان هەندێ کەس یاخۆ کۆمپانیا بن کە لە دوژمنە دەوڵەتێکدا کار دەکەن. هەندێ جار هەوڵ دراوە ئەم کارە لەگەڵ قەرزەکانی حکوومەتدا بکرێ و چوونەتە بنکڵێشی

خـەڵک تا بـاجی سـەر قـەرزەکـانی حکوومـەت نەدەن، یاخـۆ وریـایی دراوەتە قـەرزبەخـشـانی بیـانی کـە ئەگـەر قەرز بـدەنە ڕێژیمێکی دەسـەڵاتداری ڕوو لە داڕووخان، ئەوا پاش هەرەسهێنانی ڕێژیمەکە ئەو قەرزانە نادرێنەوە. لە ڕێی مانیفستۆ داراییـیەکەی ئەنجوومەنەکانی سـان پترسبۆرگەوە کە لە کانوونی یەکـەمی سـاڵی ١٩٠٥ ئەم هەوڵە درا، هەروەها لـە ڕێی مـانیـفـسـتـۆی فـایبـۆرگـیشـەوە درا، کـە دوو لەسـەر سـێی ئەندامـانی ئەنجـوومـەنی دۆمـاوە ئیـمـزا کـرا پاش ئـەوەی قـەیسـەر لـە ٢١ی تەممـووزی ١٨٦٠دا هەڵی وەشاندەوە:

لەبەرئەوە، پاش ئەوەی حکوومەت ئەنجوومەنی دۆمای هەڵوەشاندەوە، ئیتر ئێوە پاساوی پێویستتان هەیە بۆ پێشکێشنەکردنی پارە یاخۆ سەرباز. لە بارێکیـشدا حکوومەت پەنای بۆ قـەرز برد، ئەو قـەرزانە بەتاڵن لەبەرئەوەی بەبێ ڕەزامـەندیی نوێنەرانی گـەل کـراوە. گـەلی ڕووسی هەرگـیـز دان بەو قەرزانەدا نانێ و بە ئەرکی خۆی نازانێ بیانداتەوە.

نەدانـەوەی قـەرزەکـان تەواو کـاریگـەر بوون کـاتێ بەسـەر ئەو قـەرزە تایبەتانەدا جیبەجێ کرا کە لەکاتی خەباتی بزووتنەوەیەکی سیاسی لەگەڵ حکوومەتێک دراونەتە کۆمەڵە کەس یان کۆمپانیایەک.

لەکاتی خەباتی دانیشتـووانی کۆڵۆنییـە ئەمەریکاییـەکان دژ بە حوکمی بەریتانیا، ئەم ڕێگەیە لە هەردوو سـاڵی ١٧٦٥ و ١٧٦٦دا بەتایبـەتی لەکاتی خـەبات دژ بە یاسای پوولەکان بەکار هات. زۆربەی مامـەڵە بازرگانییەکانی نێوان بەریتانیا و باکوری ئەمەریکای بەریتانیایی لەسەر بنچینەی فرۆشتنی دواخـراو ئەنجـام دەدران، بەو هۆیەشـەوە ویلایەتـەکانی باکوری ئەمـەریکای ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا زۆر قەرزار بێ.

ئەوە ئاشکرا بوو کـە ڕاگـرتنی مـامـەڵەکـردنی بـازرگـانی لەوانـە بوو دەرهاویشـتـەی ئابووریی ترسناکی لە ئینگلتـەرا لێ بکەوێتـەوە. بەڵام

نەدانەوەی قـەرزەکان پاڵـەپەسـتـۆیەکی ئابووریی توندتر و خێراتری دروست کرد. دانەوەی قـەرزەکان مـاوەیەکی زۆر پێش لە سـەرەتای جـێبـەجـێکردنی یاسای پوولەکان وەستا. بازرگانێک لە برستۆڵ لە مانگی ئابی ١٧٦٥ گوتی: هیچ حـەواڵەیەکی داراییـمـان پێ نـەگەیشت، چی تـر ناتوانین بەرگـە بگرین، لەبەرئـەوەی بۆ جـێبـەجـێکردنی پابەندییـەکـانمان لەگـەڵ ئەو بـازرگـانانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین، پێویستمان بە پارەیە.

یەکێک لەو هۆیانەی لەمـپـەر بوو لـەبەردەم بازرگـانانی بـەریتـانیـا کـە بۆ بەدەستـهێنانەوەی قەرزەکانیان، وەک باوە، پەنا بۆ دادگەکان ببەن، ئەوە بوو خـودی دادگەکـان کـارنـەکردنیـان بە باشـتـر دەزانـی لەوەی پوولەکـانی باج لەسـەر بەڵگەنامە یاساییەکان بەکار بێنن، یان وەک گژبەری (تحدی)یەک بۆ دەقی یاساکە، کار بکەن بەڵام بەبێ بەکارهێنانی پوولەکان.

لە هەندێ کاتدا بڕیاری داخستنی دادگەکان دەدرا بۆ بەرگرتن لەوەی بۆ بەدەستـهێنانەوەی قـەرزەکانی بازرگـانە بەریتـانیاییـەکان پەنایان بۆ ببـرێ. جۆرج واشنتـۆن لە ٢٠ی ئەیلوولی ١٧٦٥، چەند هەفتـەیەک بەر لە دەست بە جـێبـەجێکردنی یاسـای پوولەکان بـە ڕوونی پێـشنیـازی بـەکارهێنانی ئەم ڕێگەیەی کرد:

شـتێکی حـەتمییـە کە دادگـە مـەدەنییـەکانمان دەرگەکانیان دادەخـەن... چونکە لەم هەلومـەرجـەی ئێسـتـەدا ملکەچکردن بـۆ یاسـایەکی پـەرلەمـان مـەحـاڵە. خـۆ ئەگـەر ڕێوشـوێنە قـەزاییـیـەکـانیـان ڕاگـرت، لەو بڕوایەدام بازرگانـەکانی بەریتـانیـای مـەزن کـە بازرگانی لەگـەڵ داگیـرگە (کـۆڵۆنی- مـــســـتـــعـــمـــرە)کـــان دەکـــەن، لـە پێـــشـــی ئەوانەوە دەبن کـــە ئارەزووی هەڵوەشاندنەوەی دەکەن.

هۆراس والبول دواتر لەبارەی ئەو دۆخەی خولقا دەڵێ:

باشــتــرین چەک بـەدەست دانیــشــتــووانی داگـیــرگـەکــانەوە نـەدانەوەی

قەرزەکانی بازرگانەکانمانە کە لە ئەنجامی نرخی ئەو کالاّ و کەرەستانەی بۆ داگیرگە ئەمەریکاییەکان هەنارده کراون هاتووەتە کایە. ئەو قەرزانە هی بازرگانەکانی لەندەن و لیڤەرپوول و مانشستەر و شارە بازرگانییە گەورەکانی ترە کە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو ئەمەریکاییانە کردووە کە هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی بازرگانییان لەگەڵمان ڕەت کردەوە تا یاسای نەگریسی پوولەکان هەڵنەوەشێتەوە.

جیبسۆن باسی لەوە کرد بڕی قەرزەکان گەیشتە نێزیکەی چوار ملیۆن پاوەندی ئیستەرلینی و ئێستە ئەو قەرزانە وەک چەکێکی بەهێز بەکار دێن.

لە هاوینی ١٧٧٤ و پێش لە بەستنی کۆنگرەی یەکەمی کۆلۆنییەکان، لە ڕۆژنامەکانی نیویۆرک و فیلادلفیادا سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی ئەم ڕێگەیە لە کێشەکەی ئەو کاتە تاوتوێ کرا.

هەندێ دەستەی ناوەخۆیی دەستیان دایە نەدانەوەی قەرزەکان، یان ڕێگەیان بە دادگەکان نەدەدا بەدواداچوون بۆ ئەو سکالاّیانەی بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکان بەرز کرابوونەوە، بکەن. بۆ نموونە لە ٢٥ی ئایاری ئەو ساڵەدا، لە ئەنجامی داخستنی بەندەری بۆستن لەلایەن بەریتانیاییەکانەوە، دانیشتووانی ئەناپۆلیس لە کۆبوونەوەیەکیاندا بڕیاریان دا جگە لە ڕێکەوتنامەی هاوردەنەکردن و هەناردەنەکردنەکە، دادگەکانی شار سەیری هیچ سکاڵایەکیش ناکەن بۆ گێڕانەوەی قەرزی سەر هاووڵاتییەکی ئەم هەرێمە بۆ هیچ هاووڵاتییەکی بەریتانیای مەزن، تا یاسای ناوبراو هەڵنەوەشێتەوە.

یەکێک لەو بڕیارانەی هەرێمی وستمۆرلەند-ویلایەتی ڤێرجینیا بەسەرۆکایەتیی پیاوانی وەک ریچارد هنری لی نوێنەری هەرێمەکە لە ئەنجوومەنی هەرێمەکان ڕەزامەندی لەسەر دا، ڕێگەدان بوو بە هەر پارێزەرێک لە هەرێمەکە بۆ بەرزکردنەوەی فایلێک بۆ گێڕانەوەی قەرزێک

یاخۆ بەردەوامبوون لە داکۆکیکردن لە هەر کێشەیەکدا لەم بارەوە بۆ بەردەم دادگەکان بەرز کراوەتەوە بە درێژایی ئەو ماوەیەی لە ڕێکەوتنامەی هەناردەنەکردندا بڕیاری لەسەر دراوە.

لە ئەڵمانیا پێش لە گەیشتنی نازییەکان بە دەسەڵات، حاڵەتێکی نەدانی سووی سەر قەرزەکان، نەک نەدانەوەی ئەسڵی قەرزەکە ڕووی دا، ئەویش کاتێ سەرکردەکانی لایەنگری نازییەت چەند هەڵمەتێکیان دەست پێکرد دژی دەستبەسەراگرتنی ڕەهن و بێبەشکردنی خاوەن ڕەهن لە مافی گێڕانەوەی موڵکە ڕەهنکراوەکەی، هەروەها بۆ پاڵپشتیکردن لەو وەرزێرانەی ئامادە نەبوون سوودی ئەو قەرزانە بدەن کە لە بانکەکانیان کردبوو.

٤- بڕینی سەرچاوە داراییەکان و پێشینەدان

دەکرێ لەڕێی بڕینی سەرچاوەکانی دارایی دژبەرەوە پاڵەپەستۆی ئابووری لەسەر دروست بکرێ، وەک بڕینی مووچە و بودجە و قەرز و وەبەرهێنانەکان. کارەکەیش دەکرێ لەڕێی کەس یان دامەزراوە یاخۆ حکوومەتەکانەوە جێبەجێ بکرێ. کۆمەڵە نیشتمانییەکانی هەندێ لە کۆلۆنییە ئەمەریکاییەکان پارەی تەرخانکراو بۆ مووچەی حاکم و دادوەرەکانیان ڕاگرت وەک ئامرازێک بۆ بەستنەوەیان و زۆر دوورنەکەوتنەوە لە هێڵی حەزە سیاسییەکانی کۆمەڵە نیشتمانییەکان.

دانیشتووانە سپی پێستەکانی لایەنگری جیاکاریی ڕەگەزی لە ویلایەتەکانی باشوور، پێشینە بانکی و هەندێ جۆری تری قەرزیان لەو زنجییانە بڕی کە چالاکانە کاریان بۆ هەڵوەشاندنەوەی جیاکاریی ڕەگەزی دەکرد.

کاتێ لە مانگی ئایاری ١٩٥٥ فەرمان بۆ بەرپرسانی فێرکردن لە هەرێمی برنس ئیدوارد لە ویلایەتی ڤێرجینیا دەرچوو بۆ یەکخستنی سیستەمی

قـوتابخـانـەکان کـە ٥٣٪ی قـوتـابییـەکـانیـان زنجی بوون، ئەو بـەرپرسـانـە دەسـتبـەجێ و بەکۆی دەنـگ هـەموو ئەو بودجـەیەیان بڕی کـە بۆ بـەڕێوەبردنـی قـوتابخـانـە ڕەسـمـییـەکـانی ئەو هـەرێمـە تەرخـان کـرابوو. بەڵگەنەویسـتـیشـە بەبێ قوتابخـانەی ڕەسمی، هیچ یەکخـستنێکی قوتابخـانە ڕەسمییـەکان ڕوو نادا.

ئەنجـوومـەنـی یاسـادانانی ویلایەتی ڤـێـرجـینـیـا لە یەکی ئـابی ١٩٥٦ بۆ تاوتـوێکردنی سـیـازدە یاسـای دژ بە یـەکـخـسـتـنـەکـە کـۆ بوویەوە، بەپێی پڕۆژەیاسـای ژمارە ١ کە تۆماس ستانلی حاکمی ویلایەتەکە پێشنیازی کرد، هـەمـوو بودجـەیەکـی گـەنجـینـەی ویلایـەتـەکـە لـە هـەر هـەرێـمـێـکی سـەر بە ویلایەتەکە دەبڕدرێ کە سیستمی قوتابخـانەی تێدا یەک بخـرێ. ئەو بودجە تەرخـانکراوانەیش ٤٢٪ی کۆی خـەرجی بەڕێوەبردنی ئەو قـوتـابخـانـانە بوو. هـەردوو ئەنجـوومـەنی نوێنـەران و پیـران لەسـەر پڕۆژەیاسـاکـە ڕازی بوون، ئەگەرچی ئەنجوومەنی پیران بە زۆرینەیەکی لاواز پەسندی کرد.

دواتر بەرپرسانی فێرکردن لە هەرێمی برنس ئیدوارد دەستیان کردەوە بە تەرخـانکـردنی پارە بـۆ بەڕێوەبردنی قـوتـابخـانـەکـان، بـەڵام نەک لەسـەر بنچینەی ئاسایی ساڵانە، بگرە لەسەر بنچینەی مانگانە بودجـەیان تەرخان دەکـرد، ئەوەشـیـان ڕادەگـەیاند کـە پـەسندکـردنی تەرخـانکردنی بودجـەکـە ڕادەگـیرێ ئەگـەر لەم کـاتەدا قـوتابخـانەکـان لەڕووی ڕەگـەزییـەوە ئامـێـتـە بکرێن، ئەوەیش بەپێی بڕیارێکی دادوەری فیدراڵی سـترلینگ هـچیـسۆن کـە لە ٢٣ی کـانوونی دووەمی ١٩٥٧ دەرچووە. بەڵام پـاش ئەوەی بازنەی نەیاری لەدژی دەسـتـبـەرداربوون لە فێرکـردنی ڕەسـمی فرەوان بوو، کـارکـردن بەم ڕێگەیە ڕاگیرا.

پارە و گرێبەستە فیدراڵییەکان لەو چالاکییە جۆراوجۆرانە دەکێشرانەوە یان هـەڵدەپـەسـێران کـە پابەند نەدەبوون بـە پێوەر و سـیـاسـەتە فـیـدراڵـیـە

پەسندکراوەکانەوە، بەتایبەت لە بابەتی جیاکاریی ڕەگەزیدا، وەک خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و فێرکردن. جێمس فارمەر ڕاگرتنی پاڵپشتیی دارایی لە هەر چالاکییەکی جیاکارانە لەنێوان ڕەش و سپییەکاندا، بە بەهێزترین چەکی دەستی حکوومەتی فیدراڵی لەقەڵەم داوە. ئەگەر هەڕەشەی ڕاگرتنی پاڵپشتییە ئابوورییەکە جێبەجێ کرا، بەدڵنیاییەوە دەمارگیرە باشوورییەکان ڕێگەکانیان دەگۆڕن.

بانگەشەی جۆراوجۆر کران بۆ کێشانەوەی وەبەرهێنانە بیانییەکان لە دەوڵەتی باشووری ئەفریقیا بۆ ناچارکردنی تا جیاکاریی ڕەگەزی هەڵبوەشێنێتەوە.

٥- نەدانی داهاتەکان بە دەوڵەت

لەم ڕێگەیەدا بەرگریکاران داهاتەکان نادەنە دەوڵەت. لەبارێکیشدا گێڕانەوەی ئەو داهاتە ئەرکێکی یاساییە، دەکرێ ئەم ڕێگەیە لە خانەی بایکۆتی سیاسیشدا دابنرێ. ئەگەر نەدانی داهاتەکە تەنیا کارێکی ڕەمزی نەبێ، گرینگترین خەسڵەتی ڕێگرتنە لە گەیشتنی داهاتە داراییەکان بە حکوومەت. لەبارێکیشدا ڕەگەزی یاخیبوون زاڵ بێ، ڕێگەکە دەکەوێتە خانەی بایکۆتی سیاسی، بەڵام لەم بارەدا کارەکە لە ڕواڵەتدا سیاسی و ئابووری دەبێ.

ئەم ڕێگەیە نەدانی جۆرە جیاوازەکانی باجیش دەگرێتەوە، لەوانە باجی داهات و باجی مولْک و باجی فرۆشتن یان کڕین، یان وەرنەگرتنی مۆڵەتی پێویست بۆ بوونی سەگێک، ئۆتۆمبێلێک، ڕادیۆیەک، تەلەڤزیۆنێک و شتی لەو بابەتە، ئەوەیش وەک ناڕەزایی لەدژی ستەمکارییەک کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە مۆڵەتێکی دیاریکراوەوە هەیە، یان وەک هێما بۆ ناڕەزاییەکی بەرفرەوانتر دژی حکوومەت.

لەوانەیە نەدانی داهاتەکان بایکۆتکردنی ئەو شمەکانەیش بگرێتەوە کە باجی فرۆشتن یان باجی کڕین دەیانگرێتەوە. هەروەها لەوانەیە کرێی زەوی یان خانووبەرەیەک نەدرێ ئەگەر بێتوو حکوومەت لەو کرێدانە سوودمەند بێ.

ڕێگەیەک هەیە پێوەندی بە گرتنەوەی پارە لە حکوومەت هەیە، ئەگەرچی ئەو پارانە لەڕووی تەکنیکییەوە داهات نین، کە ئەویش بریتییە لە نەکڕینی سەنەدەکانی قەرز یان قەرزکردن لە حکوومەت و کۆبۆنەکانی حساباتی پاشەکەوتی نیشتمانی و هی تر و کێشانەوەی قەرز و ڕاسپاردەکان.

لە هەندێ قۆناخی پێشکەوتووی خەباتدا، لەوانەیە کەسی بەرگریکار هەندێ مادده بفرۆشێ کە باجیان لەسەر دانراوە، بەڵام باجەکە نادا.

لە کاتێکدا نەکڕینی سەنەدی قەرز یان بەکارنەهێنانی کۆبۆنی حساباتی پاشەکەوتی نیشتمانی وەک ئامرازێک بۆ بەرگرتن لە گەیشتنی داهات بە حکوومەت، بە کارێکی یاسایی دادەنرێ، ئەوا باجنەدان و کرێنەدان بە حکوومەت پێچەوانەی یاسایە، لەبەر ئەوەی ڕەتکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆی دانی داهاتەکانە و لێرەشەوە گوزارشتێکی زۆر بەهێزە بۆ ڕەتکردنەوەی ڕێژیمی دەسەڵاتدار.

لە بارێکیشدا ئەم کارە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییانەوە ئەنجام بدرێ، ئەوا دەبێتە هەڕەشەیەکی مەترسیدار لەسەر مانەوەی حکوومەت، چ بەهۆی ئەو هەڕەشەیەی بەرۆکی گەنجینەی دەوڵەت دەگرێ، یان بە هۆی فرەوانبوونی ڕووبەری ملکەچنەکردنی هاووڵاتییان بۆ ڕێژیمی بالادەست. لەوانەیە باجنەدانی بەکۆمەڵ ڕێگەیەکی نوێ نەبێ، چونکە لە سەدەی دووەمی زایینییەوە لە هەواڵەکانی میسردا زۆر جار ئاماژەی پێدراوە.

جووتیارانی نەرویج دژی زیادکردنی زۆری باجەکان یاخی بوون، کە لە سەرەتای ساڵی ١٥١٥ وە کریستیانی دووەمی شای دانیمارک بۆ

دابینکردنی خەرجی شەڕەکەی لە دژی سوید سەپاندی.

جووتیارەکان ئامادە نەبوون باج بدەن و باجگرەکانیان کوشت، بەو هۆیەشەوە بەتوندی سەرکوت کران. بڵاوبوونەوەی باجنەدان، بە تایبەت لە ناوچە لێوارییەکانی نەرویج لە دەوروبەری ساڵی ١٦٣٠، سەرکوتکردن و چاکسازی باجی لێ کەوتەوە.

لە ساڵانی ١٧٦٤ و ١٧٦٥ یاخیبوونێکی تری گەورە دژی باج لە نەرویج ڕووی دا، ئەویش وەک نارەزایی لە باجی قورس و گەندەڵی باجگرەکان و هەندێ ڕەفتاری تر، وەک دەستبەسەراگرتنی کەلوپەلی وەرزێرەکان و ماسیگرەکان لەلایەن حکومەتەوە تا ئەو باجانەی لەسەریانە بیدەن. لە شاری ڕومسداڵ جووتیارەکان ڕازی نەبوون باج بدەن و باجگرەکانیان دەرکرد.

ساڵی ١٧٦٤ کاری ئاژاوەگێڕی بە درێژایی لێوارەکان ڕووی دا و بڕی پارەی بەدەستهاتوو دابەزینێکی بەردەوامی تۆمار کرد لە کاتێکدا هەموو باجەکان هەردوو ساڵی ١٧٦٢ و ١٧٦٣ بە تەواوی درابوون.

لە شاری بورگن خۆپیشاندانێکی گەورە ئەنجام درا و هەڕەشە لە فەرمانبەرە حکوومییەکان کرا، تەنانەت لە ماوەی پاش پرۆسەی سەرکوتکردنەکەیش، لە زۆربەی شوێنەکان کەمتر لە نیوەی ئەو باجەی پێویست بوو، کۆکرایەوە.

نەدانی هەندێ باجی دیاریکراو لە ڕێی بایکۆتکردنی ئەو کاڵایانەی باجیان لەسەر دانراوە، بە تایبەت لە کاتی خەبات دژی یاسای پوولەکان، یەکێک بووە لە ڕێگەکانی بەرگری کە پێش لە هەڵگیرسانی جەنگی سەربەخۆیی ئەمەریکا بەکار هاتووە.

لە کاتی شۆڕشی فرەنساییدا لە ساڵی ١٧٨٩، ڕێگەی نەدانی باج و ڕەسمە دەرەبەگییەکان بە شێوەیەکی زۆر فرەوان بڵاو بووەوە. پاش

پێکهاتنی چینی سێیەمیش کە هەندێ لە پیاوانی ئاینی چوونە ریزی، لە ١٧ی حوزەیرانی ١٧٨٩ کۆمەڵەی نیشتمانی هەوڵی دا لە رێی مۆڵەتدان بە باجنەدان خۆی لە دژەهێرشێکی شا بپارێزێ و تەنیا ئەو باجانەی بە یاسایی دانا کە کۆمەڵەی نیشتمانی رەزامەندی لەسەر دەدان.

لە کۆتایی ساڵی ١٧٨٩ هەموولا رەتیان کردەوە هەموو باج و رەسمەکانی رابردووی سەریان بدەن.

هەریەک لە شانگ شونگ لی و هیاو کونگ شوان لە لێکۆڵینەوەکانیان لە بارەی کۆمەڵگەی چینی لە سەدەی نۆزدەیەمدا، باسیان لەوە کردووە کە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٦٠ چەند حاڵەتێکی رێکخراوی باجنەدان لە چین روویان داوە.

لە مەجەر لە ساڵی ١٨٦١ بەرەنگارییەکی رژد دژ بە کۆکردنەوەی باج بە گوێرەی یاساکانی نەمسا رووی دا و بە ئەدەبێکی زۆرەوە بە باجگرەکان دەوترا کە ئەوان کەسانی ناشەرعین. لە ماوەی دووساڵ و نیوی هەڵمەتی باجنەدان لە بەریتانیا لە نێوان ساڵانی ١٩١٢ و ١٩١٤ دژ بە یارمەتیدانی قوتابخانە ئەبرەشییەکان لە رووی باجەوە، ٧٠ هەزار یاداشتی ئامادەکردنی باجنەدەران دەرچوو، لەوانە ٢٥٠ کەسیان گیران.

لە کاتی شۆرشی رووسی لە ساڵی ١٩٠٥، زۆر جار ئەوانەی هەوڵی رووخاندنی دەسەڵاتی قەیسەریان دەدا باجیان نەدەدا. بۆ نموونە لە جۆرجیا خەڵک هیچ باج و رەسمێکیان نەدا. لە دوو بۆنەدا شۆرشگێران راشکاوانە وەک قۆناخێکی بنچینەیی لە بەرنامەی بەرگری بۆ رووخاندنی رژێمی دەسەڵاتدار داوای باجنەدانیان کرد.

یەکەم بانگەواز لەلایەن سۆڤیەتەکانی شاری سان پترسبۆرگەوە بوو لە ٢٣ی تشرینی دووەم و ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٠٥، کە ناونرا مانیفستۆی دارایی.

ئەو توێژینەوەیەی پارڤــوس لەبارەی کــێـــشــە ئابوورییــەکــانی ڕێژیمی دەسەڵاتدارەوە کردی هاندەر بوو بۆ دەرکردنی ئەم بانگەوازە.

بانگەوازی دووەم، مـانیـفستـۆی فـایبرگ دەری کرد کـە دوو لەسـەر سـێی ئەندامــانی ئەنجــوومــەنی دۆمــای هـەڵوەشـــاوە لە ٢٣ی تەممووزی ١٩٠٦ ئیمزایان کرد.

لە ڕاگەیاندنەکەدا هاتووە: لەو ڕووەوە کە ڕەزامەندی نوێنەرانی گەل مافی ئەوەی دایە حکوومــەت باج بســەپێنێ و لاوان بکاتە ســەرباز و لە بارێکدا حکوومـەت ئەنجوومـەنی دۆمـای هـەڵوەشـاندووەتەوە، کـەواتە هۆی پێـویست پەیدا بووە بۆ پێشکێشنەکردنی پارە و سەرباز... لەم نەدانەدا بەجەرگ بن.

باجنەدان شـێوەیەکی گرینگ بـوو لە شێوەکانی بەرگری لە کاتی خـەباتی سەربەخۆییخوازی هندیدا لە هەڵمەتە ناوەخۆیی و نیشتمانییەکاندا.

لە ئەڵمانیا، پێش ئەوەی نازییەکان دەسەڵات بگرنە دەست، سەرکردەکانی لایەنگری حــزبی نازی لە چوارچێــوەی چەند ڕێگەیەکی تردا پەنایان بۆ ڕێگەی مـانگرتن لە باج بـرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕکابەرایەتی نابەرامبـەر، هەروەها بەندکردنی ڕەهن بۆ جووتیار و شتی لەو شێوە.

نەبژاردنی باج بەشــێک بوو لـە بەرنامــەی بەرگـری نـاتوندوتیــژانە کــە لە مانگی نیسانی ١٩٥٣دا کۆنگرەی ئەفریقایی نیاسالاند پەسندی کرد لەپێناو شکستهێنان بە سەپاندنی ئەفریقایی ناوەڕاست وێڕای نەیاریی ئەفریقـایی ڕەشپێستە یەکگرتووەکان.

ســاڵی ١٩٥٧ دادگـەیی دە پـیـاوی هـەرێمـی ویلـز لـە بەریتـانیـا کـرا بەهۆی ئەوەی ڕەسـمـی مـۆڵەتی ڕادیۆیان نەدەدا، لەبەر ئەوەی کۆمپـانیـای ئێزگـەی بەریتـانیـایـی خزمـەتگوزارییـە ئێـزگـەییـیـەکـانی بۆ هەرێمـی وێلـز لە ڕێی شەپۆلێکەوە ئاراستە دەکرد کە شەوانە تووشی تەشـویشێکی زۆر دەبوویەوە لەلایەن ئێزگەیەکەوە کە لە ئەڵمانیای ڕۆهەڵات کاری دەکرد.

دوو ئەفریقایی لە مانگی ئەیلوولی ١٩٦٢ لە ڕودیسیای باکور دەستگیر کران لەبەرئەوەی ڕەتیان دەکردەوە باجی سەر بدەن کە باجێک بوو لەسەر هەموو کەسێکی باڵق دانرابوو، هەروەها لەبەر هەڵنەگرتنی ناسنامە کە ساڵی ١٩٦١ وەک هەنگاوێکی گژبەریکردنی حکوومەت سووتاندبوویان.

وردەکاریی ڕووداوێکی باجنەدان لەساڵی ١٩٦٦ لە ئەنگۆلا باس کراوە، لەو کاتە ڕووی داوە شەڕی پارتیزانی ڕێگەی سەرەکی بەرگریکردنی ئەفریقیاییەکان بووە دژ بەداگیرکەرانی پورتوگالی.

چالاکی ئەمەریکایی جێمس پریستۆڵ ئەندامی بزووتنەوەی ئاشتی بە پشت بەستن بە وتووێژەکانی لەگەڵ سەرکردەیەکی نیشتمانیی ئەنگۆلی لە لۆساکا - زامبیا ڕاپۆرتێکی نووسیوە:

پێی گوتم توانیویانە لەم دوایەدا بزووتنەوەیەکی باجنەدان لە چەند گوندێکدا پێک بێنن. سیستمی کۆکردنەوەی باج بەو شێوەیە بوو کە سەرۆکی گوندەکان باج لە خەڵک کۆ بکەنەوە و بیدەنە دەسەڵاتدارانی پورتوگالی.

١٢ سەرۆک گوند قایل نەبوون باج کۆبکەنەوە و ئاماژەیان بە بوونی بێکارییەکی بەرفرەوان لە گوندەکاندا کرد و ڕایانگەیاند تا ئەو کاتەی ڕێژەی بێکاری بەو شێوەیە بەرز بێ و تا هەست نەکەن گوندنیشینەکان سوودێک لە کۆکردنەوەی ئەو باجانە دەبینن، ئامادە نین فەرمان بە خەڵک بکەن باج بدەن. دەسەڵاتدارانی پورتوگالی ئەو سەرۆک هۆزانەیان گرت و بە فڕۆکە گواستنیانەوە بۆ ناوچەیەکی تر لە ئەنگۆلا. لەسەر فڕۆکەکەدا پورتوگالییەکان باسی دەسەڵاتداریی خۆیانیان بۆ دەکردن کە ئەوا چەک و فڕۆکەی زەبەلاحیان هەیە بەڵام ئەنگۆلییەکان هیچیان نییە. سەرۆکەکان وەڵامیان دانەوە کە پورتوگالییەکان لەگەڵ ئەو هێزەیش هەیانە ناتوانن خەڵک ناچار بە کردنی کارێک بکەن کە حەزیان لێی نییە. خرانە بەندیخانە،

لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا و هەڕەشەیان لێ کرا، بەڵام ئەوان هەر سوور بوون لەسەر ئەوەی فەرمان بە باجدان ناکەن. لە کۆتاییدا پورتوگالییەکان پێیان ڕاگەیاندن کە ئازادیان دەکەن و دەیانگێڕنەوە بۆ گوندەکانیان بەو مەرجەی بەشداریی هیچ کارێکی تێکدەرانە لە ئایندەدا نەکەن. سەرۆک گوندەکان وەڵامیان دایەوە کە لە بەرهەڵستیکردنی باجە زاڵمانە و کارە زۆردارییەکانی پورتوگالییەکان بەردەوام دەبن، بەڵام پاش ماوەیەک پورتوگالییەکان ناچار بوون ئازادیان بکەن و بیانگێڕنەوە بۆ گوندەکانیان بەبێ ئەوەی بتوانن هیچ بەڵێنێکیان لێ وەربگرن. سەرکردە مەنگۆلییەکە پێی گوتم پورتوگالییەکان دەزانن چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ پیاوە پارتیزانەکاندا بکەن، بەڵام نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە بەرگرییە یەکگرتووەی گوندییەکان بکەن.

لەوانەیە نەدانی داهاتەکان بە دەوڵەت شێوەی نەدانی غەرامە و خەرجەکانی دادگەکان وەربگرێ. ساڵی ١٩٦٣ لە شاری ئەمیریکۆس لە جۆرجیا، بزووتنەوەی بەرگری لە مافە مەدەنییەکان ئەم بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە: لە یادتان نەچێ ئەو غەرامە و خەرجانەی دادگەکان کە ڕۆژانە دەیاندەین، یارمەتی دەدەن لە کڕینی ئۆتۆمبێلی نوێ بۆ پیاوانی پۆلیس و دامەزراندنی پیاوانی زیاتر کە ئەرکیان هەڕەشەکردنە لە زنجییەکان. لە ئەنجامی ئەمەشدا کۆی ئەو داهاتەی لە ماوەی هەفتەیەکدا لە غەرامە و خەرجی دادگەکان و ڕەسمی کەفالەتەکانی ئازادکردن کۆ کرایەوە لە پێنجسەد دۆلار تێپەڕی نەکرد، لەکاتێکدا پێشتر دەگەیشتە دوو تا سێ هەزار دۆلار.

٦- داننەنان بە دراوی دەوڵەتدا

ئەم ڕێگەیە، وەک کارێکی سیاسی، بریتییە لە مامەڵەنەکردن بەو دراوە کاغەزەی حکوومەت دەری دەکا، چ بە تەواوی بێ یان تەنیا لە ئاڵوگۆڕە

بازرگانییە لاوەکییەکاندا. لە هەندێ حاڵەتی تردا لەوانەیە پاڵنەرەکان تا ڕادەیەک ئابووری بن وەک لە حاڵەتی هەڵاوسانی دارایی بەرزدا، یان لەوانەیە لەبری دراوە کاغەزەکە پەنا بۆ جێگرەوەی تری وەک زێڕ و زیو یان ئاڵوێر بە شمەک (موقایەزە) ببرێ. پێدەچێ ئەم ڕێگەیە بەدەگمەن بەکار هاتبێ ئەویش بەمەبەستی تێکشکاندنی ڕێژیمێکی دەسەڵاتداری سیاسی: مانیفستۆی دارایی کە ئەنجوومەن (سۆڤیەت)ەکانی شاری سان پترسبۆرگ دەریان کرد و پێشتریش ئاماژەمان پێ دا، داوای لە خەڵک کرد لەکاتی کێشانەوەی ڕاسپاردەکانیان لە بانکەکان پێداگری لەسەر بەدەستهێنانی زێڕ بکەن، هەروەها پێداگری بکەن کە کرێکانیشیان هەر بە زێڕ بدرێتێ و لە هەموو مامەڵە داراییە سەرەکییەکانیشدا ئاڵوێر بە زێڕ بکرێ.

## ئەو کارانەی حکوومەتەکان دەیانکەن

١- گەمارۆی ناوەخۆیی

گەمارۆی ناوەخۆیی بە کورتی جۆرێکە لە بایکۆتکردنی ئابووری کە حکوومەت لەناو وڵاتەکەیدا جێبەجێی دەکا. ئەم جۆرە بایکۆتە بۆ نموونە لە ئەڵمانیای نازی لەنێوان ساڵانی ١٩٣٣ و ١٩٣٥دا وەک بەشێک لە بەرنامەی یەکەتیی بەرهەمهێنەران یاخۆ کارتێلی نازی جێبەجێ کرا. مانگی تەمووزی ١٩٣٣ دوو یاسا بۆ ڕێکخستنی کارتێلەکان دەرچوو، یەکێکیان ڕێگە بە دەوڵەت دەدا کارتێلی ئیلزامی دروست بکا و وەبەرهێنان ڕێک بخا، دووەمیشیان ڕێگە بە وەزارەتی ئابووری دەدا سەرپەرشتیی ئەو نرخانە بکا کە کارتێلەکان دەیانسەپێنن و مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە بکا کە نەچوونە ناو کارتێلەکان. یەکێک لە ڕێگەکانی سەرپەرشتیکردنەکە بریتی بوو لە دیاریکردنی ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی مافی بازرگانیکردن بە خەڵووزیان هەبوو، چ بە کۆ و چ بە تاک، هەروەها نەدانی هیچ بڕێک خەڵووز بە هەر کۆمپانیایەک ئەندام نەبێ.

ئەو بازرگانانەی ناویان لە لیستەکەدا نەنووسرابوو بە نەگونجاو و ناپێویست دادەنران و بەهۆی بایکۆتکرانیان لەلایەن بەرکارەکانەوە، هەروەها بەهۆی قەدەخەکردنی دادگەی کارتێلەکان، بەپێی ئەو یاسایە، لە پێدانی هیچ بڕێک لە خەڵووز، یاخۆ بەهۆی بڕیارێکەوە کە پاش دەرچوونی مەرسوومێک لەلایەن وەزیری ئابوورییەوە، سەرۆکی دادگە دەری دەکا، ناچار دەبوون دووکانەکانیان دابخەن. بەهۆی ئەم ڕێوشوێنانەیشەوە لە ماوەی دوو ساڵدا دوو هەزار بازرگان لە کۆی پەنجا و چوار هەزار بازرگان

دەرگای دووکانەکانیان داخست.

هەمــان شت لە بازرگـانیکردن بـە ئامـێـری ڕادیـۆ ڕووی دا و لە مــاوەی ســاڵێکدا ژمــارەی بازرگـانانی تـاکفـرۆش لە ٦٠ هەزارەوە بـۆ ٣٧ هەزار و ژمارەی بازرگانانی کۆفرۆش لە ١٥٠٠وە بۆ ٧٥٠ بازرگان دابەزی.

٢- دانانی ناوی بازرگانان لە لیستی ڕەشدا

لەکاتی شـەڕەکان و لـەکاتی پێڕەوکردنی سیاسـەتی گەمـارۆخستنەسـەردا، دەکـرێ حکوومـەتێـک هەوڵ بدا ڕێگە لـە ڕەوانەکـردنی ناڕاسـتـەوخـۆی کـاڵای قەدەخە لەڕێی کۆمپانیا یان کەسانی سەر بە دەوڵەتێکی بێلایەن بگرێ، ئەویش بە پەنابردن بۆ ڕێگەی قـەدەخەکردنی بازرگانیکردن لەگەڵیاندا وەک کە لەگەڵ خودی دوژمنەکە دەیکا. وا باوە لیسـتێکی ڕەش بەناوی ئەو بازرگـانانە بڵاو دەکرێتـەوە و مامـەڵەکردن لەگەڵیـان قـەدەخە دەکرێ. لەگەڵ ئەوەیشـدا هەندێ کـات لیـسـتـە ڕەشـەکـان بەڕەسـمـی بڵاو ناکـرێنـەوە، لەو بارەیشـدا دەبێـتـە لیـسـتێکی خـۆڵەمـێشی و لەوانـەیە کـات لە کـیـسی کـۆمـپـانـیـاکـە بدات لە چاوەڕوانکردنی تێپـەڕاندنی دەستـەوارەکەی پێش ئەوەی بزانێ کە ناوی لەناو ئەو لیستەدایە. لەوکاتەدا ئیتر وەک پرۆفیسۆر تۆماس شیلینگ دەنووسێ، پەنا بۆ ڕێوشـوێنی تر دەبا. ئەم ڕێگەیە بەشـێوەیەکی پێچـەوانەیـی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بەکار هاتووە لەکاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا.

٣- گەمارۆی نێودەوڵەتی لەسەر فرۆشتن

کـورتەی ئەم ڕێگەیە ئەوەیە، وەک جـێـبـەجـێکردنی بڕیارێکی حکوومـەت، فرۆشتنی بەرهـەمێک یان هەموو جۆرە بەروبوومێک بە دەوڵەتێکی تر قەدەخە دەکـرێ. لەوانـەیە ئەو بڕیـارە حکوومـەتێک یان چەند حکوومـەتێک بیـدەن و لەسـەر ئاسـتی نیشتمـانی جێبەجێ دەکرێ و کاریگەرییـەکەی نێودەوڵەتی دەبێ.

پاڵنەرەکـانی دەرکـردنی بڕیاری سـەپاندنی گـەمـارۆ جـیـاوازن، لەوانە ناڕەزایی لـە بوونی خـودی ڕێژیمـە سـیـاسـیـیـەکـەی ئەو وڵاتە لە ئـەنجـامی سـیـاسـەتەکـانی ڕێژیمەکـە، یان دژی ئـەو "ئامـراز"انەی دەیانگرێتـە بەر بۆ گەیشتن بە "دەسەڵات" یان "پارێزگاریکردن" لە مانەوەی، تا دەگاتە ناڕەزایی لە سـیـاسـەتێکی دیاریکراوی دەوڵەتێک یاخـۆ کارێک کە ئەنجـامی دەدا. لە هەندێ حـاڵەتدا گـەمـارۆی نێـودەوڵـەتی لەسـەر فـرۆشـتـنەکـان هەوڵێکە بۆ ڕاگرتـنی شـەڕ یان بەرگـرتن لە ڕوودانی، یاخـۆ لەژێر پەردەی ئەم ئامـانجـە ڕاگـەیەنراوەدا یارمـەتیـدانی یەکـێک لە لایەنەکـان لەڕێی قـەدەغـەکـردنی فرۆشتنی چەک بەلایەنە لاوازەکەیان.

پاش ئـەوەی شـای بەریتـانیـا لە ١٧ی تشـرینی یـەکـەمی ١٨٠٧ مـافی دەسـتبەسەڕاگرتنی کەشتییە بازرگانییەکانی سـەر بە دەوڵەتانی بێلایەنی ڕاگەیاند، کۆڵۆنییە ئەمەریکاییەکان بەپێویستیان زانی ڕێوشوێنی توندتر و کـاریگەرتر بگرنـە بەر لەو بڕیارەی پێـشـتـر دەریانکرد بە قـەدەغـەکـردنی هاوردەکـردنی بەرهەمـە جـۆراوجـۆرەکـانی بەریتـانیـا. بە پشـتـبـەسـتن بە بنەمـاکەی جیفرسۆن کە دەڵێ دەکرێ بە ڕێوشـوێنی ئاشـتـیـانە دەوڵەتانی بیـانی ناچار بکرێ بە ڕێزگرتنـی مافـەکانی بێلایەنی، کۆنگرێس بە ئاماژەی سـەرۆک، یاسـای گـەمـارۆی هەمـیـشـەیی دەرکرد کـە ئامـانج ناچارکـردنی ئەوروپا بوو بـە ڕێزگـرتنـی مـافی دەوڵەتـان لـەڕێی ڕاگـرتنی ناردنی کـۆمـەکـیـیـەکـان بـۆ کـۆڵۆنیـیـە ئەوروپاییـیـەکـان لە هندی ڕۆژئـاوایی و قەدەغەکردنی ناردنی لۆکە و گەنم بەتایبەت بۆ ئەوروپا.

بڕیار بـوو ئەم ڕێوشـوێنانـە لەڕێی سـەپاندنـی گـەمـارۆ بەسـەر سـەرجـەم کەشتییەکانی هاووڵاتییـانی ویلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمەریکاوە جێبەجێ بکرێ، تا ڕێ نەدرێ ئەو جـۆرە مـادانە بگوێزنەوە و بیـانفرۆشـن. جیـفرسـۆن توانی وا بکا وڵات ئەزموونی ناچارکردنی ئاشتییانە پەسند بکا.

ژمارەیەک لە کۆمارییەکان جەختیان کرد کە سوپای هەمیشەیی مەترسی

دەبێ بۆ سەر ئازادییە میللییەکان. بەپێی پلانەکەی جیفرسۆن لەبری شەڕ پلانی برینی مامەڵە لەگەڵ کردن پێڕەو کرا و بوو بەو چەکی بەرگرییەی کە ئەگەری پەنابردن بۆ سوپای دوور خستەوە و ئەمەریکای لە کارە دڕندانەکان پاراست. گەمارۆکەی تووشی کێشەگەلێکی ئابووریی فرەوان بووەوە. هەروەک ڕووبەڕووی چەندان حاڵەتی خۆدزینەوە یان پێشێلکاری لەلایەن ئەمەریکاییەکان بووەوە، هەر بۆیە دەبوو سوپا و هێزی دەریایی بۆ جێبەجێکردنی ئەو گەمارۆیە لە وڵاتدا بەکار بێن. جیفرسۆن جەماوەریبوونەکەی لەدەست دا و سیاسەتەکەیشی جەماوەریبوونە فرەوانەکەی لەدەست دا. پاش هەڵبژاردنی مادیسۆن بە سەرۆک، یاساکانی گەمارۆخستنەسەر هەڵوەشێنرانەوە، بەڵام سیاسەتێکی هاوشێوە جێی گرتەوە کە لە مامەڵە لەگەڵ کردنی قەدەخە دەکرد.

ئەو گەمارۆیەی لەکاتی شەڕی شاکو لەنێوان ١٩٣٣ و ١٩٣٦ لەنێوان پۆلیڤیا و پاراگوای خرایە سەر هەناردەکردنی چەک، جۆرێکی تری ئەم ڕێگەیە بوو. هەروەها هەوڵەکانی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەسەر ئیتاڵیادا لەکاتی پەلاماردانی حەبەشە لەنێوان ١٩٣٥ و ١٩٣٦ نموونەیەکی ترە لەم ڕێگەیە.

ساڵی ١٩٥٠ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەمارۆی بەسەر چینی میللیدا سەپاند و ئەو کەشتییانەی لای ویلایەتە یەکگرتووەکان تۆمار کرابوون لە چوون و لەنگەرگرتن لە بەندەرەکانی چین قەدەخە کرد

سەپاندنی ئەم گەمارۆیە بەبێ خاوبوونەوە نێزیکەی بیست ساڵ بەردەوام بوو.

٤- گەمارۆی نێودەوڵەتی لەسەر کڕین

گەمارۆی نێودەوڵەتی لەسەر کڕین برێتییە لە قەدەخەکردنی کڕینی هەندێ بەروبوومی گشتی یان تایبەت لە دەوڵەتێکی دیاریکراو. لێرەیشدا دیسان

پاڵنەرەکان جیاوازن: هێنانەکایەی گۆڕان لە سیاسەتێکی دیاریکراودان یان ناچارکردن بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی فرەوانتر لە سیستمی حوکمدا، یاخۆ بەشداریکردن لە ڕووخاندنی ڕێژیمی سیاسیی وڵاتێک. نموونە لەسەر ئەم ڕێگەیە یاسای قەدەخەکردنی هاوردەکردن بوو کە لە مانگی نیسانی ١٨٠٦ دەرچوو پێش لە دەرچوونی یاسای گەمارۆ کە بەو پێیە هاوردەکردنی هەندێ شەمی جۆراوجۆری بەریتانیایی قەدەخە کرا و بوونی ئەو جۆرە شمەکانەی بە پێشێلکردنی یاسا لەقەڵەم دا. هنری ئەدامسی مێژوونووس دەڵێ:

ئەم ڕێوشوێنە بە سروشتی خۆی زۆرەملێیانە بوو. ئەو گەنگەشانەی لە کۆنگرێسدا کران بە ڕوونی سیاسەتی حزبی کۆماری ئاشکرا کرد، هەروەها لێدوانەکانی جیفرسۆن و مادیسۆن و ئەندامانی قوتابخانەی فیکریی ڤێرجینیا دەریانخست سیاسەتی زۆرەملێ لە دیدگای ئەوهانەوە بەدیلی شەڕ بوو. پێویست بوو بەریتانیا، بەهۆی دەستوەردانی لە بازرگانیکردنی ئەمەریکا لەگەڵ کیشوەری ئەوروپا ساڵانە بە غەرامەکردنی چەند ملیۆن دۆلارێک سزا بدرایە.

دەبوو بەر لە دەرکەوتنی کاریگەرییە ڕاستەقینەکانی ئەم یاسایە، ڕێوشوێنی بەهێزتر جێبەجێ بکرێ، کۆنگرێسیش یاسای گەمارۆکەی پەسند کرد. ئەم یاسایەی دوایی لە یەکی ئاداری ١٨٠٩دا هاتە هەڵوەشاندنەوە و یاسای قەدەخەکردنی مامەڵەکردن جێی گرتەوە کە هەندێ مەرجی تێدایە کە ڕێگە لەوە دەگرێ لەوەی هیچ کەشتییەکی بەریتانیایی و فرەنسایی بێنە ناو ئاوە هەرێمایەتییەکانی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوردەکردنی شمەکی بەریتانیایی و فرەنساییش قەدەخە دەکا.

٥- گەمارۆی بازرگانیی نێودەوڵەتی

گەمارۆی بازرگانیی نێودەوڵەتی لە هەمان کاتدا گەمارۆ لەسەر کڕین و فرۆشتنیش دەگرێتەوە، هەروەها بازرگانیکردن لەگەڵ دەوڵەتە دژبەرەکە بە

تەواوی، یان بەنیمچە تەواو قەدەخە دەکا، کە داودەرمان و هەندێ شتی تری لەو شێوەی لێ دەبوێرێ.

بۆ نموونە، پاش گەیشتنی هەواڵی پێکدادانی چەکداری لە نێوان لیکسنگتۆن و کۆنکۆرد، پەرلەمانی بەریتانیا یاسای قەدەخەکردن (تحریم)ی پەسند کرد کە هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی لەگەڵ کۆڵۆنییە یاخییبووەکان قەدەخە دەکا و هەڕەشەی کرد کە دەست بەسەر سەرجەم ئەو کەشتییانە و بارەکانیان دەگرێ کە یاساکە پێشێل دەکەن.

ئەم ڕێگەیە دەکەوێتە خانەی ئەم پۆلبەندییەوە، لەبەرئەوەی قەدەخەکردنەکە بەهۆی قبووڵکردنی خۆویستانە، یاخۆ ئەو سزا ئابوورییانەی لەوانەیە بەسەر ئەو ڕەوەندە بەریتانیانەدا بسەپێنرێ کە پێشێلکاری دەکەن، کاریگەر بوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی هێزە دەریاییەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەم قەدەخەیە، سەر بۆ کاری سەربازی دەکێشێ. زۆر لە سەرکردە سیاسییە ئەمەریکاییەکان سزا ئابوورییە نێودەوڵەتییەکانیان وەک بەدیلی کاری سەربازی داناوە و لە هەندێ کاتدا لە ڕاسپاردنەکانیاندا بەڕوونی ئاماژەیان بە ڕاگرتنی تەواوی هەموو چالاکییە بازرگانییەکان داوە، لە هەندێ کاتی تریشدا نەرمی لە قەدەخەکردنەکە هەبووە.

تۆماس جیفرسۆن ڕاگرتنی تەواوەتیی هەموو شێوەکانی چالاکیی بازرگانیی نێودەڵەتی بە دەستپێشخەری حکوومەت، بە بەدیلی شەڕ بینیوە، ئەویش پێش لە گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنە تایبەتانەی لە دوو ڕێگەکەی پێشوودا باسی کراون.

لە مانگی ئاداری ١٧٩٣ جیفرسۆن لە نامەیەکدا کە بۆ جێمس مادیسۆنی نووسیوە لەبارەی ئەوەی پێویستە بکرێ ئەگەر هاتوو هێزە دەریاییەکان لە کاتی شۆڕشی فرەنسادا گەمارۆیان خستە سەر ئەو وڵاتە بۆ ڕێگرتن لە ناردنی یارمەتی و ئازووقە بۆیان، دەڵێ: ئەگەر بەڕەسمی ئاگەدار کراین،

پێشنیاز دەکەم داوا لە کۆنگرێس بکرێ بۆ کۆبوونەوە، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە کارە بە پاساوی شەڕ دادەنرێ، مادام سەرۆکایەتیش ناتوانێ بڕیارێکی ئەرێنی لە مەسەلەی شەڕدا بدا، پێویستە هەڵوێستێکی نەرێنی لەم پرسەدا وەرنەگرێ بە ڕێگرتن لە دەستەی یاسادانانی پێوەندار لە تاوتوێکردنی بابەتەکە. بەڵام من خوازیارم شەڕ بژاری ئەم دەستەیە نەبێ. پێم وایە ئەو بڕیارە دانایانەی کۆنگرێس دەیدا دەرفەتێکی خۆشمان دەداتێ بۆ پێشکێشکردنی نموونەیەکی باشی نوێ بە جیهان لە ڕێی جەختکردن لەوەی دەکرێ دەوڵەتان، لەڕێی پەنابردن بۆ بەرژەوەندییەکانیان لە جیاتی پەنابردن بۆ چەک، بەرەو دادپەروەری پەلکێش بکرێن. خوازیارم کۆنگرێس لەبری هەڕەشەی بەرپاکردنی شەڕ، بەدرێژایی ماوەی دەستدرێژییەکە و تا گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو، بەندەرەکانمان لەبەردەم هەموو بەرهەمەکانی دەوڵەتانی بەشدار لە دەستدرێژییەکە و شەمەک و کەشتی و هاووڵاتیانیان دابخا. بە دڵنیاییەوە کارێکی لەم شێوەیە لە چەندان ڕووەوە کارێکی باش دەبێ، هەروەک لە هەموو ڕووەکانیشەوە کارێکی سەلامەت دەبێ و ناوبژیوانێکی تر جگە لە چەک دەخاتە نێوان دەوڵەتان.

سەرۆک ودرو ویلسۆن لە پایزی ١٩١٩ لە ئاماژەدا بۆ ئامرازەکانی جێبەجێکردنی زۆرەملێیانەی بەندەکانی میساقی کۆمەڵەی گەلان دەڵێ:

چی ڕوو دەدا ئەگەر دەوڵەتێکی ئەندامی کۆمەڵەی گەلان ئەم بەڵێنانەی پێشێل یان فەرامۆش کرد کە پێوەندارن بە ناوبژیوانی (تحكيم) و تاوتوێکردن؟ شەڕ هەڵدەگیرسێ؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر، بەڵام شتێکی نالەبارتر لە شەڕ...

ئەم چارەسەرە ئابوورییە بێوەی و بێدەنگ و بکوژە جێبەجێ بکەن، ئیتر پێویست بە پەنابردن بۆ هێز ناکا، بایکۆتکردن بەدیلی شەڕە.

ساڵی ١٩٣٢ جۆن فۆستەر دالاس کە پاشتر بوو بە وەزیری دەرەوەی

ئەمەریکا نووسی: تایبەتمەندیی گەورەی سزا ئابوورییەکان ئەوەیە ئەگەری ئەوە هەیە لەلایەکەوە زۆر کاریگەر بێ، لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی ناسەپێنرێ، شیمانە هەیە پەنا بۆ هێز ببرێ، کە لەگەڵ هەوڵەکانمان بۆ بەدیهێنانی ئاشتی لێک دەدا.

ئەگەر بکرێ میکانیزمێک دابنرێ دەستەبەری پابەندبوونی دەوڵەتان بە وازهێنان لە شەڕ بکا، ئەوا دەبێ سەرەتا لە بازنە ئابوورییەکەدا بەشوێن ئەو میکانیزمەدا بگەڕێن.

لە ٣ی شوباتی ١٩٦٣ ویلایەتە یەککگرتووەکان گەمارۆیەکی نێودەوڵەتیی بەسەر بازرگانیکردن لەگەڵ کوبادا سەپاند.بەپێی بەیاننامەیەکی وەزارەتی دەرەوە کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ دەرچووە، قەدەغەکردنی ناردنەکانی ئەمەریکا بۆ کوبا دەستی پێکرد. لەگەڵ ئەوەیشدا، ڕاگەیاندنێکی سەرۆکایەتی کە لە ٣ی شوباتی ١٩٦٢ دەرچووە چوارچێوەی ئەو قەدەخەکردنەوەی فرەوان کردووە، بە سەپاندنی گەمارۆ بەسەر هەموو چالاکییە بازرگانییەکان لەگەڵ کوبا.

یاساکانی گەمارۆی نێودەوڵەتی بەگشتی سەرکەوتنی بەرچاویان بەدی نەهێناوە. پیتەر والنشتۆن ئاماژەی بەو ڕێژە کزەی سەرکەوتن کردووە کە لەنێوان هەردوو ساڵی ١٩٣٣ و ١٩٦٧دا بەدی هاتووە. پێویستە لێکۆڵینەوەی پێویست بکرێ بۆ دیاریکردنی ڕێژەی ئەو شکستەی بە هۆی بەربەستە جەوهەرییەکانی بەردەم ئەم ڕێگەیانەوە دروست بووە، بەهۆی بایەخنەدانی پێویست بە جێبەجێکردنیان، یان حەزنەکردن بە جێبەجێکردنیان بە شێوەیەکی ڕژد.

والنشتاین باس لە دوو حاڵەتی سەرکەوتوو دەکا. بەپێی ڕێکەوتنێک کە هەردوو حکوومەت بەدانوستاندن لەو بارەوە پێی گەیشتن، ساڵی ١٩٣٣ سزا ئابوورییە سەپێنراوەکانی بەریتانیا لەسەر یەکەتی سۆڤیەت هاتە

هەڵوەشاندنەوە، ڕێکەوتنەکە باس لە هەڵوەشاندنەوەی سزا ئابوورییەکان و ئازادکردنی هاووڵاتییە بەریتانیاییە دەستبەسەرەکان لە یەکەتی سۆڤیەت دەکا.

حاڵەتی دووەم پێوەندی بە کۆماری دۆمینیکانەوە هەیە لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٦٢، ئەویش پاش ئەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و ڕێکخراوی دەوڵەتانی کیشوەری ئەمەریکایی وەک لەدژی بەشداریکردنی ئەم وڵاتە لە هەوڵی کوشتنی بیتانکوری سەرکۆماری ڤێنزویلا، چەند ڕێوشوێنێکی ئابوورییان لەدژی گرتە بەر. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی ڕاستەقینە لەو ڕێوشوێنانە سەرکۆنەکردنی ڕێژیمی دیکتاتۆری تروخیلۆ بوو. لە مانگی ئایاری ١٩٦١ تروخیلۆ تیرۆر کرا، بەڵام تا پاش شەش مانگ لەو ڕووداوە و تا ئەو کاتەی تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی وڵاتیان بەجێ هێشت سزا ئابوورییەکان بەردەوام بوون، ئەویش لە پێناو بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە لە سیستمی حوکمڕانیدا.

ماوەتەوە ئاماژە بەوە بدەین، ژمارەیەکی زۆر لە ڕێگەکانی بایکۆتکردنی ئابووری، کێشانەوەی دەستی کرێکار لەخۆ دەگرن.

پاش ئەمانە دەچینە سەر فەسڵی دووەمی کتێبەکە کە باس لە ڕێگە جۆراوجۆرەکانی مانگرتن دەکا.

# بەشی دووەم
# مانگرتن

# پێشەکی

ڕێگەی مانگرتن دووەم جۆری فەرعیی گشتییە لە ڕێگەکانی هاوکارینەکردنی ئابووری. ڕێگەی مانگرتن بەشێوەیەکی گشتی ڕەتکردنەوەی درێژەدانە بە هاوکاریکردنی ئابووری لەڕێی کارکردنەوە. ڕێگەیەکی بە کۆمەڵ و ئامانجدار و کاتییە بەگشتی: ئامانج لێی دروستکردنی گوشارە لەسەر کەسانێکی تر کە لە هەمان یەکەی ئابووری یان سیاسی یان تەنانەت کۆمەڵایەتی یان کولتووریدا کار دەکەن. ئامانجیشی لە دروستکردنی گوشار هێنانەکایەی هەندێ گۆڕانە لە پێوەندییەکانی نێوان لایەنە ناکۆکەکان. ئەو گۆڕانە زۆر جار شێوەی بەدەمەوەهاتنی هەندێ داواکاریی دیاریکراو وەردەگرێ کە مانگرتووەکان دیاری دەکەن وەک مەرجی دەست بەکار کردنەوە. سرووشتە دەستەجەمعیشەکەی مانگرتن تایبەتمەندی و هێز دەبەخشێتە ئەم جۆرە لە هاوکارینەکردن.

مانگرتن تا ڕادەیەکی زۆر شانبەشانی دروستبوونی دامەزراوە پیشەسازییە نوێیەکان سەری هەڵداوە، هەروەک لەوانەیە لە کێشە کشتوکاڵییەکان لەناو دامەزراوەی جۆرەوجۆردا ڕوو بدات. مانگرتنەکان لەبارێکدا دەکرێن کە هەندێ کەس بۆ هەندێکی تر کار بکەن.

مانگرتنەکان بەگشتی ئامانج دیاریکراون، بەو واتایەی پاڵپشتیکردن یان بەرهەڵستیکردنە لە بابەتێکدا کە پێوەندیی بە مانگرتووەکانەوە هەیە. دەکرێ هەر ژمارەیەک کرێکار دەست بدەنە دەستی یەکتر و مان بگرن، بەڵام لەڕووی کردارییەوە پێویستە مانگرتووەکان ژمارەیان زۆر بێ بە ڕادەیەک

بتوانن شڵەژانێکی مەترسیدار لەسەر بەردەوامیی کارکردن، لانی کەم لەو یەکە ئابوورییەدا، دروست بکەن، یان بتوانن کارەکە بەتەواوی بوەستێنن.

هەروەک شێوە توندوتیژەکان، لەوانەیە تەنیا هەڕەشەکردن بە ئەنجامدانی مانگرتن بەس بێ بۆ هاندانی دژبەرەکە بۆ سازشکردن. ئەم بەشە هەندێ نموونەی لەم بارەوە تێدایە. لەوانەیە مانگرتنەکان خۆبەخۆ و لەوانەشە بە پلان بکرێن، دەکرێ ڕەسمی بن و سەندیکاکان ڕەزایییان لەسەر دابێ، یان ئەو ڕەزامەندییەیان بەدەست نەهێنابێ.

پاڵنەرەکانی مانگرتن زۆر جیاوازن، بەڵام بەگشتی پاڵنەرەکان ئابوورین و پێوەندییان بە کرێ و هەلومەرجی کار و داننان بەسەندیکاکان و سەعاتەکانی کار و شتی لەو شێوەوە هەیە.

دەکرێ ئەم جۆرە مانگرتنانە دژ بە ئیدارەیەکی حکوومی بکرێن، کەچی ئامانجی ڕاستەقینە ڕیژیمە دەسەڵاتدارەکە بێ. لەوانەیە ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان شان بە شانی ئامانجە ئابوورییەکان بێن یان بە جیا بن. ئەم پرسە بەربڵاوانە شێوەی جۆرەوجۆر وەردەگرن.

## مانگرتنە ڕەمزییەکان

١- مانگرتنە ناڕەزاییییەکان

لە مانگرتنی ناڕەزاییدا، کە بە مانگرتنی ڕەمزی یان خۆپیشاندان ئامێز دەناسرێ، کار بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە پێشوەخت دیاری کراوە دەوەستێ، یەک خولەک، یەک سەعات، یەک ڕۆژ یاخۆ تەنانەت یەک هەفتە، ئەویش لەپێناو دەربڕینی ڕوونی هەستی کرێکاران لەبارەی پرسێکی دیاریکراوی ئابووری یان سیاسی یان هی تر. لەکاتی ئەم مانگرتنانەدا داواکارییەکی دیاریکراو پێشکێش ناکرێ. ئامانج لە مانگرتنی ناڕەزایی دەربڕینی هەستی قووڵی کرێکارانە بەرامبەر پرسێکی دیاریکراو، لەو ڕووەوە دەتوانن لەکاتی پێویستدا بەشێوەیەکی کاریگەرانەتر مان بگرن. بەوەیش وریایی دەدەنە بەرپرسان کە وا باشە بۆیان هەستی کرێکاران لەبەرچاو بگرن.

هەروەک دەکرێ ئەم ڕێگەیە لە قۆناخە بەراییەکانی خەباتێکی تووڵانی بۆ ڕاهێنانی کرێکاران لەسەر بیرۆکەی مانگرتن لەبارەی کێشەیەکی دیاریکراو بەکار بهێنرێ. یان لەو حاڵەتانەی سەندیکاکان ئامادە نین مانگرتنێکی درێژمەوداتر ئەنجام بدەن، یان کاتێ ئەگەری ئەوە لەئارادا بێ مانگرتنە درێژەکان ببنە مایەی تۆڵەکردنەوەیەک کە توندوتیژانەتر بێ لەو تۆڵەکردنەوەیەی کرێکاران لەو قۆناخەدا خۆیانیان بۆ بەرگەگرتنی ئامادە کردووە، یاخۆ کاتێ مەترسیی ئەوە هەبێ زیانێکی گەورە بە ئابووریی نیشتمان بگەیەنرێ.

دەتوانرێ جەوهەری مانگرتنی ڕەمزی بگۆڕدرێ، ئەویش بەوەی لەگەڵیدا هەندێک ماوەی بێدەنگی یان مانەوە لە ماڵ یان هەندێ ڕێگەی تریشی لەگەڵ ئەنجام بدرێ. هەروەها لەوانەیە مانگرتنی نارەزاییی گشتی، یان مانگرتنی پیشەسازیی نارەزایی، یان مانگرتنی هاوسۆزیی نارەزایی و چالاکیی لەو جۆرە ئەنجام بدرێ.

لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣دا، پاش چوار ڕۆژ لە پەلاماردانی ناوچەی ڕوهەر لەلایەن هێزە فرەنسایی و بەلجیکاییەکانەوە، دانیشتووانی ئەو ناوچەیە و ناوچە داگیرکراوەکانی تر لە دۆڵی ڕاین مانگرتنێکی نارەزاییان بۆ ماوەی ٣٠ خولەک جێبەجێ کرد بۆ دەربڕینی مکوڕبوونیان لەسەر بەرگریکردن. هەروەها لە شاری ئەمستەردام لە ٢٥ و ٢٦ی شوباتی ١٩٤١دا مانگرتنێک بۆ ماوەی یەک ڕۆژ ئەنجام درا بۆ دەربڕینی نارەزایی لە خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ جوولەکەکاندا.

نموونەکانی تر مانگرتنیان تێدایە بۆ ماوەی سەعاتێک، کە لە ١٠ی نیسانی ١٩٥٩ نێزیکەی ٥٠٠ کرێکاری بیناسازی لە یەکێک لە کارگەکانی هەرێمی ئینگلتەرا کە مووشەکی شەڕی دروست دەکرد، ئەوەیش بۆ پاڵپشتیکردنی سیاسەتی وازهێنانی یەکلایەنە لە چەکی ناوکەیی. هەروەها دەستهەڵگرتن لە کار بۆ ماوەی ١٠ تا ١٥ خولەک کە نۆ ملیۆن کەس لە بەلجیکا، واتە نیوەی کۆی ژمارەی دانیشتووان لە سەعات ١١ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٨ی ئایاری ١٩٦٢ جێبەجێیان کرد بۆ دەربڕینی نەیارییان بۆ چەکی ناوکەیی. هەروەها مانگرتن بۆ ماوەی یەک ڕۆژ کە سەندیکاکانی گەشتی دەریاوانیی ئەمەریکایی، جگە لە کەشتییەکان و سەربازهەڵگرەکان و کەشتییەکانی ڕزگارکردن، جێبەجێیان کرد بۆ دەربڕینی نارەزایی لەدژی دێر گێڕانەوەی سەربازەکان بۆ نیشتمان پاش شەڕی جیهانیی دووەم.

مانگرتنەکانی نارەزایی لەکاتی شۆڕشی ڕووسیاش لەساڵی ١٩٠٥

دووباره بوونەوە. لە مانگی شوبات کرێکارانی پاسە گشتییەکان لە شاری ئەستراخان مانگرتنێکیان بۆ ماوەی ڕۆژێک ئەنجام دا. هەروەها لە مانگی تشرینی یەکەم کرێکارانی چاپخانەکان لە شاری سان پترسبۆرگ مانگرتنێکی سێ ڕۆژییان جێبەجێ کرد بۆ دەربڕینی هاوسۆزییان لەگەڵ کرێکارە مانگرتووەکانی چاپخانەکانی مۆسکۆ.

بەرپرسێکی حکوومی لەبارەی مانگرتنەکەی مانگی تشرینی دووەم لە پایەتەختی ڕووسیا دەڵێ: ڕۆژێک سەرتاشەکان مان دەگرن، ئەنجا لە ڕۆژێکی تردا کرێکارانی هوتێل و چێشتخانەکان مان دەگرن، هەر کە ئەم دووانە مانگرتنەکەیان کۆتا پێهێنا، ڕۆژنامەفرۆشەکان مان دەگرن و دوای ئەوەیش نۆرەی فرۆشیارانی فرۆشگە بازرگانییەکان دێ.

لە ٢٣ی نیسانی ١٩١٨ مانگرتنێکی ناڕەزایی لە ئێرلەندا بۆ ماوەی ٢٤ سەعات ئەنجام درا و هاوولاتیان لە سەرتاسەری ولاتدا، جگە لە شاری بەلفاست، بەوردی پێیەوە پابەند بوون. ئێدگار هۆڵت دەنووسێ: کارکردن لە کارگەکان وەستا و شوێنە بازرگانی و دوکانەکان دەرگەکانیان داخست و جموجوڵی گواستنەوە بەتەواوی وەستا. دیار بوو ئێرلەندای باشوور هیچ نیازێکی نییە بە ئارامی چاوەڕوانی ئەوە بکا ئۆتۆنۆمیی پێ ببەخشرێ.

پاش تێپەڕبوونی هەفتەیەک بەسەر داگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکیا لەلایەن یەکەتیی سۆڤیەتەوە لە مانگی ئابی ١٩٦٨دا، ژمارەیەک مانگرتنی ناڕەزایی کورت لەو ولاتەدا ئەنجام دران. لە نیوەڕۆی ڕۆژی ٢١ی ئاب و چەند سەعاتێک پاش دەستپێکردنی هێرشەکە، لەسەر داوای نوێنەرانی سەندیکاکانی هونەرمەندانی داهێنەر و فەرمانبەرانی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ بۆ ئەنجامدانی مانگرتنێکی ناڕەزایی بۆ ماوەی دوو خولەک، جموجوڵ لە شەقامەکانی پراگ بەتەواوی وەستا. هەروەها بانگەوازێک کە لە ناوچەی بوهیمیای باکورەوە بلاو کرایەوە داوای کرد سبەی بۆ ماوەی سەعاتێک

مانگرتنێکی گشتی ڕابگەیەنن. ئەو بەیاننامەیەی کە چواردەمین کۆنگرەی نائاساییی حزبی شیوعیی چیکۆسلۆڤاکیا لە ٢٢ی ئابدا دەری کرد داوای کرد نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی مانگرتنێکی نارەزایی بۆ ماوەی سەعاتێک ئەنجام بدرێ. بڵاوکراوەکان کە بانگەوازیان بۆ مانگرتن دەکرد بە دیوارەکاندا هەڵواسران و تێیاندا داوا لە هەمووان کرا لەو سەعاتەدا بە شەقامەکانی پراگدا هاتوچۆ نەکەن. "پێویستە پراگ شارێکی بێ جووڵە بێ". ڕۆژنامەی ڕۆد بارڤۆی سەر بە حزبی شیوعی لە ڕاپۆرتێکدا بەم شێوە وێنەی مانگرتنەکە لە ناوەندی شاری پراگ دەگێڕێتەوە:

ڕیزێک لاو لە تەلاری مۆزەخانەی نیشتمانییەوە بەرەو گۆڕەپانی وینسلاس چوون. دەست لەناو دەست پێشڕەوییان دەکرد و هاواریان دەکرد: شەقامەکان چۆڵ بکەن. جگە لە گۆڕەپانە خاڵییە پان و بەرینەکە هیچی تریان لەپشتەوە نەبوو. زیقەی ئاگەدارکردنەوە دەستی بە ویقەویق کرد و بەدوایدا هۆڕێنی ئۆتۆمبێلەکان بۆیان دەسەندەوە. سەربازەکان لەبان تانکەکانیانەوە چاویان بەدەوروبەری خۆیاندا دەگێڕا بەبێ ئەوەی بزانن چی ڕوو دەدا و چاودێریی باڵەخانەکان و پەنجەرەکانیان دەکرد کە کەوتبوونە ئەمبەر و ئەوبەری گۆڕەپانەکە. هەندێک لە تانکەکان سەرقاپەکانیان داخست و تۆپ و ڕەشاشی تانکەکان بەدەوری خولگەکانیاندا دەسووڕانەوە و بەدوای ئامانجدا دەگەڕان. بەڵام کەسیان نەدییەوە تەقەی لێبکەن و کەسیش هەوڵی ئاڵۆسکاندنی نەدان. گەل دەستی بە جێبەجێکردنی ئەو مانگرتنە کردبوو کە حزبی شیوعی بانگەشەی بۆ کرد.

لەپڕ گۆڕەپانی وینسلاس زیرۆحی تێدا نەما، هیچی تێدا نەما جگە لە تەپوتۆز و پارچە کاغەز و پۆستەر کە با بە ئاسماندا لوولی دەدان، تەنیا تانکەکان و سەربازەکانی تێدا مانەوە.

٢- برووكه مانگرتن

له ویلایەته یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بەو مانگرتنی ناڕەزاییە خۆبەخۆ و كورتانەی بەبێ پلانێكی پێشوەخت بۆ دروستكردنی گوشار یان ناڕەزایی دەربڕین لەبارەی هەندێ بابەتی تاڕادەیەك لاوەكی ئەنجام دەدرێن، دەوترێ برووكە مانگرتن (الاضراب الخاطف) و له ئینگلتەرایش پێی دەوترێ برووسكه مانگرتن.

دەگمەن بووە ئەم مانگرتنانە له چەند سەعاتێك زیاتر بخایەنن یان زیاتر له چەند كرێكارێكی كارگەیەك بەشدارییان تێدا بكەن. ئەم جۆرە مانگرتنانە لەكاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا له ویلایەته یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا باو بوون كاتێ كه مانگرتن قەدەخە بوو.

جاك بارباش ئاماژە بۆ نموونەیەك له برووكە مانگرتن دەكا كە كرێكارانی فرۆشگەیەكی گەورە بەهۆی بێزارییان له سیستمێكی نوێی پلەبەندیی كرێ و هەروەها شێواندنی هەڵوێستی سەندیكاكەیان له دامەزراندنی كرێكارێكی كەمئەندام لەلایەن كۆمپانیای خاوەنی فرۆشگەكەوە، ئەنجامیان دا.

له بەهاری ١٩٦٣ برووكه مانگرتنێك له میترۆی پاریس ڕووی دا، پاش ئەوە حكوومەت هەوڵی دا یاسایەك دەربكا كه لەسەر كرێكاران فەرز دەكا پێنج ڕۆژ بەر له ئەنجامدانی مانگرتن ئاگاداری بدەن.

## مانگرتنە کشتوکاڵیەکان

١- مانگرتنی جووتیاران

جـووتیـاران بەکـۆمـەڵ ڕەتیـان کـردەوە لە کـارکـردن لە زەوییـەکـانی دەرەبەگەکاندا لە هەلومەرجی کارکردنی دەرەبەگی و نیوە دەرەبەگیدا کار بکەن، ئەم نموونانەی لەخوارەوە باس کراون لە ڕووسیا ڕوویان داوە.

ساڵی ١٨٦١ جووتیاران کەوتنە ژێر کاریگەریی وتارە دنەدەرەکانی ئەنتۆن بترۆڤی بانگخوازی سیاسیی جووتیار و زنجیرە کارێکیان ئەنجام دا، کە تیایاندا تەنیا پشتیان بەخۆیان بەست، ئەویش لەپێناو باشکردنی باری گوزەرانیان، مانگرتن یەکێک بوو لەو کارانە. گردبوونەوەکانی جووتیاران چەند کۆنگرەیەکیان بەست بۆ دەرکردنی بڕیارێکی بەکۆمەڵ بۆ کارنەکردن لە زەوییەکانی دەرەبەگەکاندا.

هەروەها لەکاتی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥دا، کۆنگرەی دووەمی یەکەتیی جووتیاران بڕیاری دا پابەند نەبێ بە خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ و وەک ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانیان لە گۆڕانکاریکردن لە سیستەمی خاوەندارییەتیی زەوی و پێکهێنانی بەپەلەی کۆمەڵەیەکی دامەزرێنەر، مانگرتنی جووتیاران لە ناوچە بەرفرەوانەکاندا ئەنجام بدا.

لە پایزی ١٩٠٥ هەواڵی ئەو مانگرتنانە بڵاو بووەوە کە لە ناوچەکانی کییێف و فولهینیا و بۆدۆلیا و خارکۆف و پولتاڤا و شرینکۆف و ساتارۆف و سمارا و ئورلۆڤ و تامبۆف و مۆسکۆ و نوفجورورد و پنزا و هەروەها لە ناوچەی ڕووباری دون ڕوویان دا، لەو کاتەدا تەنیا ژمارەیەکی کەم لە تالانکردن و سووتاندنی موڵک و ماڵ تۆمار کرا.

سولون باراکلاو له کتێبەکەیدا باس لەوە دەکا مانگرتنی جووتیاران یەکێک له ئامرازەکانی نارەزایی و بەرگرییە، کە له ئەمەریکای لاتیندا بەزۆری پەنای بۆ دەبرێ. بۆ نموونه له هەردوو مانگی تەمووز و ئابی ١٩٥٢ کرێکارانی کشتیار له پۆلیڤیا مانیان له کارکردن گرت و رێگەی تری کاری ناتوندوتیژانەیان گرتەبەر: رێکخەرانی وەزارەتی کاروباری گوندەکان و حزبە سیاسییە جیاوازەکان لەنێو جووتیارەکاندا چالاک بوون.

یەکەتییەکانی جووتیاران له باکوری رۆهەڵاتی بەرازیل، ساڵی ١٩٦٢، مانیان گرت کە زیاتر له ٢٠٠ هەزار جووتیار بەشدارییان تێدا کرد، خاوەن زەوییەکان سازشی زۆریان کرد، حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتە ناوچەییەکان ژمارەیەک پێشنیازیان بۆ چاکسازیکردنی کشتوکاڵی خستە روو. بانگەشەی ئەوە بڵاو بووەوە کە ئەم مانگرتنە یەکێک بووە لەو هۆکارانەی ئەو کودەتا سەربازییەی لێکەوتەوە کە دوو ساڵ دوای ئەوە رووی دا، هەروەها هەندێ راپۆرت باسیان لەوە کرد رژێمی دەسەڵاتداری سەربازی پشتگیریی رێکخراوەکانی گەورە جووتیارەکانی کردووە و چالاکیی یەکەتییە جووتیارییەکانی سەرکوت کردووە، هەروەها سەرکردەکانی جووتیاران بەند کراون یاخۆ بۆ دەرەوەی وڵات دوور خراونەتەوە یان کوژراون.

لەنێوان ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٦٣دا جووتیاران له دۆڵی کۆنڤیسیول له پیرۆ مانیان گرت. ئەو کرێکارە هەمیشەییانەی له کێڵگە گەورەکاندا کاریان دەکرد، بەسەرکردایەتیی هوجو بلانکو نێزیکەی هەموو ئەو کارەیان راگرت کە بەبێ کرێ بۆ خاوەن زەوییەکانیان دەکرد. هەندێکیان توانییان زەوییەکان سوود لێ ببینن و لێرەشەوە لەو کاتەی لەناو مانگرتندا بوون داهاتیان زیادی کرد.

سەرکردەکانی گیران و هێزی سەربازی بۆ سەرکوتکردنی جموجوڵەکیان

بەکـــار هێنرا. لـەگـــەڵ ئەوەیشـــدا مـــەرســـوومـــێکی تایبـــەت دەرچوو بۆ پارچەپارچەکـردنی مـوڵکە گـەورەکـان لەو ناوچەیەدا و فـرۆشـتنیـان بە جووتیاران، هەروەها ئەنجوومەنی یاسادانانیش ڕەزامەندیی لەسەر یەکەم یاسا بۆ چاکسازیی کشتوکاڵی لە سەرتاسەری پیرۆ دەربڕی.

٢- مانگرتنی کرێکارانی کشتوکاڵی

کرێکارانی کشـتوکاڵیش کە بەرامـبەر بە کـرێیەک کار دەکـەن، وەک هەر گرووپێکی تر مافی ئەوەیان هەیە لەڕێی مـانگرتنەوە کۆششـەکانیان ڕابگرن لەپێناو بەدیهـێنانی ئامـانجگەلێکی دیاریکراودا. لە مـاوەی نێـوان سـاڵی ١٩٢٩ و ١٩٣٥ لە ویلایەتی کالیفۆرنیا زنجیرەیەک مانگرتن ڕوویان دا، کە بزوێنەریـان کەمکردنەوەی کرێ لـە مـاوەی سـسـتبـوونە ئابووریـیـەکەدا بوو، هەروەها ئەو پێشبینییانە بوو کە لە سیاسـەتەکانی ئیدارەی نوێی سـەرۆک ڕۆزفەڵت دەخوێنرانەوە. کاری ماک ویلیامز دەنووسێ:

لە مێژووی کار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هیچ پێشـینەیەک نییـە بۆ ئەم جۆرە مـانگرتنانە. لە ڕابردوودا قـەت کرێکارانی کشتوکاڵی بەم شـێوەیە ڕیزەکانیـان ڕێک نەخسـتووە و لە ڕابردوودا مـانگرتنی فرەوانی لەم شـێوەیەیان ئەنجام نەداوە، کە ئەم کاریگەرییـە کۆمەڵایەتییە دوورمـەودایەی هەبێ.

کرێکارە کشتـوکاڵییە کۆچەرییەکان لەڕێی مانگرتنی خۆبەخۆ و مانگرتنی بەبەرنامەوە نیگەرانیی خۆیان دەربڕی.

ئەم مـانـگرتنانـە بەزۆری شکست دێـنن و سـەرکـوتکاریی توندیـان لەلایەن حکوومـەتە ناوەخۆیی و گرووپە ناحکوومـییـەکانەوە لێ دەکەوێتـەوە، بۆ وێنە، لە مـانگی کانوونی دووەم و شـوباتـی ١٩٣٠ لە ناوچەی ئیمـپریال ڤالی، دوو مانـگرتنی خۆبەخۆ لەنێوان کرێکارانی کێڵگە مەکسیکی و فیلیپینیـەکان و کـرێکارانی ئەمـەریکایی لە کـارگـەکـانی لەقـوتوونانـی خـۆراک ڕوویان دا:

هەردوو مـانگرتنەکـە پێـوەندییـان بە کـەمکردنەوەی کـرێ یان داواکـاریی زیادکردنی کرێ و باشکردنی هـەلومـەرجی کـارکردنەوە هـەبوو. ڕێکخـەرانی یەکەتییـە سـەندیکاییەکان لە هەردوو مـانگرتنەکەدا چالاک بوون و بەتۆمەتی هـەڵنانی کرێکاران گیران. پاش ئەوەی هـەردوو مانگرتنەکە شکسـتیان هێنا، یەکـەتیی کرێکاران داوای بەسـتنـی کۆنـگرەیەکی بۆ کـرێکارانی کشـتـیار لە ٢٠ی نیسـانـدا کـرد، بەڵام شـەش ڕۆژ بەر لەو مـێـژووە هـەڵمەتێکی هـەڵکوتانە سـەر مـاڵی کرێکاران و شوێنەکانی کۆبوونەوەکـانیـان ئەنجـام درا، زیاتر لە سـەد کرێکار گیـران و بڕی ٤٠ هـەزار دۆلار وەک دەستەبەری بـۆ ئازادکردنی هـەریەکـــەیـان دانرا، هـەروەهـا بەپێـی یاســـای تـاوانەکـــانـی تـایبـــەت بـە سـەندیکاکان هەشـتـیان حـوکم دران و سـەندیکا هـەسـتی کرد جـووڵەی لەبەر براوە و هیچی پێناکرێ.

لە تـشـرینـی دووەمی ١٩٣٢ ڕێکخـــەرانی حـــزبی شـــیـــوعی لـە یەکـــەتـیی پیـشـەسـازیی کرێکارانی لەقـوتوونان و کرێکارانـی کشـتـوکـاڵی و کرێکارانی ڕنین و ئامادەکردنی میوە لە ناوچەی ڤاکاڤیل مـانیان گرت و مـانگرتنەکە بە تۆقـاندنێـکی گـەورە و دەسـتـدرێژیی جـەسـتـەیـی و ڕاوەدوونانی قـەزایی وەڵام درایەوە. شـــەش لە ڕێکخـــەرانی مـــانگرتـنەکــە هاتنە ڕفـــاندن و بـە قـــایشـی سـەرئاسنین شـەلاقکاری کران و بە هـەورێنگی مەڕ بڕینەوە سـەریان تاشرا و بۆیەی سـوور بەسـەریاندا کرا. هـەرچی ئەو شیـوعییـانە بوون کە هـاتبوون بۆ ناوچەکە بینییان وا ١٨٠ پۆلیسی چەکدار و کۆمەڵێ لە تێکدەرانی مانگرتن کە بۆریی غاز و مقەسی درەخت چاککردنیـان بەدەستەوە بوو، چاوەڕوانییان دەکردن.

پاش شکاندنی ئەم مـانگرتنە، ژمـارەیەک مـانگرتنی تر لـە سـاڵی ١٩٣٣ ڕوویان دا. سێ هـەزار کرێکاری ڕنینی بەزالیـا کە لە مانگی نیسـاندا مانیان گرتبوو، بەکۆمەڵ دەستگیر کران و ڕووبەڕووی شـەلاقکاری و تۆقاندنـی توند

بوونەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا توانییان نرخی پڕکردنی سەبەتەیەک بەزالیا کە کێشی نێزیکەی ٣٠ ڕەتڵە، لە ١٠ سەنتەوە بۆ ١٧ سەنت و پاشتریش بۆ ٢٠ سەنت بەرز بکەنەوە. لەکاتی مانگرتنەکەدا پیاوێک کوژرا و ژمارەیەکیش بریندار بوون.

لە سەرکوتکردنی مانگرتنی هەندێ کرێکاری تری کشتوکاڵی، دارکاری و ئێسک شکاندن و تەقەکردن بەکار هات، کە کوژران و برینداربوون و گرتنی لێکەوتەوە، هەروەها ئازادکردنی بکوژانی مانگرتووەکان و سەپاندنی کەفالەتی دارایی زۆر بۆ بەردانی مانگرتووە گیراوەکان، بەدبەکارهێنانی یاسا و سیستەمە جۆرەوجۆرەکان بۆ تەنگاوکردنی مانگرتووان و دادگەییکردنیان، هەروەها بەکارهێنانی غازی فرمێسکڕێژ و ئەنجامدانی هەڵمەتی ڕەشبگیری و بەندکردنی مانگرتووان لە گەوری ئاژەڵ و بەزۆر دەرکردنی مانگرتووان لە شوێنی مانگرتنەکە و سووتاندنی کوخەکانیان.

ئەو پۆلانەی کرێکاران کە لەو ماوەیەدا مانیان گرت بریتی بوون لە کرێکارانی ڕنینی بەروبوومی درەختە جۆرەوجۆرەکان، کرێکارانی ڕنینی ترێ و لۆکەچنین و سەوزەبڕین. لە مانگرتنەکانی ساڵی ١٩٣٠دا نێزیکەی ٥٠ هەزار کرێکار بەشدارییان کرد و لە ئەنجامی ئەو ٣٧ مانگرتنەی بە ڕەسمی تۆمار کراون، ٢٥ سکاڵا دژ بە مانگرتووەکان بۆ بەردەم دادگەکان بەرز کرایەوە. هەروەها لە ئەنجامی ئەو مانگرتنانەی سەندیکاکان سەرکردایەتییان کرد کرێی سەعاتی کار لە ١٥ سەنتەوە بۆ تێکڕای ناوەندیی ٢٥ سەنت بەرز بووەوە.

بەناوبانگترین مانگرتنی کشتوکاڵی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەم ساڵانەی دواییدا بەخۆیەوەی دیبێ، ئەو مانگرتنە بوو کە کرێکارانی ترێ ڕنین لە هەرێمی دیلانۆ لە ویلایەتی کالیفۆرنیا بە سەرکردایەتیی سیزار شافیز ڕایانگەیاند. مانگرتنەکە لە مانگی ئەیلوولی ١٩٦٥ دەستی پێ کرد،

زۆر لە خاوەن کێڵگەکانی تریش تا هاوینی ١٩٧٠ ڕێکەوتنامەی کارکردن لەگەڵ سەندیکا کرێکارییەکانیان ئیمزا نەکرد. بە ناونیشانی سەرۆکی یەکەتیی نیشتمانیی کرێکارانی کشتوکاڵی و لەوێشەوە وەک سەرۆکی لێژنەی ڕێکخستنی کرێکارانی یەکگرتووی کشتوکاڵی، شافیز پێداگریی کرد لەسەر بەرزەفتکردنی ناتوندوتیژانە (الانضباط اللاعنفي).

ئەم مانگرتنە پشتگیریی لە بایکۆتکردنێک کرد کە بەکاربەرانی هەموو ویلایەتەکان سەرەتا دژ بە هەموو جۆرەکانی ترێی ویلایەتی کالیفۆرنیا و پاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکانی کارکردن لەگەڵ سەندیکاکانی کرێکاران، دژ بەو کێڵگانەی ڕێکەوتنیان لەگەڵ سەندیکاکانی کرێکاران ئیمزا نەکردبوو، ئەنجام دا.

لە مانگی ئاداری ١٩٦٦ مانگرتووان ڕێپێوانێکی درێژیان ئەنجام دا کە تێیدا ٢٥٠ میلیان لە دیلانۆوە بۆ پایەتەختی ویلایەتی ساکرامنتو بڕی بۆ دەربڕینی نارەزایی لەدژی پژاندنی دەرمانی قەلاچۆکردنی جرجانەوەر و و پەینی کیمیایی بەسەر ڕێکخەرانی مانگرتنەکەدا، هەروەها بۆ پروپاگەندەکردن بۆ بایکۆتکردنەکە. سەرلەئێوارەکان گردبوونەوەی گەورە بەدرێژایی ڕێگە ڕێک دەخرا و پلانی یەکەتییەکە بۆ حەشاماتەکە دەخوێنرایەوە:

ئێمە ئازار دەچێژین. ڕۆژێک دێ یەکدەگرین. ڕۆژێک دێ ماندەگرین، ڕۆژێک دێ سەردەکەوین. ڕێپێوانەکەمان ئەو دەنکە شقارتەیەیە کە کێشەکەمان ڕووناک دەکاتەوە تا هەموو کرێکارانی کشتوکاڵی ببینن لێرە چی ڕوو دەدا و جێپێی ئێمە هەڵگرن.

## ئەو مانگرتنانەی هەندێ دەستەی تایبەت ئەنجامیان دەدەن

١- ڕەتکردنەوەی بێگاریکردن

هەندێ جار ئەو کەسانەی داوایان لێکراوە بەبێگاری (سوخرە) کارێک بۆ کەسانێکی تر بکەن، ئەو داوایەیان ڕەت کردووەتەوە. بێگارینەکردنەکە زیاتر بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی کارکردنی بێگار بووە، لەوەی مەبەست باشکردنی هەلومەرجی کارکردن بێ. ساڵی ١٩٢١ لە هەرێمی کوتجیری لە هند، هەڵمەتێکی ڕێکوپێک و ڕێکخراوی ناتوندوتیژانە دژ بە سیستمی کۆنی کارکردنی ناچاری ئەنجام درا. ئەو سیستمە ڕێگەی بە ئەوروپاییەکان دەدا داوا لە جووتیارە هەژارەکان بکەن هەندێ کاری قورس بکەن بەرامبەر بە کرێیەکی زۆر کەم، ئەمە جگە لەو زیانەی بەو کشتوکاڵە دەگەیشت کە هۆزە شاخنشینەکان دەیانکرد. داواکارییەکانی جووتیارەکان جێبەجێ کرا و کۆتوبەندی توند لەسەر جۆرەکانی ئەو خزمەتگوزارییانە دانرا کە ئەوروپاییەکان مافی داواکردنیان هەیە. هەروەها نرخی گونجاو بۆ هەر کارێک دانرا کە جووتیارەکان دەیکەن.

لەکاتی شەڕی سەربەخۆیی ئەمەریکادا، بەریتانیاییەکان هەوڵیان دا سیستمە فرەنساییە کۆنەکەی ناسراو بە کارکردنی زۆرەملێی خۆڕایی لە هەرێمی کیبیک زیندوو بکەنەوە. جووتیار و گوندنشینەکان لە ساڵی ١٧٧٦ تا ساڵی ١٧٧٨ بەردەوام بوون لە کارنەکردن لەسەر ڕێگەکان یان هەر کارێکی گواستنەوەی سەربازی. بەریتانیاییەکان دوای ئەوە یاساکەیان کێشایەوە و سیستمی بێگاریان هەڵوەشاندەوە و کرێی ئەو کەسانە درا کە لە ڕابردوودا کاریان پێ کرابوو.

سـاڵی ١٧٨١ له شـاری یانگ کـوی چینـی، سـینگ وانی زانا هانـی گـوندنشـینەکـانی دا واز له دەرهێنانی قورِ لـه بنی ڕووبارەکـه بێنن. لەگـەڵ ئەوەیشدا گوندنشینەکان ڕووی تووڕەییان ئاراستەی موڵکە حکوومییەکان کـرد، هێـرشـیـان کـرده سـەر گـرتووخـانەکـه و نووسـینگەی بەرپرسی کۆکردنەوەی باجیان تێکوپێکدا.

٢- مانگرتنی زیندانییان

زیندانیـیـان هەندێ جـار ئەو کـاره جێـبـەجێ ناکـەن کـه بەڕێوەبەرانی گـرتووخـانەکـه داوایان لێـدەکـەن. لەوانـەیه پاڵنەری ئەو بـەگـوێنـەکـردنه جـۆرەوجـۆربێ، وەک نارِەزایی له بوونیـان له زیندانـەکـەدا وەک هەوڵێک بۆ باشترکردنی بارودۆخی تایبەتی ناو ئەو جێیه، یان هەر پاڵنەرێکی تر.

لـه کـاتی شـەرِی دووەمـی جـیـهـانیـدا چەند مـانگرتنێک لەلایەن بانگەشـەکارانی بایکۆتکردنی شەرِ له گرتووخانـەکانی ئەمـەریکادا ڕوویاندا. یەکێ لـەوانه له گـرتووخـانەی چاکسـازیی فـیـدراڵی له دانبوری -ویلایەتی کۆنکتیکوت له ١١ی ئابی ١٩٤٣ وەک نارِەزایی لەسەر سیاسـەتی ڕەسمیی پێوەندار به جیاکاریی ڕەگەزی له ژەمەکانی خواردندا بوو. پاش بەسەربردنی ١٣٣ ڕۆژ له زیندانی تاکـەکەسی لـه گرتووخـانەکـانیـاندا، کـه تەنیـا ڕێگەی ئەنجـامـدانی چەند مـەشـقـێکی دیاریکراویان پێـدەدرا، لەگـەڵ پێـدانی خـواردنێکی خـراپ و سـەپاندنی کـۆت و بەند بەسـەر سـەردانیکارانیـاندا، زیندانییـەکان تێبینییـان کرد وردەورده سیسـتمی کافتریا دەهێنرێته ناو گرتووخـانەکه و پێشبینییـان کرد ئەم سیستـمـه نوێیه سیاسـەتی جیاکاریی ڕەگەزی لەناو گرتووخانەکان به هەمیشەیی هەڵبوەشێنێتەوه.

له هاوینی ١٩٥٣ زیندانیـیـانی کـانـەکـانی خـەڵووزی بەردین لـه کێـڵگه فرەوانەکەی ڤۆکۆرتا له یەکەتیی سۆڤیەت، بۆ بەدەستهێنانی هەلومەرجێکی باشتری گوزەران مانگرتنێکیان ئەنجام دا .

٣- مانگرتنی پیشەیی (حرفی)

مانگرتنی پیشەداران بریتییە لەوەی کرێکارانی پیشەیەکی دیاریکراو لە شوێنێکی بازرگانی یان زیاتر لەسەر ئاستی ناوەخۆیی یان نیشتمانی یان هەرێمی یان ناودەوڵەتی دەست لە کار هەڵدەگرن. مانگرتنی خاوەن پیشەکان کاتێ ڕوو دەدا کە سەندیکاکە لەباتی ئەوەی پیشەسازی بێ، پیشەیی بێ و هەموو کرێکارانی کارگەیەک یان پیشەسازییەک بگرێتەوە.

ساڵی ١٧٤١ نانەواکانی شاری نیویۆرک وەک ناڕەزایی لە دژی دیاریکردنی نرخی نان لەلایەن شارەوانیی شارەوە مانیان گرت، ئەوەیش یەکەم مانگرتنی ئەمەریکایی بوو. ساڵی ١٨٢٥ دارتاشە میاوەکانی شاری بۆستن بۆ داواکردنی ڕۆژانە ١٠ سەعات کارکردن مانیان گرت. لە مانگی کانونی دووەمی ١٨٩٠ زیاتر لە ٣٠٠٠ کرێکار لە کارگەکانی دروستکردنی ڕۆب لە نیویۆرک دژی هەلومەرجی کارکردن لە دامەزراوە پیشەسازییە بچووکەکاندا، کە بەنرخێکی کەم و لە هەلومەرجێکی ناتەندروستدا کار بە کرێکاران دەکەن، مانیان گرت. هەروەها ١٥ هەزار کرێکار لە کارگەکانی دروستکردنی جلوبەرگ و کراس لە شاری نیویۆرک لە نێوان مانگی تشرینی دووەمی ١٩٠٩ تا مانگی شوباتی ١٩١٠ مانیان گرت بۆ داواکردنی باشکردنی کرێ و هەلومەرجی کارکردن.

٤- مانگرتنی پیشەوەری (مهنی)

لەوانەیە چەند کۆمەڵێ لە فەرمانبەران یان لە خاوەن پیشە ئازادەکان لە پیشەیەکی دیاریکراودا، لەبەر هۆی ئابووری یان سیاسی و هی تر، مان بگرن. ئەگەر هۆی مانگرتنەکە سیاسی بێ، مانگرتنی پیشەوەری بەردەوام لەچوارچێوەی چەمکی خەباتێکی فرەوانتردا ڕوو دەدا، کە کۆمەڵانی تر و ڕێگەی تری ناتوندوتیژانە لەخۆ دەگرێ، کە لەوانەیە پێش، یان هاوکات یان پاش مانگرتنە پیشەوەرییانەکە بکەون.

له دەوروبەری ساڵی ٢٦٠ی پاش زاین لە میسری کۆن مانگرتنی پیشەوەری ئەنجام دراوە، کە ڕوتوڤتزیڤ بەم شێوە باسی دەکا:

دابەزینی توندی هێزی کڕینی دراو بووە هۆی ڕاگەیاندنی مانگرتنی ڕەسمیی بەڕێوەبەرانی بانکەکانی ئاڵوگۆڕی دراو. ئەوانە دەرگەی بانکەکانیان داخست و وەرگرتن و گۆڕینەوەی دراوی ئیمپراتۆریەتیان ڕەت کردەوە. حکوومەت پەنای بۆ هەڕەشە و گوڕەشە و زۆرلێکردن برد و بەڕێوەبەری دارایی ڕۆمانی فەرمانێکی بۆ هەموو بانک و بۆرسەکان دەرکرد کە دەرگەکانیان بکەنەوە و هەموو پارەیەکی کانزایی، بەو مەرجەی ساختە و قەڵب نەبێ، وەربگرن و بیگۆڕنەوە. لەوە دەچێ کێشەکە نوێ نەبێ، چونکە بەڕێوەبەری دارایی، لەو فەرمانەی دەریکردبوو، ئاماژەی بەو غەرامانە کردبوو کە جەنابی حاکم لەو بارانەوە دیاریی کردبوون.

دەوروبەری ساڵی ٢٠٠ی پاش زاین، کاپتنی ئەو کەشتییانەی دانەوێڵەیان لە ئاسیای بچووکەوە بۆ ڕۆما دەگواستەوە هەڕەشەی ڕاگەیاندنی مانگرتنێکی پێشەوەرییان کرد ئەگەر بێت و هەندێ داواکارییان جێبەجێ نەکرێن. وەزیری خۆراک نامەیەک بۆ یەکێک لە فەرمانبەرە هەرێمییەکانی دەنووسێ، تێیدا دەڵێ کاپتنی ئەو کەشتییانەی چوونە پاڵ پێنج یەکەتییەکە، وریاییان داوە لەوەی ئەگەر ئەو ستەمکارییانەی لەسەریانە چارەسەر نەکرێن، پاش ماوەیەکی کەم خزمەتگوزارییەکانیان ڕادەگرن.

له چەندان بۆنەدا پارێزەران وەک بەشێک لە خەباتی سیاسی دەستیان لە کارەکانیان هەڵگرتووە، بۆ نموونە کاتێ داوا لە دادگەکانی کۆلۆنییە ئەمەریکاییەکان کرا بە گوێرەی یاسای پوولەکان، پوولەکانی باج بەکار بێنن، دادگەکان جێبەجێکردنی فەرمانەکەیان ڕەت کردەوە، پارێزەرەکانیش لە هەوڵێکدا بۆ داخستنی دادگەکان بە ڕاگرتنی مومارەسەکردنی پیشەکەیان وەڵامیان دایەوە.

کاردانەوەی پارێزەرەکان لە سان پترسبۆرگ-رووسیا بەرامبەر یەکشەمی خوێناوی لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٠٥، ئەوە بوو ئامادەی دادگەکان نەدەبوون و نارەزاییننامەیەکیان دەرکرد و تێیدا سەرکۆنەی حکوومەتیان دەکرد کە بەزەیی نییە. لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدا فەرمانبەرانی فەرمانگە جیاوازەکانی حکومەت لە شارەکەدا مانیان گرت: کرێکارانی چاپی سەر بە وەزارەتی دەریا و ئەکتەران و فەرمانبەرانی بەندەر و گومرگەکان و فەرمانبەرە ناوەخۆییەکانی بانکی ناوەندی.

گرووپی تریش پەنایان بۆ مانگرتنی پیشەیی بردووە، لەوانە مامۆستایان و پزیشکان و فەرمانبەرانی دەوڵەت. مامۆستایان لە هەرێمی مایفیلد-ویلایەتی پەنسلڤانیا لە هەردوو مانگی کانوونی دووەم و نیسانی ١٩٣٤دا مانیان گرت، ئەویش پاش ئەوەی شەش مانگ و نیو بەبێ مووچە کاریان کرد. هەروەها لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٥٦، مانگرتنی گشتی و داخستنی تەواوەتیی ئابووری، دژ بە هەوڵەکەی سەرۆکی بەهێزی کۆماری هایتی جەنەراڵ پۆڵ ماگلیور بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا، وێرای کۆتە دەستوورییەکان، مانگرتنی فەرمانبەرانی حکوومی و فەرمانبەرانی بانکەکان و مامۆستایان و رازینەبوونی پارێزەران بە پارێزبەندیکردن لەبەردەم دادگەکانی گرتەوە.

٥- ئەو مانگرتنەی دامەزراوەیەک دەگرێتەوە

ئەم رێگەیە ئەو مانگرتنەیە کە هەموو پیشەکانی ناو کارگەیەک یان زیاتر، کە یەک ئیدارە سەرپەرشتییان دەکا دەگرێتەوە، بە چاوپۆشین لە دابەشبوونی جوگرافیی ئەو کارگانە. لە نموونەی ئەو مانگرتنەی دامەزراوەیەک دەگرێتەوە، ئەو مانگرتنەیە کە لە هەردوو مانگی شوبات و ئاداری ١٩٣٦دا کرێکارانی کۆمپانیای گودیێری تایە لە شاری ئەکرۆن-ویلایەتی ئۆهایۆ بۆ داواکردنی ئەوەی کۆمپانیاکە دان بە سەندیکاکەیاندا

بنێ، ئەنجامیان دا. هەروەها ئەو مانگرتنەی ٥٠٠ فەرمانبەری سەر بە هێڵی ئاسمانیی ئەسکەندەنافی لە نەرویج لە هەردوو مانگی ئادار و نیسانی ١٩٥٤ بەهۆی زیادکردنی کرێکانەوە ئەنجامیان دا.

٦- ئەو مانگرتنەی پیشەسازییەک دەگرێتەوە

مەبەست لەم جۆرە مانگرتنە کارنەکردنە لە هەموو ئەو دامەزراوانەی لە پیشەسازییەکی دیاریکراودا کار دەکەن، وەک کانزاکاری یان چاپکردن چ لە ناوەخۆ یان ناوچەیەکی تر. چەندان جار مانگرتن پیشەسازییە ناوەخۆیی یان هەرێمییەکانی گرتووەتەوە، لەوانە ئەو مانگرتنەی ساڵی ١٩٠٢ یەکەتیی کرێکارانی کانەکان دژ بە کۆمپانیاکانی قۆرخکردنی ئەنتراسیت کە لە ڕۆهەڵاتی ویلایەتی پەنسلڤانیا کاریان دەکرد، ئەنجامیان دا، هەروەها ئەو مانگرتنەی ساڵی ١٩١٢ کرێکارانی کارگەکانی چنین لە لۆرانس-ویلایەتی ماساچوستس بەسەرکردایەتیی کرێکارە پیشەسازییەکانی جیهان ئەنجامیان دا، ئەو مانگرتنەیش کرێکارانی حەوزەکانی چاکردنەوەی کەشتی لە حوزەیران و تەمووزی ١٩٥٩ بەسەرکردایەتیی چەندان سەندیکا لە کۆڵۆمبۆ-سیلان پێی هەستان.

ئەو مانگرتنەی یەکەتیی کرێکارانی لەقوتوونان ئەنجامیان دا و بووە مایەی داخستنی ٦٨ کارگەی لەقوتوونانی ئەندامی کۆمپانیاکانی لەقوتوونان لە باکوری کالیفۆرنیا.

نموونەی تریش هەن، لەوانە: ئەو مانگرتنانەی بە هەڵنانی حزبە سیاسییەکان لە کانەکانی خەڵووز لەکاتی شەڕی ڕوهەردا ئەنجام دران، مانگرتنی کرێکارانی حەوزەکانی چاککردنەوەی کەشتی لە هۆڵەندا لە ڕۆژانی ١٧ و ١٨ی شوباتی ١٩٤١ کە دەسەڵاتدارانی داگیرکەری ئەڵمانی ناچار کرد واز لە پلانی بەزۆر ڕاگواستنی کرێکاران بۆ ئەڵمانیا بێنن. ئەو مانگرتنەی کرێکارانی هێڵەکانی ئاسن لە هۆڵەندا ئەنجامیان دا کە لە

مانگی ئەیلوولی ١٩٤٤ دەستی پێ کرد و تا کۆتای ساڵی ١٩٤٥ بەردەوام بوو، کە حکوومەتی هۆڵەندایی لە تاراوگە بەمەبەستی پاڵپشتیکردنی سوپاکانی هاوپەیمانان بانگەشەی بۆ کردبوو. هەروەها ئەو مانگرتنەی بزووتنەوەی کرێکارانی ئیسپانیایی لە کانەکانی ئەستوریان لە هەردوو مانگی نیسان و ئایاری ١٩٦٢ جێبەجێیان کرد.

٧- مانگرتنی هاوسۆزی

لە مانگرتنی هاوسۆزیدا کرێکاران دەست لەکار هەڵدەگرن، نەک بۆ یارمەتیدانی خۆیان بگرە بۆ پاڵپشتیی داواکانی هاورێکانیان لەرێی دروستکردنی گوشارێکی زیادەوە لەسەر خاوەنکارەکە. لەوانەیە ئەندامانی هەردوو گرووپەکە لای هەمان خاوەنکار ئیش نەکەن، هەروەها لەوانەیە مانگرە هاوسۆزەکان بەسادەیی بروایان وابێ کە بەشداریکردنیان لە مانگرتنەکەدا لەوانەیە خاوەنکارەکانی تر، گەل یان حکوومەت ناچار بکەن گوشاری پێویست و راستەوخۆ بخەنە سەر خاوەنکاری پێوەندار، تا داواکارییەکان جێبەجێ بکا.

لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە بەکارهێنانی مانگرتنی هاوسۆزی لە دەوروبەری ساڵی ١٨٧٥دا دەستی پێ کردووە، ئەگەرچی تا ساڵی ١٨٨٦ ئەم ناوەی ئێستە بەکار نەهات. لە بەریتانیا مانگرتنەکانی دەربڕینی هاوسۆزی لەنێوان ساڵانی ١٩٢٧ و ١٩٤٦ بە نایاسایی دانراون.

فەرید هال لە باسکردنی پاڵنەرەکانی مانگرتنی هاوسۆزیدا دەڵێ: مانگرتنی هاوسۆزی ناوەکەی تەنیا لەوەوە وەرنەگرتووە کە پاڵنەرەکەی دەربڕینی هاوسۆزییە، بەڵکو بەتایبەت لەبەرئەوەیە پاڵنەرەکەی دوورە لە خۆپەرستی. مانگری ئاسایی نارەزایی لەدژی ستەمێک دەردەبرێ کە کار لە هاورێکانی دەکا یان هەرەشەی کارتێکردنیان دەکا و لەو بروایەدایە بە حەتمی لە داهاتوودا کار لەویش دەکا. مانگرانی هاوسۆز نارەزایی دژی

هەڵوێستی خاوەنکار لە خۆیان دەرنابڕن، بگرە دژی هەڵوێستی بەرامبەر هەندێ لایەنی تر، کە هەڵوێستێکە دژایەتیی بزووتنەوەی کرێکاری دەکا.

وەک نموونە لەسەر ئەم جۆرە مانگرتنە دەتوانین ئاماژە بە مانگرتنی کرێکارانی هێڵی ئاسن بکەین لە ساڵی ١٨٨٦دا، کە بەشێوەیەکی هاوسۆزانە پەلی هاویشت و هەموو هێڵەکانی ئاسنی گرتەوە. ئەو مانگرتنەی ساڵی ١٩٢٤ کرێکارانی کارگەکانی کاغەز لە نەرویج ئەنجامیان دا وەک هاوسۆزییەک لەگەڵ کرێکارانی گواستنەوە، کە ڕێگەی چوونە سەر کاریان لێ گیرابوو. لە تەمووزی ١٩٠٣ لە ڕووسیای قەیسەری مانگرتنی هاوسۆزی لەگەڵ ئۆدیسا و کیێف و نیقۆلایف و ئیکاترینوسلاڤ ئەنجام درا وەک پاڵپشتی لەو مانگرتنانەی لەپێناو زیادکردنی کرێ و کەمکردنەوەی سەعاتەکانی کارکردن لە هەریەک لە باکۆ و تفلیس و باتوم ڕاگەیەنرابوون.

لە حاڵەتێکی نائاساییشدا لە مانگی حوزەیرانی ١٩٤٤ کرێکارانی هێڵی ئاسن لە گواتیمالا مانگرتنی هاوسۆزییان ئەنجام دا بۆ پاڵپشتیکردنی مانگرتنی قوتابییان لە زانکۆی نیشتمانی. ئامانجی ڕاگەیەنراو لەم مانگرتنە لابردنی سەرۆکی زانکۆ بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجی بنچینەیی لابردنی جۆرج یۆبیکۆی سەرکۆمار بوو، پاش ئەوەی کارکردنی بە پێنج مادەی دەستوور ڕاگرت کە پێوەندییان بە ئازادییە سیاسییەکانەوە هەبوو لەگەڵ ئەو بەرەنجامانەی لێی کەوتنەوە.

## مانگرتنە سنووردارەکان

١- مانگرتنی جیاجیا

بەپێی ڕێگەی مانگرتنی جیاجیا، وەک لە ناوەکەی دەخوێنرێتەوە، کرێکاران یەک لە دوای یەک دەست لە کارکردن هەڵدەگرن، یان خۆیان بۆ جێیەکی تر دەگوازنەوە تا خاوەنکارەکە ناچار دەبێ لە سکالاّ و داواکانیان بکۆڵێتەوە. سەندیکاکانی پیشەداران لە بەریتانیا لە ناوەڕاستی سەتەی نۆزدەیەمدا ئەم جۆرە مانگرتنەیان ئەنجام دا: مانگرتنی کرێکارانی کارگەکانی شووشە لە سالآنی پاش سالّی ١٨٥٤, ئەو کۆوارەی بەناویانەوە دەردەچوو بەم جۆرە باس لە کاریگەریی مانگرتنەکان دەکا: لەگەڵ دەستهەڵگرتنی یەک لەدوای یەکی کرێکارەکان لە کار، گیانی لووتبەرزی و خۆبەزلزانین لای ستەمکار لاواز دەبێ و هەست بەو هێزە دەکا کە حەز لە بینینی ناکا.

بەگوتەی هیللەر، وا دانراوە دەستەواژەی مانگرتنی جیاجیا هەر وازهێنانی پلەبەپلە لە کارکردن دەگرێتەوە، کە لەلایەن کەسانێکەوە جێبەجێ دەکرێ لە کێشەیەکەوە گلاون. لەوانەیە مانگرتنەکە چەند کارگەیەک بگرێتەوە کە لە هەمان پیشەسازی یان چەند پیشەسازییەکدا کار دەکەن و دەکرێ بەو شێوەیە ڕێک بخرێ کرێکارانی کارگەیەک لە ماوەی چەند ڕۆژ یان چەند هەفتەیەکی لەدوای یەکدا، یەک لەدوای یەک واز لە کارکردن بێنن، ئەوەیش ئەگەری ئەوەی لێدەکرێ بەشێنەیی بەرەو ئەوە بچێ مانگرتنەکە ببێتە سەرتاسەری. هەروەها دەرفەتی ئەوەیش دەرەخسێنێ پێش لەوەی هەمووو کرێکارەکان واز بێنن چارەسەرێک بۆ کێشەکە بدۆزرێتەوە.

ئەم ڕێگەیە بە شێوەیەکی تریش ئەنجام دەدرێ، ئەویش بەوەی ڕۆژانە

لەباتیی کرێکارێک، ژمارەیەک کرێکاری کارگەیەک مان لە کارکردن بگرن، بەشێوەیەک زیادبوونی پلەبەپلەی ژمارەکەیان هەموو کرێکارانی ئەو کارگەیە بگرێتەوە.

ئەم ڕێگەیە توانا دەداتە سەندیکا کرێکارییەکان تا هێزی خۆیان دابگرنە سەر چەند خاڵێک، هەندێ کارگە یان دامەزراوەی دیاریکراو، لەکاتێکدا کرێکارانی تر لە کارگە یان دامەزراوە بازرگانییەکەدا لە کارکردن بەردەوامن، یان خۆیان بە بێکاری دەبیننەوە بەهۆی مانگرتنێکەوە کە لەڕووی تەکنیکەوە بەشدارییان تێدا نەکردووە، لێرەشەوە ئەمانە لە هەندێ وڵات مافی وەرگرتنی هاوکاریی بێکارییان هەیە.

لەو مانگرتنە جیاجیایانە: مانگرتنی یەکەتیی کرێکارانی کارگەکانی ئۆتۆمبێل لە کارگەی جەنەراڵ مۆتۆرز لە فلینت-میچیگان لە هاوینی ١٩٣٨، تێیدا تەنیا کرێکارانی تۆڕنە مانیان گرت. بەپێی سیستەمەکانی ئێستە کرێکارانی مانەگرتووی بەرهەمهێنان کە بێکار دەبن، دەتوانن مووچەی دڵنیاییی بێکاری وەربگرن. مانگرتنی جیاجیای یەکەتیی کرێکارانی کارگەکانی جگەرەی ئەمەریکا لە ساڵی ١٨٨٦. هەروەها مانگرتنی کرێکارانی کارگەکانی جلوبەرگ لە نیویۆرک لە ساڵی ١٩١٤، کە تێیدا بۆ دەرخستنی هێزی کرێکاران و بەدیهێنانی باشترین کاریگەری، ڕۆژێک کرێکارانی دروستکردنی پانتۆڵ مانیان دەگرت، ڕۆژی دوای ئەوە کرێکارانی دروستکردنی کراس و ڕۆژی دواتریش کرێکارانی دروستکردنی پاڵتۆ مانیان دەگرت.

٢- مانگرتنی شۆک

جۆرێکە لە جۆرەکانی مانگرتن تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندیی بە مانگرتنی جیاجیاوە هەیە، تێیدا سەندیکای کرێکاران مانگرتن لە دامەزراوەیەکدا ڕادەگەیەنێ کە کار لە پیشەسازییەکدا دەکا لەیەک کاتدا. جا لەڕێی

مـامـەڵەكـردن لەگـەڵ دامـەزراوەكـاندا بەجـیـا، سـەندیكای كـرێكاران ئەو دامـەزراوەیەی مـانگرتنەكـەی تێـدا ڕاگـەیاندووە لـە مـاوەی مـانگرتنەكـەدا تووشـی سەرقاڵكردنی ڕكابەرەكانی دەكا.

ڕێگەی مـانگرتنی شـۆک سـاڵی ١٩٤٦ لـە دروسـتكردنی ئـامێری ڕادیۆدا لە بەریتانیا بەكار هات.

٣- مانگرتنی خاوكردنەوە

یان كـاركـردن بەخـاوی: لەباتیی وازهێنان و ڕاگـرتنی كـارەكە، كرێكارەكـان بەخاووخلیچكی ئەو كـارانـە دەكەن كە پێیان دەسپێردرێ، بەشێوەیەک توانی كـارگـەكـە بـە ڕادەیەكـی زۆر دادەبەزێ. ئـەم مـانگرتنـە لە دامـەزراوەی پیـشەسـازیدا كـار لە قـازانج دەكا و لە فـەرمـانگەكـانی حكوومەتیـشـدا توانی ڕیژیم لە دەسەڵاتداریكردن كەم دەكاتەوە.

لە لێـدوانەكـانی كـۆیلەكـانی پێـشـوو و هـی تریشـدا نموونە هـەن لەبارەی مانگرتنی خاوكردنەوە كە كۆیلە ئەفریقـیاییەكان لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمـەریكا ئەنجامـیان دەدا. ڕیمون و ئەلیس باوەر نموونەكانیـان بەم شێـوەیە كورت كردووەتەوە:

بێگومـان خـاوەخـاوكـردنی كـۆیلەكـان لە كـاركـردندا بەگـشـتی زیانێكی داراییی گـەورەی بە خـاوەن كێڵگەكـان گـەیاندووە. تاكە ڕێگەی بەردەست بۆ خەمڵاندنی بڕی ئەو زیانانە بەراوردكردنی ئەو كارەیە لە كێڵگە جیاوازەكان و سیستمە جیاوازەكانی كاردا ئەنجام دراوە. بەیاننامەكە بەزۆری باس لەوە دەكا لە یەكێک لە كێڵگەكاندا بەرهـەمهێنان هەندێ جار گەیشتووەتە ١٠٠٪.

بەراوردكـردنی بەرهـەمـی كـۆیلەكـان لە نـاوچە جـیـاجـیـاكـانی بـاشـوور دەریخستووە گۆڕانەكان لە ١٠٠٪ تێپەڕیان كردووە.

كۆیلەكـانی زەوی لە ڕووسیا لە سـاڵی ١٨٥٩ نـەیاریی خۆیان بۆ سیسـتمی

کۆیلایەتیی زەوی دەربڕی، ئەویش لەڕێی کارکردنی کەمترەوە. هەروەها لە هەفتە یەکەمەکانی ساڵی ١٨٦١، واتە دوو ساڵ پاشتر و لە ئەنجامی پێدانی گفتێکی ڕاشکاوانە بە ئازادکردنیان، کاری بێگاریان بەئەنقەست بە خاووخلیچکی دەکرد. ئەو کارانەی بڕوایان وابوو بەو نێزیکانە لە کۆڵیان دەبێتەوە بە سستییەکی زیاد و مینجەمینجێکی زیاترەوە دەکرد. مانگرتنێکی خۆبەخۆییش بەدوای ئەوەدا هات بەمەبەستی سووککردنی کۆتەکانی کۆیلایەتییەکەیان و ملکەچکردنی بۆ دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی ناڕوونتر کرد و لەگەڵیشیدا ملکەچنەکردنی ڕوون بۆ ئێدارەی خاوەن زەوییەکان، کە پاشتر جێی ئەوەی پێشووی گرتەوە.

فرانز نیومان مانگرتنی خاوکردنەوەی بە ڕێگەیەکی یەکلاکەرەوە لە شەڕی سەندیکاییەکان لەقەڵەم داوە و ئاماژەی بەوە داوە یەکەمین بەکارهێنانی فرەوانی ئەم مانگرتنە لە کێشە پیشەسازییەکاندا، کرێکارانی هێڵی ئاسن لەئیتاڵیا ساڵی ١٨٥٩ ئەنجامیان دا. بەڵام ئێمە دەزانین ئەم جۆرە مانگرتنە ساڵی ١٨٨٩ لەلایەن کرێکارانی حەوزەکانی دروستکردن و چاککردنەوەی کەشتی لە شاری گلاسکۆ بەکار هاتووە، پاش ئەوەی مانگرتنێکی شکستخواردوویان ئەنجام د.

لەکاتی داگیرکردنی نازیدا، کرێکارانی کارگەکان لە هۆڵەندا خاووخلیچکییان لە کارکردندا دەنواند، نەخاسمە کاتێ ناچار دەکران لە ئەڵمانیا کار بکەن. ساڵی ١٩٤٢ سێر ستافۆرد کریبس بانگەوازێکی ئاراستەی کرێکاران لە ئەورووپای داگیرکراوی ژێر دەسەڵاتی نازییەکان کرد، کە بە خاوی کار بکەن. گۆبلز پێی وابوو بێدەنگی باشترین ڕێگەیە بۆ بەگژاچوونەوەی ئەو بانگەوازە، ئەوکات لە یاداشتەکانیدا نووسیی دروشمی کارکردن بەخاوی کاریگەرترە لە دروشمی کارکردن بەخێرایی.

وادیارە کرێکارە ئەڵمانەکان خۆیشیان ساڵانی ١٩٣٨ و ١٩٣٩ پەنایان بۆ مانگرتنی خاوکردنەوە بەشێوەیەکی بەهێز بردووە. ئەو مانگرتنانە کە

کرێکارانی کانەکانی خەڵووز لەو ماوەیەدا ئەنجامیان دا، بووە مایەی دابەزێکی بەرچاوی بەرهەم، ئەوەیش وای لە حکوومەت کرد دەست بداتە چەند هەڵمەتێک بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەم و خەرجکردنی زیادەکرێیەکی بەرچاو. هەروەها سڕکردنی کرێ لە ئەیلوولی ١٩٣٩ و هەلومەرجی زۆر نالەباری کار و نیازی ئاشکرای ڕیژیم، لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕ، بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو دەسکەوتە کۆمەڵایەتییانەی لە ماوەی دەیان ساڵ خەباتی کۆمەڵایەتیدا بەدی هاتبوون، مانگرتنێکی هاوشێوە و بەرفرەوانتری لەلایەن کرێکارانی ئەڵمانەوە لێکەوتەوە. نیومان دەنووسێ:

لەم حاڵەدا، وادیارە بەرگریکردنی نێگەتیڤ بە فرەوانی دەستی پێ کردووە، دەبوو ئەو ڕیژیمە سیاسییە لە هەموو بەرەکانەوە پاشەکشە بکا و خۆ بەدەستەوە بدا. لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٣٩، سیستمی پێدانی زیادەکرێ بەرامبەر کارکردن لە ڕۆژانی پشووی ڕەسمی یان ڕۆژی یەکشەم و کاری شەوانە و زیادەکارکردنی ڕۆژانە گەڕایەوە، تەنانەت قەرەبووکردنەوەی ئەو کرێکارانەی پێشتر زیانیان پێ گەیشتووە.

لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٩، دەبوو ڕیژیمی سیاسی یاسای نوێ بۆ کار و سەعاتەکانی کارکردن دابنێ و پارێزگاریی زیاتر لە ئافرەت و نەوجەوان و کرێکاران بەگشتی بکا.

لە چیکۆسلۆڤاکیای داگیرکراوی ژێر دەسەڵاتی نازیەکان، هەڵمەتێکی سستیکردن لە کار ئەنجام درا، تێیدا کرێکارەکان خۆیان لە کار دەدزییەوە، یان هێواشتر کارەکانیان دەکرد.

٤- ئەو مانگرتنەی بە ڕواڵەت پابەندە بە ڕێساکانی دەزگەکەوە

ئەو مانگرتنەی بە ڕواڵەت پابەند دەبێ بە ڕێساکانی دەزگەکەوە، جێبەجێکردنی دەقاودەقی فەرمانەکانە، بەشێوەیەک ئامانج تێیدا پەکخستنی بەرهەمهێنان و دابەزاندنی قازانجی خاوەنکارەکەیە. کرێکاران

له شـــوێنەکـــانی خـــۆیان دەمـــێننەوە و بە وردی پابەند دەبن بە ڕێســـا و سیستمەکانی تایبەت بە سەندیکا و خاوەنکارەکە و مەرجەکانی گرێبەستی کارکردنی پێوەست بە چۆنیەتیی کارکردن و سیستمی سەلامەتی و هەر سیستمێکی تریش، لە ئەنجامی ئەم پابەندبوونەشیان بەشێکی کەم لە بەرهەمی ئاسایی بەرهەم دێن. بەم شێوەیەش ئەم ڕێگەیە دەبێتە شێوەیەکی تر لە مانگرتنی خاوکردنەوە کە لەژێر پەردەی ئەنجامدانی کار بە باشترین شێوەدا ئەنجام دەدرێ.

نیـومـان کـە ئەم جـۆرە مـانگرتنە لەگـەڵ مـانگرتنی فـرە مـەوداتری خاوکردنەوە ئاوێتە دەکا، دەڵێ ئەم جۆرە مانگرتنە بە سەرکەوتوویی لەلایەن کـرێکارانی هێـڵی ئاسن لە نەمـســا لە ســاڵانی ١٩٠٥ و ١٩٠٦ و ١٩٠٧ جێبەجێ کرا لەڕێی پابەندبوونی ورد بە هەموو سیستمەکانی هاتوچۆ و سەلامەتی. هەروەها ئەم جۆرە مانگرتنە لە زنجیرەیەک کێشەی جیهانی لە هێڵە ئاسنینەکانی بەریتانیادا بەکار هاتووە پێش لەو مانگرتنە گشتییەی ساڵی ١٩٢٦ ڕاگەیەنرا، هەروەها لەکاتی کێشە لەسەر کرێ لە هێڵی ئاسنی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٤٩.

٥- مانگرتنی خۆ نەخۆش خستن

کاتێ مانگرتن بەپێی یاسا یان مەرسوم یان گرێبەستی کار قەدەخە دەبێ، یان لەبەر هەر هۆیەکی تر نەکـرێ ئەنجـام بدرێ، کـرێکاران دەتوانن بنەماکانی مانگرتنی خاوکردنەوە تا دەگاتە نیوە مانگرتنی تەواو بەدی بێنن، ئەویش لەڕێی خـۆنەخـۆش خـسـتنەوە. ئەم ڕێگەیە بە ڕێگەیەکی بەکەڵک دادەنرێ بەتایبەت کاتێ بەپێی گرێبەستی کار یاخۆ یاسا کرێکار مۆڵەتی نەخۆشیی هەیە لەلایەک و لەلایەکی تریش کاتێ مانگرتن قەدەخە بێ.

ڕاپۆرتەکان باسیان لەوە کردووە زۆر زۆر حاڵەتی خۆنەخۆش خستن لە ڕیزی کۆیلە ئەفریقیاییەکان لە ویلایەتەکانی باشووری ئەمەریکا ڕوویان

داوه و کــــاریگـەریی ئـابووریی گــــەورەیان هـەبـووە. هـەنـدێ جــــار ڕێژەی خۆنەخۆشخەران یەک نەخۆش بووە بەرامبەر حەوت ساخ. کۆیلەکان بەزۆری ڕۆژی شەممـە نەخۆش دەکەوتن، بەڵام بەدەگمـەن ڕۆژانی یەکشـەم، کە ڕۆژی کارکردنی ئاسایی نەبوو نەخۆش نـەدەکەوتن. وێڕای بوونی چەندان حاڵەتی نەخـۆشـیـی ڕاسـتـەقینە، بەڵام بە دڵنیـاییـیـەوە زۆر حـاڵـەتیـان درۆ بوون و بۆ خـۆڕزگـارکردن لە کـار، نەگـواسـتنەوە بۆ گـەورەیەکـی نوێی نەویسـتـراو، یان تۆڵە کـردنەوە بوون لە گەورەکەی لەڕێی بانگەشـەکردنی تـوشـبـوونی کۆیلەکە بە نەخـۆشـیـەک لەکـاتی فـرۆشـتنی لە مـەزاتخـانەدا، بەوەیش بـە نرخـێکی هـەرزان دەفـرۆشـرا. ئەو ئافرەتانەی دەیانـگوت دوو گیـانن داوایان لێدەکرا کاری قورس نەکەن و خواردنی زیاتریان دەدرایە.

لەو بارەوە ڕیمۆن و ئەلیس باوەر دەڵێن: هـەندێ لە حاڵەتەکانی خۆنەخۆش خسـتن ئاشکرا بوون، مـرۆڤ سـەری سـووڕ دەمـا کە بۆچی بوار بـەم جـۆرە فـرتوفـێڵـە ئاشکرایانە دەدرێ. بەڵام کۆیلە وەبەرهێنانـێکی ئابووریی گرینگ بوو، بۆیە زۆربـەی خـاوەن کۆیلەکـان هـەسـتیـان دەکرد لەبەر نەبوونـی بەڵگە لەســـەر درۆکــردنی، وا بـاشـــتــرە بـاوەڕ بە ڕاســـتـــیی بانگەشـــەکــردنی نەخۆشبـوونی کۆیلەکەی بێنێ، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە بمرێ ئەگەر بێت و بەڕاستی نەخۆش بێ و بەزۆر ببرێ بۆ سەر کار.

حـاڵەتێکی تری لەم شێـوەیە لە چین لە کۆتاکانی سـاڵی ۱۹٥۲دا ڕووی دا. لەم حـاڵـەتەدا کـرێکاران وێڕای بوونـی سـەندیکایەکی سـەربەخـۆ بەرگـرییـان لێـبکا، توانـیـیـان تواناکـانیـان بەهـۆی هێـزی ژمـارەکـانیـانەوە بپـارێزن. کـرێکاران وردەوردە فـێـری بەرگـریکردنی نێگـەتیڤ بوون، کـە ئەگـەر چی هەرگـیـز لەسـەر بـنەمـای پلان و ڕێکخـستن نەبووە بەڵام بوو بـە کێشـەیەکی مــەتـرسـیــدار بۆ ڕێژیمـی دەسـەڵاتدار. سـەرەتا بـەرگـریکردنی نێگەتیڤ لەشێوەی مانگرتنی خاوکردنەوەدا بوو. کرێکاران وا دیار بوون کە بەتەواوی

چالاکی و دڵگەرمییەوە کار دەکەن بەو شێوەیەی دەسەڵاتداران دەیانەوێ، بەڵام بڕ و جۆری بەرهەم بەشێوەیەکی بەرچاو دادەبەزی.

لە بواری بەرگریکردنی نێگەتیڤدا، ئامادە نەبوونی ڕوو لە زیاد لەسەر کار بوو بە دیاردەیەکی جێسەرنج. کرێکاران سوودیان لە مادەیەکی یاسای دڵنیایی کرێکاران بینی کە دەڵێ بەشێکی کەم لە کرێی کرێکار دەبڕێ ئەگەر مۆڵەتی نەخۆشیی پێدرابێ، هەر بۆیە ڕیزی درێژیان لە دەرەوەی عیادە پزیشکییەکان بۆ وەرگرتنی مۆڵەت دەبەست. زۆربەی نەخۆشەکان هەندێ نیشانەی نەخۆشییان هەبوو کە دەستنیشان ناکرێن، بۆیە پزیشکەکان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک مۆڵەتی پزیشکیان دەدانێ.

پزیشکەکان لە نێوان پاڵەپەستۆی ڕەسمی و بەرپرسیاریەتیی یاسایی لە بارێکدا ڕووداوێک لە نەخۆشێکی ڕاستەقینە ڕوویدا لەپاش ڕەتکردنەوەی پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی، سەریان لێشێوابوو و زیاتر مەیلیان لە پێدانی مۆڵەتەکان بوو. ڕێژەی غایبووون لەکار لە ژمارەیەکی زۆر لە کارگەکان گەیشتە ٢٠٪. پاش ئەوەی لێژنەی تەندروستیی یەکەتییە کرێکارییەکان چەند نێردەیەکیان بۆ سەردانی هەر کرێکارێکی نەخۆش ڕێک خست تا بزانێ ئاخۆ بەڕاستی نەخۆشە یا نا، ڕێژەی غایبوون لە ژمارەیەک لە ئاشەکان لە ١٦٪وە بۆ ٥٪ دابەزی، بەڵام زۆری نەبرد بۆ ڕێژەکەی پێشوو بەرز بوویەوە پاش ئەوەی خێزانەکان فێربوون چۆن چاودێریی سەردانی نێردەکە بکەن. ئەندامێکی ئەو لێژنەیە گوتی کاتێ دەگەیشتینە ماڵی نەخۆشەکە، بەردەوام دەمانبینی لەبەر ئازاری توند دەناڵێنی.

٦- مانگرتن لەڕێی دەست لەکارکێشانەوە

مانگرتن لەڕێی دەست لەکارکێشانەوە ڕێگەیەکی ترە بۆ بازدان بەسەر قەدەخەکردنی یاسایی یان گرێبەستیی مانگرتن و دەکرێ لە هەندێ بۆنەی دیاریکراودا پەنای بۆ ببرێ.

بەپێی ئەم ڕێگەیە، ڕێژەیەکی گرینگ لە فەرمانبەران بەتاکەکەسی و بەرەسمی دەست لەکار دەکێشنەوە. دەکرێ ئەم جموجووڵە کاتبەند بکرێ بەشێوەیەک مێژووی جێبەجێکرانی دەست لەکارکێشانەوەکان بە چەند قۆناخێک بێ، بەشێوەیەک ژمارەی فەرمانبەرە دەست لەکار کێشاوەکان ڕوو لە زیادکردن بێ. هەروەک دەکرێ هەموو فەرمانبەران لە یەک کاتدا دەست لەکار بکێشنەوە.

لە کۆتای مانگی ئابی ١٩٦٧ لە شاری هافرهیل-ویلایەتی ماساچوسیتس ٨٥ پەرستاری کوڕ و کچ لە کۆی ١٧٥ کەس کە لە نەخۆشخانەی شارەکەدا کاریان دەکرد دەست لەکارکێشانەوەیان پێشکێش کرد، ئەویش پاش شکستهێنانی دانوستاندنەکان لەبارەی مووچە و بارودۆخی کار. ٥٨ دەستکێشانەوەیان دەستبەجێ جێبەجێ کرا، بەڵام جێبەجێکردنی ئەوانی تر بۆ چەند هەفتەیەک دوا خرا. ئەوە یەکەم حاڵەتی دەست لەکارکێشانەوەی بەکۆمەڵی پەرستاران بوو لەکاتی دانوستاندنەکان لەبارەی مووچە لەگەڵ حکوومەتی ویلایەتەکەدا. سەرۆکی شارەوانیی شارەکە ڕایگەیاند ئەو ڕەفتارەی پەرستارەکان لەگەڵ مانگرتن یەکسانە.

٧- مانگرتنی سنووردار

لە مانگرتنی سنووورداردا کرێکاران زۆربەی کارە ئاساییەکانیان بە باشی ئەنجام دەدەن، بەڵام هەندێ کاری پەراوێزیی دیاریکراو لە چوارچێوەی سەعاتە بڕیاردراوەکانی کارکردن یان لە دەرەوەیاندا، واز لێدێنن. یان ئامادە نین لە هەندێ ڕۆژی دیاریکراودا کار بکەن. شێمانە هەیە ئەم مانگرتنە نەکردنی سەعاتە کاری زیادە بگرێتەوە. هەندێ جار کرێکارانی گواستنەوە ڕەتیان کردووەتەوە دوایین ئۆتۆمبێل لە خشتەی ئۆتۆمبێلە گشتییەکان دابگیرسێنن، ئەوەیش بۆ ماوەیەک کە پێشوەخت دیاری کراوە، یان تا چارەسەرێک دەدۆزرێتەوە.

ساڵی ١٨٧٠ کرێکارانی کانەکان لە شاری فایفشایر-سکوتلەندا ڕەتیان کردەوە ڕۆژانە لە هەشت سەعات زیاتر کار بکەن.

کرێکاران لە شاری سان پترسبۆرگ لە هەردوو مانگی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٠٥دا توانییان سیستمی هەشت سەعات کار لە ڕۆژێکدا بسەپێنن، ئەویش بەوەی پاش هەشت سەعات لە گەیشتنە سەر کار بە سانایی دەستیان لەکار هەڵدەگرت.

لە مانگرتنە سنووردارەکاندا کارکردن لە چەند ڕۆژێکی دیاریکراو ڕەت کراوەتەوە، وەک مانگرتنەکانی ڕۆژانی یەکشەم لەلایەن کرێکارانی هێڵی ئاسن لە بەریتانیا لە ساڵانی ١٩٤٥ و ١٩٤٩، هەروەها وەک مانگرتنی ڕۆژە بەدیلەکان لەلایەن کرێکارانی هێڵی ئاسن لە ئەرجەنیتن لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٤٧.

ساڵی ١٩٤٢ کرێکارانی کانەکانی هۆڵەندا لە هەرێمی لیمبۆرگی زۆرینە کاتۆلیک ڕەتیان کردەوە ڕۆژانی یەکشەم کار بکەن، ئەوەیش نەک لەبەر هۆکاری ئاینی، بەڵکو بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لەدژی داگیرکردنی نازی بۆ وڵاتەکەیان.

پاش ئەوەی بەرپرسانی ئەڵمانیایی لە دانیمارک لەکاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا بە هەڵمەتی لەسێدارەدان و قەدەخەکردنی کۆبوونەوە و گردبوونەوە و هاتوچۆ لە سەعات هەشتی ئێوارەوە تا پێنجی بەیانی وەڵامی ناڕەزاییی ڕوولەزیادی گەل و کاری تێکدەرانەیان دەدایەوە، کرێکارانی حەوزەکانی دروستکردنی کەشتی لە کۆپنهاگن بە جۆرێک لە مانگرتنی سنووردار وەڵامی ئەم سیاسەتەیان دایەوە: لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٤٤ شوێنی کارکردنەکانیان بەجێ هێشت و نامەیەکیان بۆ سەنتەری فەرماندەییی ئەڵمانیا نارد و ڕایانگەیاند، لەبەرئەوەی ئەڵمانەکان نەیانتوانیوە خواردنی پێویستیان بۆ ئامادە بکەن، ناچار بوون باخچەکانی چواردەوری ماڵەکانیان

بکێڵن، بۆیە پێویستە زوو شوێنی کارەکانیان بەجێ بێڵن. لە نامەکەیاندا نەیانگوت مانیان گرتووە، بەڵکو گوتیان ئەو پەتاتە و سەوزەیەی لە باخچەکانیان دەیچننەوە بەلایانەوە گرینگترە لە پیشەسازیی شەڕیی ئەڵمانیا. ئەم مانگرتنانە بە مانگرتنی زوو گەڕانەوە بۆ ماڵ ناسرا.

٨- مانگرتنی هەڵبژاردەیی (انتقائي)

کرێکاران لە حاڵەتی مانگرتنی هەڵبژاردەییدا مان لە ئەنجامدانی هەندێ کاری دیاریکراو دەگرن، ئەوەیش بەزۆری لەبەر هۆی سیاسییە، ناڕەزاییەکە ئاراستەی کارەکە خۆی دەکرێ نەک سەعاتەکانی کار و هەلومەرجەکانی و شتی لەو شێوەیە. کەواتە ئامانج لە مانگرتنی هەڵبژاردەیی لە هەمان کاتدا ڕێگرتنە لە جێبەجێکردنی کارەکە و هاندانی خاوەنکارەکەیە تا لە داهاتوودا داوای ئەنجامدانی ئەو کارە نەکا.

یەکەم نموونەی مانگرتنی هەڵبژاردەیی لە کۆڵۆنییە ئەمەریکاییەکان لە ماوەی نێوان دیاریکردنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی یەکەمی کۆڵۆنییەکان و دواخستنی کۆنگرەکە لە ٢٦ی تشرینی یەکەمدا ڕووی دا.

ئارتەر شلیسنجەر لەبارەی ئەوەی لە هەرێمە بازرگانییەکان ڕووی دا دەنووسێ: پەرەسەندنە هەرە سەرسوڕهێنەرەکە بریتی بوو لەو بڕیارە یەکگرتووەی کرێکاران لە دوو شاری سەرەکیدا دایان، بە کارنەکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەریتانیایی لە بۆستن.

لە سەرەتاکانی مانگی ئەیلوولی ١٧٧٤ حاکم کینگ هەوڵی دا کۆمەڵێ کرێکاری بۆستن لە سەنگەرلێدانیدا بەکار بێنێ، بەڵام ڕووی لە هەر کوێ دەکرد دەست بە ڕوویەوە دەنرا. کرێکاران لە شاری نیویۆرک قایل کران نەچن بۆ بۆستن بۆ کارکردن لەو سەنگەرلێدانانەدا. هەروەک سەرکەوتنەکانی جەنەراڵ کینگ زۆر درێژەیان نەکێشا لە قایلکردنی ژمارەیەک دارتاش و بیناسازی بۆستن بۆ چەند ڕۆژێک کارکردن لە

سەربازگەکانی سوپای بەریتانیا، چونکە ئەوانە کارەکەیان بەجێ هێشت و کۆبوونەوەیەک کە لێژنەی ١٣ شاری لەخۆ گرتبوو بڕیاری بایکۆتکردنی کرێکارانەی بەریتانیای دا.

نوێنەرانی ئەو شارانە بڕیاریان دا هەر کەسێک لە ویلایەتی ماساچوسیتس یان هەر ویلایەتێکی تر کرێکار یان کەرەستە بداتە سوپای بەریتانیا، تا بتوانێ هاووڵاتییان بێزار بکا یان ئازاریان پێ بگەیەنێ، ئەو کەسە بە سەرسەختترین دوژمن دادەنرێ و پێویستە بەزۆر وەستاندنی یارمەتیدانەکەی بەسەردا بسەپێنرێ. شارە سەرەکییە بەشدارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە چەند لێژنەیەکی چاودێری و قەدەخەکردنیان بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی بایکۆتکردنە کرێکارانەکە دامەزراند و بڕیارەکان بۆ گشت شارەکانی ویلایەتەکە نێردران، بەو هۆیەوە بایکۆتکردنە کرێکارییەکە کارا کرا.

دروستکردنی سەربازگەکە تا مانگی تشرینی دووەم تەواو نەبوو، ئەویش تەنیا ئەوکاتەی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا کرێکاریان لە هەرێمی نیوسکوتیاوە هێنا لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە هەرێمی نیوهامبشایر.

لە چەند حاڵەتێکی تردا، کرێکارانی هێڵی ئاسن لە ئەڵمانیا گت (امتناع)یان کرد لە بەڕێکردنی شەمەندەفەرەکانی خەڵووز لەکاتی شەڕی ڕوهەردا، فەرمانبەرانی کۆمپانیاکانی دەریاوانیش چوونە پاڵیان لە نەگواستنەوەی خەڵووزدا. کاتێ دەسەڵاتی داگیرکەر لە ئاداری ١٩٢٣ ئیدارەیەکی فەرەنسایی-بەلجیکاییی بۆ هێڵی ئاسنین لە ناوچەکەدا دامەزراند، لە کۆی ١٧ هەزار کەس، تەنیا ٤٠٠ فەرمانبەر کە پێش لە داگیرکردن لەوانەی لە هێڵی ئاسنیندا کاریان دەکرد ڕازی بوون کار لەگەڵ ئەو ئیدارە نوێیەدا بکەن.

لە ئابی ١٩٤٣دا، کرێکارانی حەوزەکانی چاکردنەوەی کەشتییە

دانیمارکییەکان لە بەندەری ئۆدانس گتیان کرد لە چاکردنەوەی کەشتییە ئەڵمانییەکان. لە هاوینی ١٩٦٣ لە شاری گۆتبرگ لە سوید، کرێکارانی بەندەرەکان گتیان کرد لە بەتاڵکردنی ١٨٠ تۆن میوەی لەقوتوونراوی ئەفریقیای باشوور، پاش ئەوەی کرێکارانی بەندەرەکان لە هەردوو شاری کۆپنهاگن و ئارهوسیش لە دانیمارک ڕازی نەبوون هەمان بڕ بەتاڵ بکەن.

## مانگرتنەکان لە چەند کەرتێکی پیشەسازیدا

١- مانگرتنی گشتێنراو

کاتێ مانگرتن لە یەک کاتدا چەند کەرتێکی پیشەسازی دەگرێتەوە وەک بەشێک لە بزووتنەوەیەکی نارەزاییی گشتی و مانگرەکان رێژەیان کەمترە لە زۆرینەی کرێکاران لەو کەرتە پیشەسازییانەی ناوچەکە، دەتوانرێ ئەم مانگرتنە بە مانگرتنی گشتێنراو (معمم) ناو ببرێ. بۆ نموونە بەهۆی تێوەگلانی هاوبەش لە سیستم و رێوشوێنە حکوومەتییەکانی پێوەندار بە کرێ، لەوانەیە چەند کەرتێکی پیشەسازی رووبەرووی مانگرتنی هاوکات ببنەوە، وەک لە کەرتەکانی پیشەسازییەکانی کانزاکان و چنین و پێلاو و کانزاکاری و بیناسازی لە نەرویج لە ساڵی ١٩٢٦ رووی دا، جارێکی تریش ساڵی ١٩٢٧ وەک نارەزایی لەدژی دابەزاندنی کرێ.

ساڵی ١٩٣١ لە نەرویج مانگرتن چەندان کەرتی پیشەسازیی گرتەوە، لەنێویاندا کەرتی رۆژنامەکان و بیرە و تووتن.

٢- مانگرتنی گشتی

مانگرتنی گشتی بریتییە لە وەستانی بەرفرەوان لەکارکردن لە هەوڵێکدا بۆ ئەوەی ژیانی ئابووری لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەتەواوی رابوەستێ، ئەوەیش لەپێناو بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراودا. ئەم رێگەیە دەکرێ لەسەر ئاستی ناوخۆیی، یان هەرێمی یان نیشتمانی یان ناودەوڵەتی بەکار بێ.

ویلفرید هاریس کروک مانگرتنی گشتی پێناسە دەکا بەوەی بریتییە لە

مانگرتنی زۆربەی کرێکاران لە کەرتە پیشەسازییە هەرە گرینگەکاندا لە هەر هەرێم یاخـۆ ناوچەیەک. دەکـرێ ئەم مـانگرتنە ناوبنرێ "مـانگرتنی گشتێنراوی ناوەخۆیی" کاتێ ئەنجامدانی لە تەنیا شارێکدا قەتیس دەبێ، وەک ئەوەی لە شاری سیاتل لە ویلایەتی واشنتۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، یان لە شاری وینیبج لە کەنەدا ساڵی ١٩١٩، یان لە شاری ڤیەنا-نەمسا لە ساڵی ١٩٢٧ ڕووی دا، لەکاتێکدا وا باوە ئامانج لە مانگرتنی گشتی ئەوەیە سەرتاسەری بێ و ڕێگە بە بەردەوامیی هەندێ خزمەتگوزاریی زیندووی دیاریکراو دەدرێ، بەتایبەت خزمەتگوزارییە پێویستەکانی تەندروستیی گشتی، وەک دابەشکردنی شیر و ئاو و خواردن و خزمەتگوزاریی ئاوەڕۆ و چارەسەرکردن.

کرۆک سێ جۆری سەرەکیی مانگرتنی جیا کردووەتەوە: سیاسی و ئابووری و شۆڕشگێڕانە:

ئامانجی مانگرتنی گشتیی سیاسی پچڕینی هەندێ دەسکەوتی دیاریکراوە لە حکوومەتی بەرکار، وەک داواکردنی دانانی سیستەمی دەنگدانی گشتی کە ئامانجی مانگرتنە گشتییەکان بوو لە بەلجیکا، یان بۆ پاڵپشتیکردنی حکوومەتە دژی هێزێک کە دەیەوێ بەزۆر دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێ، وەک مانگرتنی گشتی لە ئەڵمانیا دژی کودەتاکەی کاب لە ساڵی ١٩٢٠دا.

ڕەنگە مانگرتنی ئابووری بەربڵاوترین جۆری مانگرتنی گشتی بێ لانی کەم لە سەرەتای مانگرتندا و مانگرتنە گشتییەکەی سوید لە ساڵی ١٩٠٩ کراوەتە نموونە لەسەری.

لەوانەیە سرووشتی مانگرتنی گشتیی شۆڕشگێڕانە کە ئامانجی ئەوەیە دوا جار ڕیژیمی دەسەڵاتدار یان سیستمە ئابوورییەکە هەرەس پێبێنێ، هەر لە سەرەتاوە ئامانجی شۆڕشگێڕانە بێ، یان لەکاتی پێشڕەویکردنیدا

ئامانجە شۆڕشگێڕانەکەی گەڵاڵە بکا.

لەوانەیە ئەم جۆرە مانگرتنە گشتییە شۆڕشگێڕانەیە لەو دەوڵەتانەدا بکرێ کە لە ماوەیەکی زۆرەوە یان بەشێوەیەکی سەرتاسەری هێزی کاریان تێدا ڕێک نەخراوە، یان سەرکردە دەستڕۆیشتووەکانی کرێکاران سەندیکایی یان ئاژاوەچی بن، وەک لە ساڵی ١٩٠٥ لە ڕووسیا ڕووی دا، هەروەها لە ئیسپانیا و ئیتاڵیا.

مانگرتنی گشتی بەشێوەیەکی بەرفرەوان لە بیری سۆشیالیستیی ڕادیکاڵ و بیری سەندیکایی و ئاژاوەچێتیدا پشتیگریی لێکراوە و کاری پێکراوە و جێبەجێ کراوە، نەخاسمە لەلایەن سۆشیالیستە ئینگلیز و ڕووس و ئەسکەندەنافییەکانەوە، هەروەها لەلایەن ئاژاوەچی و سەندیکاییەکان لە هەریەک لە فرەنسا و ئیتاڵیا و ئیسپانیا و هەموو دەوڵەتانی ئەمەریکای باشوور.

نموونەی زۆر هەن لەبارەی مانگرتنی گشتی لەگەڵ جیاوازیی زۆر لەڕووی سیاسی و جوگرافییەوە. مانگرتنە گشتییەکان لە بەلجیکا لە ساڵانی ١٨٩٣ و ١٩٠٢ و ١٩١٣ پشتگیرییان لە داواکارییەکانی چاکسازییە سیاسییەکان کرد، لەنێویاندا مافی دەنگدانی گشتی بۆ پیاوان.

ساڵی ١٩٠٢ مانگرتنی گشتی لە شاری ڕوستۆف لە ڕووسیا ئەنجام درا، ساڵی ١٩٠٣یش لە ئۆدیسیا. هەروەها لەکاتی شۆڕشی ڕووسیادا لەساڵی ١٩٠٥ مانگرتنی گشتی بەفرەوانی بەکار هات. ڕەنگە گەورەترین و گرینگترینیان ئەوەیان بێ کە بە مانگرتنی مەزنی ئۆکتۆبەر ناسرا لە ساڵی ١٩٠٥ کە زۆربەی شارەکانی ڕووسیای قەیسەریی گرتەوە. ئەو دۆخەی لەو کاتەدا باڵی بەسەر مۆسکۆدا کێشا وێنەیەکی ڕوون لەبارەی ڕادەی فرەوانیی مانگرتنەکە پیشان دەدا:

لە ماوەی هەفتەیەکدا مۆسکۆ بەنیوە تەواوی دابڕێنرا، زۆربەی چالاکییە

گرینگەکان تێیدا وەستان. هەموو هێڵەکانی شەمەندەفەر پچڕان، هەموو هێڵەکانی پێوەندییە تەلەگرافییەکانی شار نووزەیان لێبڕا، جگە لە نووسینگەی خزمەتگوزاریی تەلەگرافی گشتیی ناوەندیی شار کە بۆ دەستەبەرکردنی پێوەندیکردن لەگەڵ دەرەوە لەکاردا مابوو، کەس لەسەر کار نەما، هەروەها فەرمانبەرانی هێڵە ئاسنینەکان پلانیان بۆ داخستنی هێڵەکە دادەنا).

وەک پێشتر باسمان کرد، مانگرتنی گشتی دژ بە کودەتای کاب لە وایمار بەکار هات:

لە درەنگانێکی پاش نیوەڕۆی ١٤ی ئاداری ١٩٢٠، گەورەترین مانگرتنی دنیا کەوتە بەرچاوان. ژیانی ئابووریی وڵات بەتەواوی وەستا. سەرکردەی کودەتاکە هەوڵی دا تەوقی مانگرتنەکە بشکێنێ و سزای لەسێدارەدانی بۆ هەر کەس دانا چاودێریی جێبەجێکردنی بکا، بەڵام هەوڵەکانی بەتەواوی شکستیان هێنا.

ساڵی ١٩٢١ مانگرتنی گشتی لە نەرویجیش دژ بە کەمکردنەوەی کرێ دەستی پێ کرد، هەروەها ساڵی ١٩٢٥ مانگرتنی گشتی لە چین لەدژی ستەمکارییە ئابووری و نەتەوەییەکان ڕووی دا.

ئەو مانگرتنە گشتییەش کە لە ٣ و ١٢ی ئایاری ١٩٢٦ لە بەریتانیا بەهۆی بەدەمەوەنەچوونی داواکانی کرێکارانی کانەکان ئەنجام درا، سەری کێشا بۆ تاقیکردنەوەی هێز لەلایەن کرێکاران و حکوومەتەوە و بارودۆخەکەی پاش خۆبەدەستەوەدانی سەرکردەکانی بزووتنەوەی سەندیکایی ئاڵۆز بوو.

ڕۆژانی ٢٥ و ٢٦ی شوباتی ١٩٤١ مانگرتنێکی گشتی لە شاری ئەمستەردام دژی خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ جوولەکەکانی شارەکە ئەنجام درا.

سـاڵی ١٩٤٣ له هۆڵەندا مـانگرتنی گـشـتی یان وردتر بڵـێین شـەپۆلی مـانگرتنەکـان کـە لە ٢٩ی نیـسـان تا ٨ی ئایار لـە هەندێ شـار ڕوویان دا، زۆربەی ئەو کـرێکارە پیـشـەسـازییـانەی گـرتەوە کـە سـەرکـۆنەی گـرتنی شەڕاوەرە دێرینە هۆڵەندایییەکانیان کرد لە ئەڵمانیا.

هەروەها لە کۆپنهاگن، مـانگرتنی گشـتی دژ بە داگیـرکـردنـی دانیمـارک لەلایەن نازییەکانەوە ئەنجام درا و لە ٣٠ی حوزەیران تا ٤ی تەمووزی ١٩٤٤ بەردەوام بـوو بەمــەبەسـتی نـاچارکـردنـی دەســەڵاتدارانـی داگـیـرکــەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی باری نائاسایی و بردنەدەرەوەی فیرقە سەربازییە فاشییە دانیمـارکییـەکە لە وڵات. لە ئەنجامی دانوستـاندنەکاندا لایەنی ئەڵمـانیـایی هەندێ لە داواکارییەکانی جێبەجێ کرد.

مـانگرتنە گشـتیـیـەکان ڕۆڵێکی زۆر گـرینگیـان لە چەندان شـار و گوندا هەبوو لەکاتی شـۆڕشی حوزەیرانی ١٩٥٣ لە ئەڵمـانیـای ڕۆژهەڵات. هەروەها لە ئەنجامی مـانگرتنێکی گشـتی لە هایتی لە شـوباتی ١٩٥٧، بیـار لویسی سەرۆکی کاتیی وڵات لە پۆستەکەی دوور خرایەوە.

## یەکخستنی مانگرتن و داخستنە ئابوورییەکان

١- ڕاگرتنی خۆویستانەی ژیانی ئابووری "هارتاڵ"

مانگرتنی "هارتاڵ" شێوەیەکە لە شێوەکانی کاری ناتوندوتیژانە، لەڕێیەوە خۆویستانە ژیانی ئابووری لە ناوچەیەکدا ڕادەوەستێ، لەپێناو دەرخستنی تووڕەیی زۆر لە ڕووداو یان سیاسەت یان بارودۆخێک.

ئەم ڕێگەیە بۆ بەکارهێنانی هەژموونی ئابووری بەکار نایەت، بگرە بۆ دەربڕینی دڵتەنگی یان لێبڕان یان بێزاری یان هەستە ئەخلاقی یاخۆ ئاینییەکانە بەرامبەر پرسێکی دیاریکراو. ئەگەرچی سرووشتی ئەم ڕێگەیە تا ڕادەیەکی زۆر ئابوورییانەیە، بەڵام کاریگەرییەکەی شێوەی نارەزاییی ڕەمزی وەردەگرێ. ماوەی مانگرتنی هارتاڵ تا ڕادەیەک کورتە و زیاتر لە ٢٤ سەعات ناخایەنێ و لەوانەیە دەگمەن بۆ ٤٨ سەعات درێژ بکرێتەوە، یان لە هەندێ دۆخی مەترسیداردا بۆ ماوەی زیاتر لەوەیش.

ئەم مانگرتنە بەزۆری تەواوی شار یان گوندێک دەگرێتەوە. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە ناوچەیەکی زیاتر دابپۆشێ و لەوانەشە سەرتاسەری وڵات بگرێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی لەم مانگرتنەدا پێداگری لەسەر سرووشتە خۆویستانەکەی دەکرێ زیاتر لەوەی لە مانگرتنی گشتیدا پێداگریی لەسەر دەکرێ، تەنانەت کارنەکردنی کرێکارەکانیش پاش ئەوە دەبێ کە مۆڵەت لە خاوەنکارەکە وەردەگرن. زیاد لەوە، خاوەن کۆگە بازرگانییەکان و پیاوانی کاریش بە داخستنی دامەزراوە و کارگەکانیان بەشداریی ئەم مانگرتنە دەکەن.

ئەم جۆر مانگرتنە یەکێکە لە شێوەکانی کاری ناتوندوتیژانە کە لە

هندسـتـانی کـۆندا بـاو بووه و دژ بە مـیـر یاخـۆ شـایەک بەکـار هـاتووه بۆ ئاگەدارکردنی لەوەی خەڵک لەگەڵ مەرسـوومێک نییە کە دەری کردووه یان لە هەر ڕێوشوێنێکی تری حکوومەتی.

هـەروەهـا لەکـاتی پرسـەی نیـشـتـمـانیـدا بەکـار هاتووه. گـاندیش لەو بزووتنەوه بەرگرییانەی سەرکردایەتیی کردن ئەم ڕێگە کۆنەی بەکار هێناوە. بەزۆری لەسـەرەتای بزووتنەوه خـەباتگێڕییەکـەدا ئەم ڕێگەیەی بەکـار دەهێنا لەپـێنـاو پـاککردنـەوەی دڵ و دەروونـی بـەشـــدارانـی بـزووتـنـەوەکـــە و تاقیکردنەوەی هەسـتیـان دەربارەی بابەتە بەردەسـتەکە و بزواندنی خـەیاڵی گــەل و دەســەڵات. بـۆ نموونـە ئەم ڕێگـەیە لـە ســەرەتـای ئەو هـەڵمــەتـی بەرگـریکردنەی سـەرانسـەری هندی گـرتەوه دژ بە یاسـاکـانی ڕۆلات سـاڵی ۱۹۱۹، هەروەهـا لـە سـەرەتـا و لەکـاتی هەڵمـەتی بەرگـرییـەکـەدا لە سـاڵانی ۱۹۳۰ و ۱۹۳۱ بەمـەبەسـتی بەدەسـتـهـێنانی سـەربـەخـۆیی، بەتایبـەت بۆ دەربڕینی ناڕەزایی دژ بە گرتنی چەند سەرکردەیەکی دیار.

۲- ڕاگرتنی چالاکیی ئابووری

کـاتێ کـرێکاران مـان دەگـرن چالاکـیی ئابووری دەوەسـتێ و پەککەوتنی ئابووریی لێ دەکەوێتەوه، هەروەهـا ئیدارییـەکان و پیاوانی کار و دامـەزراوه بازرگانییەکان و خـاوەن شوێنە بازرگانییەکانیش لە هەمـان کاتدا چالاکییە ئابوورییـەکانیـان ڕادەگرن. ئـەم ڕێگەیە تایبـەتمەندییـەکانـی مـانگرتنەکان و بایکۆتکردنە ئابـوورییەکانی هەیە. لەوانەیە لەکاتی مـانگرتنە گشتییـەکاندا مــەیل بەلای ئـەم ئاراســتــەیەدا بچـێ لەپێناو بـەدیهـێنانـی ئەم ئـامــانجــە سیـاسییـانەی گەل پشـتیـوانییان لێدەکا. ڕێگەکانی وەسـتاندنی چالاکیی ئابووری لەسـەر بـنچـینـەی ڕادەی بەدەمـەوەهاتنی لەلایەن کـەرتـە ئابوورییـە جیـاوازەکان و ڕادەی بەشداریی پیـاوانی کار و ئیدارییەکان و هی تر تێیدا، هـەروەهـا ڕادەی بەشداریکردن لە مانگرتنە گشتییەکەدا، جیاواز دەبێ.

له کۆتاکانی ساڵی ١٩٠٥، وەستاندنی چالاکیی ئابووری هۆکارێکی بنەڕەتی بوو لەوەی فینلەندا توانیی سەربەخۆییی خۆی لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی رووسیادا بەدەست بێنێتەوە. خاوەنکارە فینلەندایییەکان پاڵپشتیی خۆیان دەربڕی بەوەی بەدرێژاییی ماوەی مانگرتنەکە کرێی کرێکارەکانیان خەرج دەکرد.

جاکسۆن لەبارەی ئەم بابەتەوە دەنووسێ و دەڵێ: شەمەندەفەرەکان لەکار وەستان، هێڵەکانی پێوەندیی تەلەگراف بێدەنگ بوون و کارگەکان خاڵی بوون لە کرێکار. هەموو ئەندامانی گەل خۆبەخۆ شوێن ئەم دەستپێشخەرییە کەوتن: کۆگە بازرگانییەکان و قوتابخانەکان و چێشتخانەکان دەرگەکانیان داخست. پیاوانی پۆلیس مانیان گرت، قوتابییانی زانکۆ چەند لێژنەیەکیان بۆ پاراستنی سیستم پێک هێنا. هیچ خوێنێک نەڕژا، بەرگریەکی نێگەتیڤ بوو کە هەموو نەتەوە پشتگیریی دەکرد.

پاش شەش ڕۆژ، حکوومەتی قەیسەری ڕێگەی دا بە پێکهێنانی حکوومەتێکی دەستووری لەڕێی هەڵبژاردنێکی گشتییەوە، ئەگەرچی حکوومەتەکەی قەیسەر دوای تێپەڕینی چەند ساڵێک هەوڵی دا فینلەندا وەک دەوڵەتێکی سەر بە ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا بخاتە سەر ڕووسیا.

له شاری ئەسبرگ-دانیمارک لە ١١ی تەمووزی ١٩٤٣ دەست بە جێبەجێکردنی ڕێگەی وەستاندنی چالاکیی ئابووری کرا و کرێکاران و بەرپرسانیان لە ماڵەکانیان مانەوە و بازرگانەکان دوکانەکانیان داخست. لە شاری برنت یان برنس لە هایتی، لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٦ جەنەراڵ پۆڵ ماگلیۆری سەرکۆمار لە ساڵی ١٩٤٦وە ڕووبەڕووی وەستاندنی چالاکیی ئابووری لەدژی هەموارکردنی یاسای باری نائاسایی بووەوە. هەڵمەتەکە مانگرتنێکی گشتیی کرێکاران و داخستنی دامەزراوە بازرگانییەکان لەلایەن خاوەنەکانیانی لەخۆ گرت. بەنێزیکەیی هەمو کۆمپانیاکان وەستان، جگە لە وێستگەکانی فرۆشتنی بەنزین و کارگەکانی زەیت و حەوزەکانی

دروستکردن و چاککردنەوەی کەشتی. فەمانبەرانی حکوومەت مانیان گرت، پارێزەران گتیان کرد لە پارێزبەندیکردن لەبەردەم دادگەکاندا، هەروەها لە چەند نەخۆشخانەیەکیش مانگرتن ئەنجام درا.

بەرگریکردنەکە بەتەواوی نێگەتیڤ بوو. زۆر بەسادەیی، هاوولاتییان کارەکانیان بەجێ هێشت. پاش دەست لەکارکێشانەوەی ماگلیۆر لە سەرۆکایەتیی کۆمار لە ١٢ی کانوونی یەکەم، وەستاندنی چالاکیی ئابووری درێژەی کێشا بەمەبەستی ناچارکردنی بۆ دەستکێشانەوە لە پۆستەکەی لە سوپایشدا. پاش ئەوەی سوپا و باڵیۆزی پاپەوی پشتگیرییان کرد ئەو داوایەش هاتە دی.

لە ١٤ی کانوونی یەکەم، راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان باسیان لەوە کرد ماگلیۆر ولاتی بەرەو تاراوگە لە جامایکا بەجێ هێشت.

لەکاتی خەباتی بووزییەکان دژ بە ریژیمی دیام لە ساڵی ١٩٦٣دا، زۆربەی دوکانە بازرگانییەکانی شاری هوی لانی کەم لە دوو بۆنەدا بۆ پشتگیری لە بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆن دەرگەکانیان داخست، لەگەڵ ئەوەی هێشتا روون نەبوو ئاخۆ هەندێ کەرتی تری ئابووریی شارەکە چالاکیی خۆیان راگرتووە یان نا.

هەندێ نموونەی مانگرتنەکان دەریدەخا بۆ ئامانجی سیاسی بەکار هاتوون. لە هەندێ حاڵەتدا، وەک ئەوکاتەی فەرمانبەرانی حکوومی مان دەگرن، رووداوەکان لەگەڵ رواڵەتەکانی بایکۆتکردنی سیاسی تێکەڵ دەبن. لەبارێکدا هەندێ رێگەی مانگرتن نایاسایین، یان وێرای فەرمانەکانی حکوومەت بەردەوام دەبن، وەک ئەو کاتەی بەمەبەستی رووخاندنی ریژیمی دەسەڵاتدار چالاکیی ئابووری رادەگیرێ، بە روونی رواڵەتەکانی بایکۆتکردنی ئابووری و سیاسی دەبینین.

پێڕست


زانکۆی "ئۆنور" ........ 5
ناتوندوتیژی بە زوانی کوردی ........ 8
دەسپێک ........ 17
بەشی یەکەم: بایکۆتکردنی ئابووری ........ 21
پێشەکی ........ 23
کارەکانی بەکاربەران ........ 28
ئەو کارانەی کرێکار و بەرهەمهێنەران دەیکەن ........ 45
ئەو کارانەی میانەکان ئەنجامیان دەدەن ........ 49
ئەو کارانەی خاوەن و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکان ئەنجامیان دەدەن ........ 54
ئەو کارانەی خاوەن سەرچاوە داراییەکان پێیان هەڵدەستن ........ 59
ئەو کارانەی حکوومەتەکان دەیانکەن ........ 74
بەشی دووەم: مانگرتن ........ 83
پێشەکی ........ 85
مانگرتنە ڕەمزییەکان ........ 87
مانگرتنە کشتوکاڵیەکان ........ 92
ئەو مانگرتنانەی هەندێ دەستەی تایبەت ئەنجامیان دەدەن ........ 98
مانگرتنە سنووردارەکان ........ 106
مانگرتنەکان لە چەند کەرتێکی پیشەسازیدا ........ 119
یەکخستنی مانگرتن و داخستنە ئابوورییەکان ........ 124